

دیمـــانەی تایبەت

گوڵان

ژمارە (٧٩٥)
٢٠١٠/٨/٢٣

## له دیمانه‌یه‌كی تایبه‌تی گۆڤاری گوڵاندا عه‌دنان كه‌ریم:

# داوا له‌ په‌رله‌مانی كوردستان ده‌كه‌م له‌ ده‌ركردنی یاسایه‌ك بۆ پاراستنی فه‌رهه‌نگی كوردی په‌له‌ بكات

سه‌ده‌یه‌ك زیاتر به‌ر له‌ ئێستا نالی خۆی به‌ قوربانی تۆزی رێگه‌ی ئه‌و كه‌سه‌ ده‌كات كه‌ به‌ بای نه‌سیم په‌یامه‌كه‌ی به‌ سلێمانی بگه‌یه‌نێت، گه‌رووی هونه‌رییانه‌ی عه‌دنان كه‌ریم به‌دڵسۆزییه‌وه‌ ئه‌م په‌یامه‌ی نالی شاعیری گه‌یانده‌ هه‌موو شاری شاره‌زوور، له‌ هه‌مان كاتدا توانی وه‌ڵامه‌كه‌ی سالمیش بۆ نالی بنێرێته‌وه‌ و چامه‌كانیان له‌ یادوه‌ری مێژووییدا زیندوو بكاته‌وه‌، (نه‌كی نه‌كی)هه‌وڵێكی سه‌ركه‌وتوانه‌ی تری ئه‌م گۆرانیبێژه‌یه‌ بۆ زیندوو راگرتنی ره‌سه‌نایه‌تی هونه‌ری باكووری كوردستان كه‌ به‌م گۆرانییه‌ی عه‌دنانه‌وه‌ به‌ بیر خه‌ڵكی باكوور و گشت پارچه‌كانی دیكه‌ دێته‌وه‌، وه‌ك رێزگرتنێك روو له‌ خاڵه‌ تایه‌رتۆفیق ده‌كات و باس له‌ چه‌هچه‌ی بولبول و ئاه و ناڵه‌كانی ده‌كات، له‌وێوه‌ به‌ بۆنی به‌هاره‌وه‌ چه‌پكێك نێرگز و شه‌هلا پێشكه‌ش به‌ شاری كه‌ركوك ده‌كات و به‌ شانازی ژین و شنه‌ی عه‌شق و ئه‌وین وه‌سفی ده‌كات و په‌یامی گه‌رمیانی زامداری پێده‌گه‌یه‌نێت ودواتر به‌ گوڕه‌وه‌ له‌وێوه‌ به‌ره‌و ئازادی هه‌نگاو ده‌نێت و رۆحێكی نوێ به‌ هونه‌ری ره‌سه‌نی كوردی ده‌به‌خشێته‌وه‌ كه‌ بۆ ئه‌و كاتانه‌ی ئه‌وسا و ئێستاش زۆر پێویستن.

ئینجا به‌ دیده‌نی ماملێ شاد ده‌بێته‌وه‌ و له‌لایه‌ن (كامكاران)ه‌وه‌ ده‌نگه‌سۆزئامێزه‌كه‌ی له‌ باوه‌ش ده‌گیرێت، چڕینی گۆرانی له‌پاڵ چه‌نگه‌كه‌ی تارا جاف و ده‌نگه‌ ده‌گمه‌ن و ئاوازه‌كه‌ی تاقی ده‌كاته‌وه‌ و پرۆژه‌ بۆ دووباره‌بوونه‌وه‌ی گۆرانی تر داده‌نێن.

ئێستاش عه‌دنان كه‌ریم چه‌پكێك له‌ شاكاره‌ نه‌مره‌كانی (وه‌فایی) شاعیری ئاماده‌ كردووه‌ و هه‌ر به‌ ناوی (وه‌فایی)ه‌وه‌ له‌ دوای ته‌جره‌به‌كه‌ی پێشووی نالی و سالمه‌وه‌ به‌م ئه‌زموونه‌شیه‌وه‌ دووباره‌ لاوانی كوردو گوێبیستانی ره‌سه‌نێتی هونه‌ری گۆرانی كوردی سه‌رله‌نوێ پێ ئاشنا ده‌كاته‌وه‌ و چه‌مكێك له‌و په‌رێزه‌ كه‌م ده‌ست لێنه‌دراوه‌ زیندووده‌كاته‌وه‌.

له‌ دیمانه‌یه‌كی تایبه‌ت به‌ گۆڤاری گوڵان عه‌دنان كه‌ریمی هونه‌رمه‌ند هه‌ندێ تیشكی خسته‌ چه‌ند لایه‌نێكی ئه‌و به‌رهه‌مه‌ تازه‌یه‌ و گفتوگۆیه‌كی هونه‌ری له‌نێوانماندا دروست بوو، له‌ كاتی وتووێژدا ساده‌یی و ته‌وازوعێكی زۆری پێوه‌ دیار بوو، هه‌ر ئه‌م ساده‌ییه‌ له‌ هه‌ڵسوكه‌وت و قووڵییه‌ له‌ ره‌هه‌نده‌ هونه‌رییه‌كان هونه‌ری گۆرانی وتنی ئه‌م زاته‌دا گه‌وره‌یی عه‌دنان كه‌ریمی هونه‌رمه‌ندمان بۆ ده‌رده‌خات.

لێره‌دا جێگای خۆیه‌تی سوپاسێكی بێپایانی مامۆستا مه‌لا عومه‌ر چه‌نگیانی بكه‌ین كه‌ بۆ به‌ هۆكارێك بۆ سازدانی ئه‌م دیمانه‌یه‌.

دیمانه‌:
خه‌لیل بله‌یی
فۆتۆ:
كه‌مال ئاكره‌یی



*** لە کاتی ڕێزلێنانەکە، کاتێك ئەو جەماوەرە زۆرەت بینی کە زۆربەیان گەنج بوون، هەستت بەچی دەکرد، ئایا پێشبینی ڕوودانی ئەم حاڵەتەت دەکرد؟**

-بۆ من سوپرایزێکی گەورە بوو، من کە ساڵانە دێمەوە ئەو گەنجانە دەبینم هەمیشە خۆشەویستی و موحیبەتی خۆیان بۆ من و هونەرەکەم دەردەبڕن، بەڵام ئامادەبوونی ئەمجارەیان هەستێکی وای لا دروست کردم،کە بڵێم بەڕاستی گەنجی کورد بەو شێوەیە نییە کە لە هەندێ ڕاگەیاندنەوە باسی لێوە دەکەن و خەریکە کار دەکەن جیایان بکەنەوە لە جدییەت.

خەریکە وایان لێدەکەن و دەڵێن گەنجی کورد یاخییە، نەزانە، نازانێت شیعر چییە، گۆرانی سادە و شیعری سادەی پێویستە. کۆمەڵێك ناسنامەیان داناوە بۆ گەنجی کورد کە لە سووکایەتی پێکردنەوە نزیکن، ئێمەش خۆمان گەنج بووین کاتێك کە ئیشمان کردووە حسابمان بۆ جدییەت کردووە، شیعرمان خوێندۆتەوە، من پێموایە ئەو توانایە لە گەنجی کورددا ماوە و هەر دەشمێنێ، نەوە لە دوای نەوە ڕێچکەی خۆی دەگرێت . لەبەر ئەمەشە ئەو گەنجانەی گۆرانی منیان دەوتەوە و ئەو کەسانەی ئامادەبوون. ئەو هەستەیان لا دروست کردم کە ئەو هونەرەی من پێشکەشم کردووە، بە ڕوونی گەیشتووە بە جەماوەر. جەماوەریش هونەرەکەی منیان قبوڵە.

***مەراسیمی ڕێزلێنانی تۆ لەلایەن ڕێکخراوێکەوە ئەنجامدرا، بەڵام ئەگەر ئەو ڕێزلێنانەکە لەلایەن لایەنێکی پێوەندیداری هونەرییەوە بوایە باشتر نەبوو؟**

-دیارە حکومەت و لایەنی پێوەندیدار بیریان لەوە نەکردۆتەوە، جەماوەرەکە خۆی لە ڕێگای سەنتەرێکی گەنجانەوە کە سەنتەری ڕۆشنبیری هەناسەیە ولە کۆمەڵێك گەنج پێکهاتووە ئەو مەراسیمەیان ساز کردوە. داوەتنامەیان بۆ زۆر بنکە و لایەن ناردبوو، ئەو سەنتەر و بنکانەی بڕیاریان دابوو خەڵات پێشکەش بکەن ژمارەیان زۆر نەبوو نزیکەی دوازدە تا سێزدە بنکە بوون، بەڵام ئەو ڕۆژە هەستم کرد و بینیم ئەوەی هاتبوو شتێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو، زۆربەیان گوڵێکیان پێبوو، هەندێکیان کاری دەستی خۆیان هێنابوو. ئەوە هەمووی نیشانەی خۆشەویستی جەماوەرە بۆ من، ئەوانەی هاتبوون لەهەر پلە و پایەیەك بووبن بە شێوەیەك ڕێزیان لێگرتم نەمدەزانی چۆن هەستی خۆمیان بۆ دەربڕم. خەڵاتەکان ئەگەر گوڵ بووبێتن یان کارێکی دەستی خۆیان بێت بۆ من گەورەترین سەروەت و سامانێکی مەعنەوییە.

*** پێش دوو ساڵ لەگەڵ شاندێکی پەروەردەی سویدی سەردانی کوردستانتان کرد، ئەو سەردانە پێوەندی بە پەروەردەو فێرکردنەوە هەبوو یان لایەنی پەروەردەی هونەری؟**

-زیاتر پەروەردەیی بوو، ئەو لایەنەش هاتبوون بۆ ئەوەی هەندێك لایەنی پەروەردەیی ئێرە و سوید تێکەڵ بکەین و بیگۆڕینەوە تاکو بتوانین کاریگەرییەکی باش لەسەر پەروەردەی ئێرە دروست بکەین. وەك دەزانین بنەمای دروستبوونی کۆمەڵگایەکی دروست لە باخچەی ساوایان و قوتابخانەوە دەست پێدەکات و کاریگەرییەکی زۆری هەیە لەسەر داهاتووی کۆمەڵگا. ئەو وەفدە لە چەند مامۆستایەك پێکهاتبوون، دوای گەڕانەوە بۆ سوید سەبارەت بە پێشکەوتنی کوردستان هەستێکی جوانیان لا دروست بوو هیوادارم کە هەمیشە ئەو شاندانە لە ئەورووپاوە بێنەوە کوردستان و زانستی خۆیان ئاڵوگۆڕ بکەن.

***وەك دەزانین سەرەتا بەشێوەیەکی ئەکادیمی لە هونەری شێوەکارییەوە دەستت بە کاری هونەری کردووە، ئایا مۆسیقا و گۆرانی نەبووە هۆی دابڕانت لە شێوەکاری؟**

- شێوەکاری بەشێکە لەژیانی من، بەڵام من زیاتر خۆم لە گۆرانی و مۆسیقادا دۆزیوەتەوە و کاتەکەشم زیاتر بۆ گۆرانی تەرخان کردووە. ئێستاش کە دادەنیشم بە عیشقەوە تابلۆیەك دەکێشم ناڵێم بە هەمان شێوەی گۆرانیەکەوە کاتی خۆمی بۆ تەرخان دەکەم، بەڵام هەر تابلۆ دەکێشم، هۆی نەچوونیشم بۆ بەشی مۆسیقا لەبەر ئەوە بوو ئەو کاتە بەشی مۆسیقا لە پەیمانگادا دانەمەزرابوو.

*** کەسانێك هەن دەڵێن ئەو شیعرە کلاسیکیانە لەگەڵ ئەم سەردەمە ناگونجێن، لە وەڵامی ئەمانە چی دەڵێی؟**

- نازانم ئەم کەسانە بە چ پێوەرێك ئەم جۆرە قسانە دەکەن، ئایا چوونەتە ناو خەڵك و ڕاپرسیەك بکەن ئایا ڕایان چییە دەربارەی شیعرەکان یان لەخۆیانەوە قسە دەکەن و خۆیان حەزیان لێی نییە . هاتنەوەی ئەمجارە و ئەو ژمارە زۆرەی گەنجان کە شیعری گۆرانیەکانی منیان دەوتەوە باشترین وەڵامە بۆ ئەو کەسانەی دەڵێن ئایا خەڵك لەو جۆرە شیعرانە تێدەگات یان تێناگات ..؟!

ئەو کەسانەی ئەو قسانە دەکەن لەوانەیە ڕاستەوخۆ زیاتر مەبەستیان لە گۆرانییەکانی من بێت، لەبەر ئەوەی دەزانن کە من زیاتر شیعر و گۆرانی کلاسیك پێشکەش دەکەم، بەڵام ئایا ئەو گۆرانییانە لەنێو خەڵك چەند شوێنی خۆیان کردۆتەوە، ئەمە خۆی وەڵامێکە بۆ ئەو کەسانە، چونکە گۆرانییەکانم بە شێوەیەکی زۆر باش لەناو دڵی خەڵکدا جێگای خۆیان گرتووە.

تاکە کەسێك ناتوانێت لە جیاتی کۆمەڵگایەك بڕیار بدات و کە قسەیەکیش دەکات دەبێت بیر لە ئاکامانجەکەی بکاتەوە و باشتروایە بچێ ڕاپرسییەك ئەنجام بدات.

*** ماوەیەك لەمەوبەر دیمانەیەکمان لەگەڵ هونەرمەندی گەورە(مەزهەری خالقی) ئەنجامداوە، بە بێ ئەوەی ناوی تۆ بهێنین وتویەتی ((تا هونەرمەندی وەك عەدنان کەریم هەبێت گوناهە بڵێین هونەری کوردی لەقەیراندایە))، ئەو وتەیەی مامۆستا مەزهەری خالقی چۆن هەڵدەسەنگێنی؟**

-هەموو وتەیەکی مامۆستا مەزهەری خالقی بە مەدالیایەکی گەورەی ڕۆحی هونەری دادەنێم، چونکە ئەو بۆ من نموونەیەکی زۆر بەرزی هونەرە، هەر کاتێك من دەگەڕێمەوە کوردستان ئەگەر هەفتەی یەکەم بە هاتنەوەمی نەزانیبێت یەکسەر پێم دەڵێ: ئەوە چەندە هاتوویتەوە و بێ ئەوەی پێی بڵێم، خۆی دەیزانی چەند دەبێ هاتومەتەوە، مامۆستا مەزهەر زۆر خۆشەویستە لای من و ئەو شەهادەیەش کەلەسەر هونەری من بیدات بۆ من مانایەکی زۆر گەورە دەبەخشێت. لەژیانیدا ئەو خزمەتێکی زۆری هونەری کوردی کردووە و ئێستاش هەر بەردەوامە و ئێمە لەسەر هەناسە و عەشقی دەنگی خالقی پەروەردە کراوین.

***ئەو شیعرە کلاسیکیانەی تۆ دەیانکەی بە گۆرانی زۆربەیان تەسەوفیان تێدایە، چۆن توانیوتە وای لێبکەی بەبێ جیاوازی کاریگەری لەسەر گەنج و پیر دروست بکات؟**

- متەسەوف زیاتر ئەو کەسانەن کە زۆربەی کات گۆشەگیرن و زیاتر دەیانەوێ بە ئیلاهی خۆیان بگەن، ئەو کەسانەن کە دوورە پەرێزن و لەگەڵ خۆیاندا دەچنە خەڵوەتەوە، بۆ نموونە ئەگەر لە سەردەمی خۆیاندا شیعری کلاسیکییان گوتبێت بە رووحێکی تەسەوفییەوە کردبێتیان، تۆ ئێستا جارێکی دیکە لە

...ەکاری بەشێکە
...یانی من، بەڵام
...زیاتر خۆم لە
...انی و مۆسیقادا
...دۆزیوەتەوە

...رانییەکانم بە
...ێوەیەکی زۆر
...ش لەناو دڵی
...ەڵکدا جێگای
...ۆیان گرتووە

...ێمە لەسەر
...اسە و عەشقی
...ەنگی خالقی
...ورەردە کراوین

...ۆ ئامێرێکی
...ۆسیقا بژەنی
...ولبولەکان
...ات دەدەنەوە،
...ەمە یەکێکە
...و نموونانەی
...کە سروشت
...ادەی هەموو
...ە جوانەکانە

ئاوازێکی نوێدا دایبڕێژیتەوە، دنیایەکی تر وەردەگرێت، چونکە دنیای ئێستا دنیایەکی ترە، بەڵام من بڕوام بەوە هەیە کە تەسەوف لە هەموو زەمەن و کاتێکدا مانایەکی تایبەتی خۆی هەیە. زۆر جار لەدنیای تەنیایی بوونی شاعیراندا لەو سەردەمانەدا کە شیعریان نووسیوەتەوە ئەوەندە بە ڕوحێکی پاك و جوان و بێگەردەوە شیعریان نووسیوەتەوە ئەو شیعرانە بە نەمری ماونەتەوە تا ئێستاش و دڵنیام بۆ هەزاران ساڵی تریش دەمێنێتەوە، چونکە شیعری کلاسیك شرۆڤەی دەروونی مرۆڤە هەر بۆیەش کە ئێستا شیعرێکی نالی یان کوردی یان سالم دەخوێنیتەوە بۆت دەردەکەوێت چەند بە هەستێکی پاك و ڕاستگۆیانە و بەزمانێکی بەلاغەتی زۆر بەرزەوە توانیویانە شیعر بنووسن. هیچ یەکێك لە شاعیرانی کلاسیکی کۆن لە چوار زمان کەمتریان نەزانیوە (تورکی، فارسی، عەرەبی، و زمانی خۆمان کوردی)، ئەمە وای کردووە زۆر بەڕاستگۆیانە شیعرێك دابڕێژن کە گوزارشت لە هەست و ناخی دەروونی خۆیان بکەن هەر بۆیەش بە نەمری دەمێننەوە.

*** سروشت چ کاریگەری هەیە لەسەر گۆرانییەکانی عەدنان کەریم؟**

- سروشت زادەی هەموو شتێکە، زادەی شیعرە، زادەی هەستە، زادەی مۆسیقایە، تۆ ئامێرێکی مۆسیقا بژەنی بولبولەکان وەڵامت دەدەنەوە.

***نالی و سالم دوو شاعیری گەورەی کوردن، چۆن بیرت لەوە کردەوە چامەی ئەو دوو شاعیرە بە نەوەی نوێ بناسێنی؟**

-ئەو چامەیەی نالی نزیکەی سەدو پەنجا ساڵ لەمەوبەر نووسراوەتەوە، شاعیرێکی وەکو نالی دوو سەد ساڵ بەر لە ئێستا لە دایك بووە، نالی وەك شاعیرێکی گەڕۆك بە هەموو دنیادا گەڕاوە، بەتایبەتی دەوڵەتانی دەوروبەرمان، چۆتە تاران و سنە و تورکیا و شام و مەککە و گەڕاوەتەوە شام. ئەمە بۆتە هۆی ئەوەی لەو دوورە وڵاتییە تووشی حاڵەتێکی غوربەتی گەورەی رووحی ببێت. نالی لەو سەردەمەدا کە عوسمانییەکان پەلاماری میرنشینی بابان دەدەن شیعرێك وەکو بای نەسیم بۆ کوردستان دەنێرێت و هەواڵی شاری سلێمانی دەپرسێت، جوانییەکەشی لەوەدایە ئەو هەستە پاکەی نالی لە دوورەوە ئاواش بە گومانە لە پاکی




خۆی هەر بۆیەش دڵی کە گە یشتیتە ئەو ئاوە خۆت بشۆ کە ئەو تاهیرە و تۆ تەهوور، کە دڵی ئەو تاهیرە و تۆ تەهوور بە هەستی خۆی ئەمەی ناردووە، ئەوەندە دەوڵەتی خۆی خۆشدەوێ دڵی: بەو ئاوە خۆت بشۆ ئەوج پێت بنێ خاکی سلێمانییەوە بچۆ بۆ خان و کەسەکانی و ە ك

شێخ عەباس و چەندین شوێن



و کوچە و کۆڵانەکانی سلێمانی.ئەمە هەستێکی غەریبیە کە هەواڵی وڵاتی خۆی دەپرسێت لە دەست زوڵم و زۆرداری. کاتێك کە هونەرمەندێك ئەو شیعرە دەخوێنێتەوە دەکەوێتە ناو بابەتەکەوە و خۆی لەناویدا دەبینێتەوە. هەر شیعرێك ئەگەر هونەرمەند خۆی لەناویدا نەبینێتەوە ناتوانێت ببێ بە ئاوازێکی سەرکەوتوو و پەیامەکەی بگەیەنێت. ماوەیەك نەهاتبوومەوە کوردستان هەرچەند ئەو شیعرەم دەخوێندەوە فرمێسك لەچاوما دەهاتە خوارەوە منیش هەمان پرسیاری نالیم دەکرد. بەڵام کە شیعرەکە دەگاتە سلێمانی و سالم دەیخوێنێتەوە و وەڵامی دەداتەوە، سالم شاکارێك دەنووسێت هیچی لەوەی نالی کەمتر نییە. بارودۆخی شاری پێدەڵێت کە چۆن عوسمانیەکان خۆشییان تێدا نەهێشتووە و چیهری هونەر بەرەو لەناچوون دەچێت و هەموو شتێك خراپ بووە، هەروەها ئەو چامەیە وشەی زۆر قورسی تێدایە جاری وا هەیە بۆ گوێگر ئاسان نییە تێی بگات، بەڵام ئەمە دەبێتە قوتابخانەیەك بۆ ئەوەی ببێتە دەرگایەك و بچێتە ناو دنیای زانستەوە. لەهەموو شیعرێکی کلاسیکدا چەند پرسیارێك هەیە لە ڕێگای فەرهەنگ و کەسانی شارەزاوە وەڵامت دەست دەکەوێت کەواتە ئەگەر ئەو چامەیە بخوێنیتەوە مەعریفەتت زیاد دەکات و زیاتر حەقیقەتەکانت بۆ ڕوون دەبێتەوە هەر ئەوەشە مەبەستی من لە بەکارهێنانی شیعری کلاسیکیدا.

*** باسی غوربەتت کرد، ئایا غوربەت و دووری هۆکارێك بوون لە بەهێزتر بوونی هونەری عەدنان کەریمدا؟**

- بەدڵنیاییەوە هۆکارێکی گەورە بوون مرۆڤ کە لەدوورەوە سەیری وڵاتی خۆی دەکات جوانتر دەیبینێت، بەڵام کە خۆت لەناو وڵاتەکەتدا بیت لەوانەیە ئەو هەموو جوانیانە بەو شێوە نەبینیت کە لەدورەوە هەستی پێدەکەیت. چونکە هەموو جوانییەك کە ڕۆژانە بیبینیت ناگات بەو جوانیەی لەدوورییەوە دەیبینیت کە هەمیشە دەبێتە هەوێنی ئیلهام وداهێنان. بۆ نموونە شاعیرێکی وەك مامۆستا هێمن دێتە باشووری کوردستان شیعر بۆ ڕۆژهەڵات دەنووسێت، حاجی قادری کۆیی دەچێتە ئەستەنبول و شیعر بۆ زێدی خۆی دەنووسێت.نالی دەچێتە شام و شیعر بۆ

ەر شیعرێک
ەر هونەرمەند
ۆی لەناویدا
نەبینێتەوە
اتوانێت ببێ
ە ئاوازێکی
سەرکەوتوو
 پەیامەکەی
بگەیەنێت

 مرۆڤ کە
لەدوورەوە
یری دەوڵەتی
خۆی دەکات
انتر دەیبینێت

دنیادا بگەڕێی
بەتایبەتی
ە پایتەختە
لتووریەکاندا
ڵێ کامکاران
ێن یەکسەر
ت دەڵێن کە
ویێکی کوردین

**کامکاران بە ش
زانستییەکە
هارمۆنی( باس
سۆپرانۆ )
یان بە یەکە
بەکارهێناو
وهارمۆنییەکەش
خستۆتە نا
یەکەوە**

**هیوادارم خەڵ
بەرهەمی کۆپ
نەکڕن بۆ ئەو
مافی هونەرم
نەسووتێت**

**تارا خان
هونەرمەندێک
زۆر هەست نا
کە کورد بتوان
شانازی پێو
بکات و تاک
ئافرەتی کور
کە چەنگ بژە**



ولاّتی خۆی دەنووسێت، سالم دەچێتە تاران و خواخوایەتی بگەڕێتەوە سلێمانی و شیعر بۆ ولاّت دەنووسێت..

ئەمە پرۆسەیەکە بۆ هەموو مرۆڤێك وایە بەتایبەتی شاعیر و نووسەر و هونەرمەندان کە غوربەت زۆر کاریگەری هەیە بەسەرشیعر و جوانیی هزرییانەوە.

*** دوا بەرهەمت لەگەڵ کامکاران بوو، هۆکاری کارکردنت لەگەڵ ئەوان بۆچی دەگەڕێتەوە و کامکاران چۆن دەبینیت؟**

-بە ڕای من کامکاران پێناسە و ڕەمزی مۆسیقای کوردین، لە دنیادا بگەڕێی بەتایبەتی لە پایتەختە کەلتووریەکاندا بلێی کامکاران کێن یەکسەر پێت دەڵێن کە گرووپێکی کوردین. تاکە گرووپن بە جلی کوردییەوە لە ئاهەنگی خەلاّت کردنی شیرین عەبادی چوونەتە مەراسیمی خەلاّتی نۆبلەوە و مۆسیقایان دەژەنی و گۆرانییان پێشکەش کرد، ئەمە خۆی لەخۆیدا پێناسەیەکی گەورەی هونەری کوردییە و ناسنامەی میللەتێکیشە، بە دنیا دەڵێن ئێمە مۆسیقایەکمان هەیەو ئەمەش مۆسیقاکەمانە، کە ئەوانم هەڵبژارد و پێوەندیم پێوە کردن بەخۆشحاڵییەوە وەلاّمیان دامەوە ئەمە بۆ من شانازییەکی بێ وێنەیە بە ماوەیەکی دیاریکراو کارەکانیان بەوپەڕی پرۆفیشناڵییەوە ئەنجام دەدەن. من کە ئاوازەکانمیان بۆ دەنێرم ئەوان لە ماوەیەکی کورتدا ئاوازەکان هەڵدەبژێرن و لە ماوەی شەش مانگدا وەلاّمم دەدەنەوە و دەڵێن خۆت ئامادە بکە بۆ تۆمار کردن، ئەمە مایەی خۆشحاڵییە، هەندێ جار لەهەندێ شوێن بۆ یەك گۆرانی دەبێت ساڵێك چاوەڕوان بیت، بەداخەوە هەندێك جار لە کوردستان بێبەڵێنی هەیەو خەریکە دەبێتە کەلتوورێك. هیوادارم هەموو تاکێکی کورد پابەند بێت بە بەڵێنی خۆی بۆ ئەوەی کۆمەڵگایەکی تەندروست بەرهەم بێت.

*** هەندێ کەس پێیان وابوو مۆسیقاکەیان زاڵ بوو بەسەر دەنگی تۆدا، چی دەڵێی لە وەلاّمی ئەمانەدا؟**

-ئەوە بۆ من جێگای پرسیارە من هەستم بەوە نەکردووە.زۆربەی گۆرانییەکان لەسەر زاری خەڵك بوون و بەخێرایی بلاّو بوونەوە، بۆ نموونە گۆرانی (لەو ڕۆژەوەی تۆی دیوە پەرێشانە دڵی من) زۆربەی خەڵك لەسەر زاریان بووە، بە هەمان شێوە (لە شەوی تاریك و نم نمەی باران، نەکی نەکی ) لەباکوری کوردستان لای خەڵك زۆر خۆش بوو، ئەمانە هۆکارێکن بۆ سەرکەوتنی کارەکە. من وا هەست دەکەم ئەمە لەوانەیە ڕای چەند موزیکژەنێکە کە نەشیان توانیوە بیخەنە سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکانیش وبەشێوەیەکی زانستی شیبکەنەوە و بیسەلمێنن. ئەوەی کە دەیبینین بەتایبەت مۆسیقای باشووری کوردستان نزیکە لە عەرەبی یان بەتەواوی تورکییە.لە مۆسیقای عەرەبیدا کۆرسی پیاو و ژن یەك شت ئەڵێن، بەلاّم کامکاران بە شێوە زانستییەکەی هارمۆنی( باس، سۆپرانۆ )یان بە یەکەوە بەکارهێناوە وهارمۆنییەکەشیان خستۆتە ناو یەکەوە و مافی خۆیان پێداوە، لەوانەیە گوێی ئەو موزیکزانانە بەوە ئاشنا نەبێت و پێیان وابێت ئەگەر دەنگی هارمۆنی لەناو گۆرانیدا هەبوو ئیتر دەنگی گۆرانیبێژ دەکوژێت، بەلاّم من تێناگەم ئەگەر دەنگێ گۆرانیبێژ دەکوژێت بۆچی خەڵکەکە بە شیعر و ئاوازەوە لەبەریان کردون؟!.

***لەگەڵ تارا جافیش کارت کردووە، ئەمە چۆن بوو، ڕات چییە بەرامبەر تارا جاف؟**

- تارا خان هونەرمەندێکی زۆر هەست ناسکە کە کورد بتوانێت شانازی پێوە بکات و تاکە ئافرەتی کوردە کە چەنگ بژەنێت، لەڕێگای کۆنسێرتێکەوە لە لەندەن یەکترمان ناسی، ئامێرەکەی زۆر ڕۆحییە و خۆیشی هەستێکی پاك و جوانی هەیە و بڕواشم بەوە هەیە زۆر گۆرانی هەیە تەنیا بە یەك ئامێرەوە جوانە. پێم وت گۆرانییەکی مامڵێ هەیە حەز دەکەم بەیەکەوە بیڵێین ئەویش پێی خۆش بوو کاتێك لەکۆنسێرتەکەدا گۆرانییەکەمان وت هەستێکی سەیر ئامادەبووانی داپۆشی و بێدەنگ بوون. دەنگی تارا زۆر جوان و ڕوحانییە، بە

پەرلەمانی
وردستان زوو
یاری فرەژنی
ردەکات، بەلاّم
بۆپاراستنی
ەهەنگی کوردی
یچ بڕیارێک
دەرناکات

رانییەکی نوێم
ۆمار کرد لە
ۆلونیا کە لە
عری عەبدوڵلا
ێوە و مۆسیقا
ابەشکردنەکەی
ڕەنج شەمسە





ئیعتیرافی خۆیشی هەست دەکەم دەنگی من گونجاوە لەگەڵ ئامێرەکەی ئەودا و لە بەرنامەمدایە بۆ ئایندە بە یەکەوە کارێکی تر بکەین.

*** بیستوومانە کاتی خۆی بۆ ئەنجامدانی کارەکانی خۆت ستۆدیۆیەکت دروست کرد بوو، دەکرێ بۆ خوێنەران باسی ئەم ستۆدیۆیە بکەی؟**

- سەردەمێك بوو کە زانستی ئەندازیاری دەنگیم دەخوێند لەسوید، کاتێکیش سیدی (شنەی با)م بڵاوکردەوە هەستم دەکرد پارەیەکی زۆری تێدەچوو. بۆیە لەگەڵ چەند برادەرێك توانیمان ئەو سیدییە و سیدی (ئەرۆی ئۆغر، شەوی یەڵدا) ئەمانە هەموویان من خۆم تۆمارم کردن کەسانی وەك گۆران کامیل، غەمگین فەرەج، هەژار زەهاوی، فەرهاد محەمەد ئەو خۆشەویستانە هەموویان هاوکارم بوون، کاتی خۆی ئەو کارانەمان کرد بۆ ئەوەی خەرجی زۆری تێنەچێت، ئێستا ژیانەکە باشترە هیچ نەبێ ئەو بەرهەمەی تۆماری دەکەی دەفرۆشرێت، بەڵام هیوادارم خەڵك بەرهەمی کۆپی نەکرن بۆ ئەوەی مافی هونەرمەند نەسووتێت، بۆ ئەوەی بتوانم کاری پرۆفیشناڵ پێشکەش بکەم، ستۆدیۆیەکی سادەیە و ئەگەر هەندێکی کاری خۆشمی تێدا بکەم، بەڵام ناتوانم هەموو کارێکی تێدا بکەم .

***ئایا پێشێل کردنی مافی هونەرمەند تەنیا کۆپی کردنە ؟**

- نەخێر تەنیا کۆپی کردن نییە، رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانیش کە بەرهەمە هونەرییەکان بڵاو دەکەنەوە، مافی هونەرمەندان بپارێزن، پاراستنی پێویستی بە بڕیارێکە لەلایەن پەرلەمانەوە دەربچێت. بەداخەوە پەرلەمانی کوردستان زوو بڕیاری فەرژنی دەردەکات، بەڵام بۆپاراستنی فەرهەنگی کوردی هیچ بڕیارێك دەرناکات، ئەوە دووەم جارە ئەو پەیامە بۆ پەرلەمان دەنێرم کە بە زووترین کات دانیشتنێکی تایبەت بۆ ئەو یاسایە تەرخان بکەن کە داڕێژراوە و پێشکەش کراوە.هیوادارم مافی هونەرمەند بپارێزرێت ئەویش لەرێگای چوارچێوەیەکی یاسایی لەلایەن پەرلەمانەوە، بەڵام نزیکەی چوار ساڵە ئەو یاسایەیان لایە و فەرامۆشیان کردووە، هیوادارم پەرلەمان بیر لە پاراستنی فەرهەنگی نەتەوەی کورد بکاتەوە.

*** جگە لە کۆپی کردن بوونی لایەنێك بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبوومی هونەرمەندان تاچەند گرنگە؟**

-لەراستیدا زۆر کۆمپانیا هەن سپۆنسەرن ئەوە کارێکی زۆر باشە، بەرهەمی نوێم لەگەڵ کامکاراندا ئاسیاسێڵ سپۆنسەری سەرەکیەتی و هەولێداوە بەبێ هیچ بەرامبەرێك پشتگیری بەرهەمەکە بکات و سەنتەری (ئارۆ) بڵاوی دەکاتەوە. بۆ ئەمانە گرێبەستی نووسراو هەیە لەنێوانماندا. هیوادارم لەمەودوا بەو سیستەمە تێپەڕێت و کارەکان بچنە پێشەوە و هونەرمەند پێویستی بە هیچ کەس و لایەنێك نەبێت بچێت داوای یارمەتی بکات. ئێستا کۆمپانیای کوردی هەیە پشتگیری هونەرمەندان دەکەن بە بەرهەمەکەی منیشەوە، هەروەها گۆرانییەکی نوێشم تۆمار کرد لە پۆڵۆنیا کە لە شیعری عەبدوڵڵا پەشێوە و مۆسیقا و دابەشکردنەکەی هی رەنج شەمسە، ئەو گۆرانییە بە سپۆنسەری گرووپی قەیوان بوو، جێگای خۆیەتی من دەستخۆشییان لێبکەم و ناویان بهێنم لەهەموو دەزگا ڕاگەیاندنەکاندا کە ببێتە هۆی بەرەو پێشبردنی فەرهەنگی کوردی و کۆمپانیاکانیش چاو لەوان بکەن و یارمەتی هونەرمەندانی تر بدەن.

***لەکەرکوك لەدایك بوویت و لەسلێمانی گەورە بوویت، ئەو دوو شارە چ جێگایەکیان هەیە لەناو دڵی تۆدا؟**

- من لە شاری کەرکوك لە تەپەی مەلا عەبدوڵڵا لە دایك بووم، باوکم خەڵکی شارباژێڕە، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و پەیمانگای هونەرە جوانەکانم لەسلێمانی تەواو کردووە و دایکم لێرە لە سلێمانی دەژی . کەرکوك و سلێمانی بۆ من خۆشەویست و دایکن، شارباژێڕیش بەهەمان شێوە، خۆم بە کوڕی هەموو کوردستان دەزانم، هەر بەش و شارێك بێت، هەولێر هەر خۆشەویستە، دهۆك و سابڵاخ و دیاربەکر و قامیشلۆ هەمووی وڵاتی منە و منیش کوڕی ئەم وڵاتەم.

***دەکرێت هەندێ باسی بەرهەمی داهاتووت بکەیت؟**

- ئەم بەرهەمە پێکهاتووە لە ٨ تراك و بەرهەمەکەش بە ناوی (وەفایی)ە ئەم ناوەش دوای راوێژ کردن لەگەڵ هەندێك هاوڕێی خۆشەویستم بەتایبەتی کاك یاسین قادر بەرزنجی هات، وتی حەز دەکەم ئەم ناوەی لێ بنێن، چونکە شیعری (وەفایی)م لەم ئەلبوومەدا وتووە، هەموو ئاوازەکان هی خۆمە تەنیا یەکیان هی فۆلکلۆری ناوچەی هەورامانە، مامۆستا هۆشەنگ کامکار دابەشکردنی مۆسیقای سێ گۆرانی کردووە و ئەرسەلان و ئەردەوان کامکار هەریەکیان دابەشکردنی مۆسیقای دوو گۆرانی و کاك ئەردەشیر یەك گۆرانی دابەشکردووە، بەشێوەی ئۆرکێسترا کارەکانیان تێکەڵ بە ئامێرەکانی خۆیان کردووە، بەرهەمەکەش بە سپۆنسەری کۆمپانیا ئاسیا سێڵە و بنکەی (ئارۆ) ئەرکی بڵاوکردنەوەی لە ئەستۆ گرتووە.

*** بەرهەمی پێشووت زۆر سەرکەوتوو بوو، چیت کردووە تاکو سیدی (وەفایی) لەئاستی بەرهەمی پێشووتر بەرزتر بێت؟**

-ئەوەی من بیستوومە خەڵك و جەماوەر وا پێناسەی من دەکەن کە لە کارەکانمدا بەرهەم لەدوای بەرهەم باشتر دەبن، منیش هەوڵ دەدەم پێناسە و بۆچوونی ئەوان پەسند بکەم. هونەرمەندیش کاتێك جەماوەری زیاتر دەبێت وەك شەرمێك بەرامبەر جەماوەر و کارەکانی رۆژ دوای رۆژ کاری سەختتر دەبێت. کاری ساڵی پێشوو بەو شێوازە هارمۆنییەی کە کامکاران کردبوویان، ئەمساڵ داوام لێکردن کارەکەمان زیاتر سەمفۆنیك و کلاسیك بێت، ئیتر دەزانم کاری داهاتووم گرانتر دەبێت مرۆڤ نازانێت چیتر بکات، هیوادارم تا بتوانم کاری باش بکەم، ئەگەر هونەرمەند بە پەرۆشی کارەکەی بێت ئەوا رۆژ دوای رۆژ کارەکەی سەختتر دەبێت.

***پەیامی تۆ بۆ ئێمە زۆر گرنگە، چ پەیامێکت هەیە؟**

-پەیامی من ئەوەیە دەبێت ڕاگەیاندنی کوردی بەخۆیدا بچێتەوە، هیوادارم ڕاگەیاندنی کوردی بەتایبەتی تەلەفزیۆنەکان خاوەنی کەسایەتی خۆیان بن نەك کە سەیری بکەین هەست بکەین سەیری کەناڵێکی تورکی یان عەرەبی دەکەین. پێویستە کورد داهێنانی خۆی هەبێت، من ناڵێم کاریگەری نییە، بەڵام با ڕاگەیاندنی کوردی هەوڵ بدات قوڵ ببێتەوە بەناو کەسایەتی خۆیدا و بتوانێت ڕاگەیاندنێکی کوردییانەی رەسەن پێشکەش بکات، تەلەفزیۆنەکان کار و گۆرانی خراپ بڵاو دەکەنەوە، ئەوەندەی کارێکی جوان بڵاو دەکەنەوە پەنجا کاری خراپ بڵاو دەکەنەوە. تۆ نابینی لەتەلەفزیۆنێکی جیهانی هەموو هونەرمەندێك رێگای پێبدرێت کاری خۆی نمایش بکات، لای ئێمە هەموو کەسێك دەتوانێت بەماوەیەکی زۆر کورت ببێتە گۆرانیبێژ، تەلەفزیۆنی کوردی ڕیکلامی

ڕاگەیاندنی
ردی بەتایبەتی
لەفزیۆنەکان
ەنی کەسایەتی
یان بن نەك
سەیری بکەین
ەست بکەین
یری کەناڵێکی
ی یان عەرەبی
دەکەین

لەفزیۆنەکان
ئەوەندەی
کارێکی جوان
لاو دەکەنەوە
جا کاری خراپ
لاو دەکەنەوە

ون بە دەوڵەت
ئەوەیە تۆ
رهەنگێکی وات
بێت پێناسەی
میللەتەکەت
کات و بڵێی
مش ناسنامەی
میللەتەکەمە



بۆ دەکات و بەرزی دەکاتەوە، بەڵام ئەمە بەزیانی هونەرمەندەکە دەشکێتەوە، سەری لێ دەشێوێنێت، ئەمەش لە ئەنجامی نەزانینە، زۆربەی تەلەفزیۆنەکان کەسانی پسپۆڕ و شارەزا کاری تێدا ناکەن، هەندێ تەلەفزیۆن تەنیا سەیری وێنەی کلیپەکە دەکات بە بێ ئەوەی بایەخ بە تێکست و ئاواز بدات. ئەمەش زیانێکی گەورە لەمۆسیقای کوردی دەدات، ئێمە نەبووینەتە دەوڵەت، حیزبە کوردستانییەکان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە هەنگاوی بۆ دەنێن، هونەرمەندان و شاعیران و هەموو تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە خەون بەوە دەبینین ببین بە دەوڵەت. بوون بە دەوڵەت ئەوەیە تۆ فەرهەنگێکی وات هەبێت پێناسەی میللەتەکەت بکات و بڵێی ئەمەش ناسنامەی میللەتەکەمە، ئەمەش تەنیا بە سیاسەت ناکرێت. سینەماو گۆرانی کوردی دەتوانێت کاریگەری زۆری هەبێت لەناسینی ئێمە بەدنیای دەرەوە. لەم دواییە دەبینم لەڕێگای حکومەت و وەزارەتی ڕۆشنبیری و سەنتەرەکانەوە کەسانی پسپۆڕ گرووپ گرووپ دەچنە دەرەوە، گرووپی نالی چوونە ئۆکرانیا، گرووپی ژێدار و کۆراڵی کچانی سلێمانی چوونە نەمسا، کە ئەوە دەبینم بڕوا بکەن لە خۆشیان نازانم چیبکەم، هەست دەکەم خەریکە دەبینە دەوڵەت. فەرهەنگ کاریگەرییەکی زۆری هەیە، پەیامی من بۆ حزبە کوردستانیەکان و بۆ دەوڵەمەند و بازرگانان و کۆمپانیا گەورەکان ئەوەیە بە هەموو هێزێکیانەوە یارمەتی هونەرمەندان بدەن کە لە کوردستانەوە بچن هونەری خۆیان پیشانی میللەتانی دنیا بدەن و بڵێن ئەم هونەرەمان هەیە و ئەمە فەرهەنگمانە.

# کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا باری عێراقییەکان قورستر دەکات

## چەند پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دوابکەوێت هێندە ئاستی توندوتیژی بەرز دەبێتەوە



# دانیل سەروەر بۆ گوڵان:

# کوردەکان هۆکارێکی یارمەتیدەرن لە کۆکردنەوەی پارتە سیاسییەکانی عێراق لە پێناو پێکهێنانی حکومەتی داهاتوودا



دەرکەوت ئیدارەی سەرۆک ئۆباما پابەندە بە بەڵێنەکانی خۆی و لە وادەی دیاریکراوی خۆیدا هێزەکانی لە عێراق دەکێشێتەوە، پرۆفیسۆر دانیل سەروەر توێژەری بەناوبانگی ئامۆژگەی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ ئاشتی (USIP) لەسەرەتای ئەم مانگەدا و لە وتارێکیدا بۆ گۆڤاری فۆرین پۆلیسی ئەو نامە نهێنییەی ئاشکرا کرد کە سەرۆک ئۆباما بۆ ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی ناردووە، لەو نامەیەدا داوای لێکردووە کە داوا لە لایەنە عێراقییەکان بکات بۆ ئەوەی بەخێرایی حکومەتی داهاتووی عێراق پێکبهێنن، وەك لە گوتارەکانی ڕۆژی هەینی رابردووشدا ئاماژەی پێکرا بەوەی کاتی ئەوە هاتووە مەرجەعی گەورەی شیعە ئایەتوڵڵا سیستانی کارێك بکات، مانای وایە ئایەتوڵڵا سیستانی لەماوەی ئەم هەفتەیەدا پەیامی خۆی ئاراستەی لایەنە سیاسییەکانی عێراق بەگشتی و لایەنە سیاسییەکانی شیعە بە تایبەتی دەکات، بەتایبەتی کەلەم بارودۆخەدا وتووێژەکانی نێوان لیستی ئەلعراقیە و دەوڵەتی یاسا گەیشتوونەتە بن بەست و ڕۆژانەش بارودۆخی سیاسیی عێراق بەرەو ئاڵۆزبوونی زیاتر دەبەن، سەبارەت بەچۆنیەتی چارەسەری ئەم بارودۆخە، لە پرۆفیسۆر دانیل سەروەر توێژەری باڵای (USIP) یمان پرسی: تەنگژە و ئاڵۆزی نێوان لیستی ئەلعراقیە بە سەرۆکایەتی د.ئەیاد عەللاوی و لیستی دەوڵەتی یاسا بە سەرۆکایەتی د.نوری مالیکی، جارێکی دیکە عێراقییەکانی لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت نائومێد کردووە، ئایا چۆن ئەم ئاڵۆزییە خاو دەکرێتەوە؟ لەوەڵامدا پرۆفیسۆر سەروەر بەمجۆرە وەڵامی ئەم راپۆرتەی دایەوە و وتی: ((بارودۆخە سیاسییەکە تەنیا بە پێکهێنانی حکومەت هێور دەبێتەوە. هیوادارم بە ماوەیەکی کەم دوای مانگی رەمەزان ئەو حکومەتە پێکبهێنرێت. بەڵام هێوربوونەوەی دۆخی ئەمنی پێویستی بە هێزگەلێکی ئەمنی بەهێز هەیە کە سەرکردایەتییەکی باشیان هەبێت. هەروەها بەرپرسیارێتی سەرەکی دەکەوێتە ئەستۆی خودی عێراقییەکان خۆیان.

> **هێوربوونەوەی دۆخی ئەمنی پێویستی بە هێزگەلێکی ئەمنی بەهێز هەیە کە سەرکردایەتییەکی باشیان هەبێت**

> **وتووێژەکانی نێوان لیستی ئەلعراقیە و دەوڵەتی یاسا گەیشتوونەتە بن بەست و ڕۆژانەش بارودۆخی سیاسیی عێراق بەرەو ئاڵۆزبوونی زیاتر دەبەن**


باوەڕم وا نییە پارتە سیاسییەکانی عێراق پێویستیان بە یارمەتی هەبێت بۆ گەیشتن بە سەفقەیەك- ئەوان دەزانن چۆن بگەنە ڕێککەوتن. تێڕوانینی من ئەوەیە پێویستە ئەمەریکا زەمانەتی ئەوە بکات ئەو سیستەمە سیاسییەی ئێستا لە ئارادایە و تا رادەیەك سیستەمێکی دیموکراسیە، بەردەوام بێت. عێراقییەکان بەو شێوەیە ڕەفتار دەکەن وەك ئەوەی ئەمە دوایەمین دەرفەتی گرتنەدەستی دەسەڵات بێت، نەك ئەوەی ئەمە دەرفەتێك بێت بۆ حکومڕانی لە سیستەمێکی دیموکراتی درێژخایەندا. بەڵام ئەوەی ڕوونە ئەم دواخستنە یارمەتیدەر نابێت بۆ بەرەوپێشچوونی هێزە ئەمنییەکان و جێبەجێکردنی پلانەکانیان ئەگەر هاتوو تێڕوانین و ڕوئیایەکی درێژخایەن و سەرکردایەتی سیاسیان نەبوو. هەندێ کەس هەن هەوڵی سوودمەندبوون دەدەن لە نەبوونی حکومەت، ئەویش بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆیان لە ڕێی توندوتیژییەوە. داهاتووی عێراق لە مەترسیدا نییە، بەڵام دەتوانین بڵێین داهاتووی زۆرێك لە عێراقییەکان لە مەترسیدایە)).

هەر لەم چوارچێوەیەدا و سەبارەت بەرۆڵی فراکسیۆنی کوردستانی و بەشداریی کاریگەریان لە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەتدا، پرۆفیسۆر سەروەر بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە دەربڕی و وتی: ((کوردەکان هۆکارێکی یارمەتیدەرن لە کۆکردنەوەی پارتە سیاسییەکانی عێراقدا لە پێناو و پێکهێنانی حکومەتی داهاتوودا. جێی سەرسوڕمان دەبێت ئەگەر سەرۆك تاڵەبانی ڕۆڵێکی گرنگ نەبینێت، هەروەها زیاتر مایەی سەرسوڕمان دەبێت ئەگەر کوردەکان بەشێك نەبن لە حکومەتی داهاتوو. ئەمە ڕوونادات. کوردەکان پێگەیەکی باشیان هەیە لە عێراقدا: کەم تا زۆر خۆیان بە شێوەیەکی ئۆتۆنۆمی حکومڕانیی خۆیان دەکەن و هەروەها بەهۆی هێزە ئەمنییەکانی خۆیانەوە پارێزگاری لە خۆیان دەکەن، ئەمە لە کاتێکدا سیاسییەکانی کورد ڕۆڵێکی گرنگ و –بگرە حەیەوی- دەبینن لە بەغدا)).

هەر لە درێژەی ئەم وتووێژەی گوڵاندا پرسیاری ئەوەمان لێکرد ئایا کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا تاچ رادەیەك لەم بارودۆخەدا مەترسی لەسەر داهاتووی عێراق دروست دەکات؟ لەوەڵامدا دانیل سەروەر پێی ڕاگەیاندین: ((لە ڕاستیدا مەترسی ڕاستەقینە هەیە، بەڵام ئەمەریکا پابەندە بە کەمکردنەوەی هێزەکانی بۆ ٥٠،٠٠٠ سەرباز لە ١ی ئەیلولدا، هەروەها ئەمەریکا و عێراق ڕێککەوتنێکی ڕوونیان هەیە بۆ کەمکردنەوەی ئەو هێزانە کە دەبێت جێبەجێ بکرێت. بە هەمان شێوە حکومەتی عێراقی هەمیشە دەتوانێت داوای یارمەتی بکات زیاتر لەوەی لە ڕێککەوتنە ئەمنییەکەدا هاتووە، بەڵام هێشتا ئەم کارەی نەکردووە، لەلایەکی دیکەوە فەرماندە سەربازییەکانی ئەمەریکاش باوەڕیان وایە پێویست ناکات ئەمکارە بکەن. دووبارەی دەکەمەوە عێراق دەوڵەتێکی شکستخواردوو نییە،

هەروەها باوەڕم وانییە ببێتە دەوڵەتێکی شکستخواردوو. راستە ئەمنییەت و سەقامگیری وەک پێویست نین، بەڵام لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا بە شێوەیەکی بەرچاو بەرەوپێشچوون و ئەگەری ئەوەش هەیە لە داهاتوودا بەرەوپێشبچن. بەلای کەمەوە ئەمە ئومێدی منە)).

بەڵام حوسام ئەلعزاوی کە نوێنەری لیستی ئەلعراقییەیە سەبارەت بەرەوشی پرۆسەی سیاسیی ئێستای عێراق و لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ ئەم راپۆرتە، مەسەلەکە وادەبینێت کە کێشە و ئاڵۆزییەکانی ئێستای عێراق کۆمەڵێک کێشەی کەڵەکەبوون و هەموویان پەیوەست نین بە پێکهێنانی حکومەتەوە و لەمبارەوە وتی: ((مەسەلەکە تەنیا پێوەندیی بە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت نییە. ئەمڕۆ دانوستان و گفتوگۆ بەردەوامە لەنێوانی پارت و لایەنە سیاسییەکان، بەڵام بێگومان سستی هەیە لە پێکهێنانی حکومەت. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاکو ئەمڕۆ ش وتووێژی راستەقینە نەبووە لەبارەی پێکهێنانی حکومەت. لەماوەی ٢- ٣ رۆژی رابردوودا گفتوگۆ و وتووێژ بەردەوام هەبوو لەنێوانی لیستی «عێراقیە» و «هاوپەیمانی کوردستانی» و «ئیئتیلافی نیشتمانی» و «دەوڵەتی یاسا»، بەڵام نەمانتوانی بگەینە هیچ ئەنجامێک. کێشەی سەرەکی لە دواکەوتنی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت بریتییە لە دەستنیشانکردنی مافی راستەقینە لە پێکهێنانی حکومەت. هەر لایەنێک بە مافی خۆی دەیزانێت حکومەت پێکبهێنێت، بەڵام دەستوورەکە روون و ئاشکرایە، ئەویش ئەوەیە کە ئەو قەوارەیەی کە کورسییەکانی بەدەستهێناوە دەتوانێت حکومەت پێکبهێنێت. بەم دواییانەدا لیستی «عێراقییە» بە راستەقینە بەرجەستەی هاوبەشی نیشتمانی کردووە لەگەڵ «دەوڵەتی یاسا» و «هاوپەیمانی کوردستان» و چەندین جار و بەشێوەیەکی بەردەوام وتووێژی ئەنجامداوە. بێگومان بۆشایی سیاسی و ئاسایش کاریگەریی نێگەتیڤانەی لەسەر بوارەکانی سیاسی و ئابووریی وڵاتەکە دەبێت. هەروەک دەبینین ئەمڕۆ بەهۆی ئەو بۆشاییە سیاسییە



عارف تەیفور بۆ گوڵان:

# پێکهێنانی حکومەت بۆ دوای جەژنی رەمەزان دەمێنێتەوەو ئەستەمە لە ئێستادا حکومەت پێکبهێنرێت

کارە تیرۆریستییەکان رووی لە زیادبوون کردووە، لەبەر ئەوەی بەهۆی سستی پرۆسەی سیاسی لایەنەکانی ئاسایش و ئابووری و خزمەتگوزارییەکانی دووچاری زیان بوونەتەوە. بەڵام ئەمە کاری حکومەتی ئێستای عێراقە کە بەرپرسیارێتی دابینکردنی ئاسایش و ئارامی بۆ عێراق لەئەستۆبگرێت تاکو پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو. بەڵام لەو بڕوایەدانیم کە حکومەتی ئێستای عێراق ئەو توانایەی هەبێت لە کۆنترۆڵکردنی رەوشی ئاسایش و سەقامگیری، لەبەرئەوەی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش لەسەر بنەمایەکی پتەو و دروست بونیادنەنراوە، بۆ نموونە ئەوە نزیکەی ٤ ساڵە دەبینین حکومەت لە بوارەکانی ئابووری و دابینکردنی ئاسایش و خزمەتگوزارییەکان شکستێکی گەورەی بەدەستهێناوە، ملیارەها دۆلار

سەرفکراوە، بەڵام لەبەرئەوەی لەسەر بنەمایەکی نادروست بونیادنراوە، هەر بۆیە دەبینین کەموکورییەکی زۆر هەیە و تاکو ئەمڕۆ نەتوانراوە هیچ شتێك ئەنجام بدرێت. لەلایەنێکی ترەوە، هیوا دەخوازم لە سیاسەتوانەکانی عێراق نەکەونە ژێر کاریگەریی دەرەکی. بەداخەوە کاریگەریی دەرەکی و هەرێمی دەسەڵاتی بەسەر عێراق سەپاندووە لە بوارەکانی پرۆسەی سیاسی و باری ئابووری و رەوشی سیاسیی وڵاتەکە. هەر بۆیە هیوادارم سیاسەتوان و سەرکردەی پارت و لایەنە سیاسییەکان خۆیان لە کاریگەریی دەرەکی و هەرێمی ئازادبکەن و هەنگاوبنێن بەرەو ئاراستەکانی دانوستان و گفتوگۆ و وتووێژی بونیادنەر و باش بەشێوەیەك کە بەرژەوەندیی گەلی عێراق و وڵاتەکە دەستەبەربکەن، هەروەها بڕیارەکان بڕیاری عێراقی بێت و لەلایەنی عێراقییەکانەوە دەربچێت، نەك لەلایەن وڵاتێکی هەرێمی. هەڵبەتە هیچ گومانێك لەوەدا نییە کە ئێمە حەزدەکەین پێوەندییەکانمان لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ باش بێت، بەڵام بە مەرجێك ئەو پێوەندییە نەبێت بە دەستێوەردان لە کاروبارەکانی ناوخۆی عێراق، بەڵکو پێوەندییەکان لەسەر بنەماکانی بەرژەوەندی و تێگەیشتنی هاوبەش بونیادبنرێت. مێژوو و جوگرافیا ئەم واقیعەی لەسەرمان سەپاندووە و پێویستە پێوەندیی باشمان هەبێت لەگەڵ تەواوی وڵاتانی دراوسێ و هەرێمی، لەسەر بنەمای سیاسەتێکی دەرەکیی سەرکەوتوو)).

بەڵام لە حوسام عەزاویمان پرسی ئایا هێزەکانی عێراق ئامادەباشی ئەوەیان تێدایە کە دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بەرپرسیاریەتی ئاسایش و سەقامگیری عێراق لە ئەستۆ بگرن؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا عەزاوی بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە دەربڕی و وتی: ((پێموایە کە هێزەکانی عێراق هێشتا ئامادەنین بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی، پرسیارەکەش ئەوەیە کە ئیتر چۆن دەتوانێت ئاسایشی دەرەوە بپارێزێت؟ بەڵام بەداخەوە کێشەکە لەوەدایە کە دەبوایە حکومەتی عێراقی

هێوربوونەوەی دۆخی ئەمنی پێویستی بە هێزگەلێکی ئەمنی بەهێز هەیە کە سەرکردایەتییەکی باشیان هەبێت

پێویستە ئەمەریکا زەمانەتی ئەوە بکات ئەو سیستەمە سیاسییەی ئێستا لە ئارادایە و تا رادەیەک سیستمێکی دیموکراسیە، بەردەوام بێت

گوڵان
ژمارە (٧٩٥)
٢٠١٠/٨/٢٣




**حوسام ئەلعزاوی بۆ گوڵان:**

# هەوڵی لایەنی کوردستانی پەلەکردنە لە پێکهێنانی حکومەت و ئێمە وەک لیستی «ئەلعێراقیە» شانازی بەو هەوڵانەیان دەکەین

خشتەیەکی زەمەنیی پێشکەش بکردایە لەبارەی بونیادنانی هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش بەشێوەیەک کە هاوکات بوایە لەگەڵ ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، دەبوایە هاوسەنگییەك هەبووایە لەنێوانی کۆتایی هاتنی بونیادنانی هێزەکانی عێراق و خشتەی کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق. بەڵام ڕێککەوتن لەنێوانی عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەیە و پێویستە لەسەر ئەمەریکا پابەندبێت بە بەڵێنەکانی لەبارەی پاڵپشتیی ستراتیژی کە بریتییە لە پاڵپشتیکردنی عێراق لەڕووی سیاسی و ئاسایش و ئابوورییەوە، تا ئەو کاتەی کە عێراق کۆتایی دێنێت بە بونیادنانی هێزەکانی: هێزی سەربازی و سوپا بە کەرتەکانی دەریاوانی و ئاسمانی و زەوی. ئەمڕۆ لەبەرئەوەی هێزەکانمان بەتەواوەتی ئامادەنەبوونە و کەموکوڕیان هەیە، دەبینین هێزێکی دەریاوانیمان نییە بۆ پاراستنی ئاوە هەرێمییەکان و تەنانەت ڕووماڵێکی ئاسمانیشمان نییە بۆ پاراستنی ئاسمانی وڵاتەکە و دابینکردنی پاڵپشتیی لۆژیستی بۆ کەرتە سەربازییەکانی سەر زەوی، تەنانەت هێزەکانی سەر زەویش ئەو توانایەیان نییە بۆ دابینکردنی ئاسایشی ناوخۆیی. لەلایەکی ترەوە، عێراق تاکو ئەمڕۆش لەژێر بەندی ٧ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانە. هەر بۆیە مەسەلەکە پەیوەستە بە ڕێککەوتنی هاوبەش لەنێوانی عێراق و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبارەی پابەندبوون بە ڕێککەوتنی ستراتیژیی نێوان هەردوو لا و پاڵپشتیکردنی عێراق لەڕووی سیاسی و ئاسایش و ئابوورییەوە. پێموایە کە ئەمڕۆ لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، عێراق دووچاری بارودۆخێکی سەخت بۆتەوە، هەڵبەتە ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بکشێتەوە، بەڵام نەك بەو واتایەی کە کشانەوەیان بۆشایی دروستبکات و کاریگەریی لەسەر باری سیاسی و ئابووریی وڵات هەبێت. بەوشێوەیە، ئەمڕۆ عێراق دووچاری ٢ کێشە بووەتەوە: کێشەی پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی و کێشەی پێکهێنانی حکومەت. سەبارەت بە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت، پرۆسەکە پەیوەستە بە هاوبەشی لە بونیادنانی دەوڵەت و دامەزراوەکانی و لەسەر ئاستەکانی دۆسیەی ئاسایش و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و باری ئابووری و لەسەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەش. سیاسەتی دەرەوە تاکو ئەمڕۆش لەکارکەوتووە، سنووربەزاندنی گەورە بەرچاو هەیە لەنێوانی عێراق و وڵاتە هەرێمییەکانی دەوروبەری. هەر بۆیە پێموایە کە پێویستە لە قۆناغەکانی داهاتوودا ئەو فاکتەرانە ببەزێنین و هەنگاو بنێین بەرەو ئاراستەی بونیادنانی عێراقێکی بەهێز و سەقامگیر، وەدیهاتنی ئەم شتەش پەیوەستە بە سیاسەتوان و قەوارە سیاسییەکانی عێراق لەبارەی بونیادنانی دەوڵەت و دامەزراوەکان و گەشەپێدانی باری ئابووری و سیاسیی وڵاتەکە، لەگەڵ ڕەخساندنی خۆشگوزەرانی و هەل ودەرفەت بۆ هاووڵاتییەکان. لەلایەکی ترەوە، پێموایە کە پێویستە لەسەر عێراق پەیامێکی گرنگ بۆ وڵاتانی دراوسێ بنێرێت لەبارەی بەهێزکردنی پێوەندییەکانی لەگەڵ هەموو وڵاتانی دراوسێ و بۆ هەموویان بیسەلمێنێت کە عێراق وڵاتێکی بەهێزە و فاکتەرێکە بۆ سەقامگیری، نەك تەنیا بۆ خودی عێراق، بەڵکو بۆ وڵاتانی دراوسێ بەتایبەتی و بۆ هەموو ناوچەکە بەشێوەیەکی گشتی. ئەمە ئەرك و کاری سیاسەتوانە عێراقییەکانە و پێویستە کاری لەسەربکەن بۆئەوەی وڵاتانی دراوسێش هاوکار و دەستپێشخەربن لە پاراستنی ئاسایش و سەقامگیری و سەروەریی عێراق)).

هەر سەبارەت بە پرۆسەی سیاسی عێراق و ئەگەرەکانی داهاتوو و ئەو تەحەددییانەی ڕووبەڕووی پرۆسە سیاسەکە دەبنەوە، پرۆفیسۆر جاسیك کوگلەر ئوستادی زانستی سیاسەت لە زانکۆی میشیگان و تایبەتمەند لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا، لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ ئەم ڕاپۆرتە بەمجۆرە ڕا و سەرنجی خۆی خستە ڕوو و وتی: ((باوەڕم وایە پێکهێنانی حکومەتێکی سەقامگیر لە بەرژەوەندی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادایە، هەروەها پێکهێنانی حکومەتێك کە پشتیوانییەکی بەرفراوانی لێبکرێت لە بەرژەوەندی خەڵکی عێراقدایە. بەڵام دەبێت ئەوە ڕاستیەش بزانین ئەمە کێشەی خودی عێراقییەکان خۆیانە نەك ئەمەریکا. لەبەر ئەوە دەبێت عێراقییەکان پەلە بکەن لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەکی سەقامگیر، هۆکاری ئەوەی تا ئێستا ئەم کارە ئەنجام نەدراوە ئەوەیە هەموو لایەنەکان پێداگیری لە سەر هەڵوێستی خۆیان دەکەن و هیچ سازشێکی لەسەر ناکەن. کەواتە پێویست ناکات ئەم پرسیارانە ئاراستەی کەسانی دەرەوە بکەن، بەڵکو دەبێت ئەم پرسیارانە ڕووبەڕووی کەسانی ناوخۆیی وڵاتەکە بکەنەوە. چونکە بەرپرسیارێتی ئەوانە دۆخە ئەمنییەکە بپارێزن و عێراق لەو قەیرانە ڕزگار بکەن)).

بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر

پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز لە بەرژەوەندی ئەمەریکادا بێت ئایا تاچەند ئەمەریکا پشتگیری لەپێکهێنانی ئەم حکومەتە دەکات؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا پرۆفیسۆر کوگلەر پێی وتین: ((ئێوە پرسیارەکە ئاوەژو بکەنەوە، ئایا ئەگەر خەڵکی ئەمەریکا نەیانتوانی لەسەر پێکهێنانی حکومەت رێکبکەون ئایا دەتوانین بڵێین بەرپرسیارێتیەکە دەکەوێتە ئەستۆی عێراقییەکان؟ هەمان شت بۆ عێراق راست و دروستە، پێکهێنانی حکومەت بەرپرسیارێتی خەڵکی وڵاتەکەیە نەك ئەمەریکا. لەبەر ئەوە دەبێت چارەسەرێکی عێراقی بۆ ئەم کێشەیە بدۆزرێتەوە. راستە ئەمەریکا بەرژەوەندی لە دروستبوونی حکومەتێکی سەقامگیریدایە، بەڵام ئەمەریکا دەستێوەردان ناکات بۆ ئەوەی حکومەتێك دروست بکات کە دۆستی ئەمەریکا بێت، چونکە ئەم حکومەتە حکومەتێکی ناسەقامگیر دەبێت. هەروەها دەبێت ئەو راستیە بزانین ئەمەریکا بۆ هەتا هەتایە لە عێراقدا نامێنێتەوە، دووبارەی دەکەمەوە بەرپرسیارێتیەکە لە ئەستۆی خودی عێراقییەکان خۆیاندایە. لە عێراقدا هەڵبژاردنێکی دیموکراتی ئەنجامدرا، بەڵام بە داخەوە رێوشوێنی دیموکراسی پیادە نەکرا بۆ ئەوەی لە ماوەیەکی کورتدا حکومەت پێکبهێنرێت، ئێوە بڕوانن لە بەریتانیادا لە ماوەی سێ هەفتەدا دوو پارتی سیاسی بوونە هاوپەیمان و حکومەتیان پێکهێنا. پێموایە ئێوە ئەم پرسیارانە لە کەسێکی هەڵە دەکەن، چونکە ئێوە دەبێت ئەم پرسیارانە ئاڕاستەی کەسێك بکەن کە راسپاردەی هەبێت لە بارەی ئەوەی چ هاوپەیمانێتیەك ئەگەری سەرکەوتنی لێدەکرێت و دەبێت بە چ خێراییەك ئەو هاوپەیمانێتیە دروست بکرێت. بەڵام پرسیارەکەی ئێوە گریمانەی ئەوەی لە خۆیدا هەڵگرتووە کە عێراقییەکان ناتوانن بگەنە رێککەوتن لەسەر پێکهێنانی حکومەت، هاوڕانیم لەگەڵ ئەمەدا، پێموایە دەتوانرێت ئەو حکومەتە پێکبهێنرێت و کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکاش ئەم ئەگەرە بەهێز دەکات)).



سەردار عەبدوڵڵا بۆ گوڵان:

# ئێمە خاڵ بە خاڵی ئەو داواکاری و پێشنیازانەی بە لایەنەکانی دیکەمان داوە ئامادەین دانوستاندنی لەسەر بکەین

بۆ زیاتر بەدواداچوون و خستەرووی وردەکارییەکان و سەبارەت بەو چەق بەستنەی ئێستا پرۆسەی سیاسیی عێراقی گرتۆتەوە،بە تایبەتی کە ئێستا هەردوو لیستی ئەلعراقیە و دەوڵەتی یاسا دانوستاندنەکانیان راگرتووە؟ لەمبارەوە حوسام عەزاوی بەمجۆرە وەڵامیدایەوە و وتی: ((هەڵبەتە هێورکردنەوەی بارودۆخەکان پەیوەستە بە ئەنجامدانی وتووێژی راستەقینە لەگەڵ پێشخستنی بەرژەوەندیی عێراقییەکان و وڵاتەکە بەسەر بەرژەوەندیی کەسی و بەرژەوەندیی پارتە سیاسییەکان. ٧ ساڵە رژێمی دەسەڵاتدار لە عێراق گۆڕاوە، بەڵام بەداخەوە تاکو ئەمڕۆش تێکەڵبوونێکی ئاڵۆز هەیە لەنێو دۆسیەی ئاسایش و سیاسی و ئابووریی هاووڵاتییەکان. پێموایە کە چارەسەری کێشەکان پەیوەستە بە دەستنیشانکردنی بۆشاییەکان و لەوانەش دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت. دەستووری عێراقی روون و ئاشکرایە، بەڵام کێشەکە لێرەدا جێبەجێکردنی دەستوورە. لیستی «عێراقییە» زۆرینەی دەنگەکانی وەدەستهێناوە و تەنیا یەك کاندیدی هەیە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران، هەروەکو دەبینین ئەمڕۆ لیستی «دەوڵەتی یاسا» بەڕێز «مالیکی»ی کاندیدکردووە و «ئیئتیلاف» چەندین کاندیدی هەیە، «ئیئتیلاف» تاکو ئەمڕۆش لیژنەیەکی پێکنەهێناوە بۆ پۆلێنکردنی کاندیدەکانی خۆی. بەڵام لیستی «عێراقیە» هەڵوێستی خۆی ئاشکراکردووە، لێرەشدا مەبەستم ئەوە نییە کە پێکهێنانی حکومەت تەنیا لەلایەن لیستی «عێراقییە» دەبێت، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کە لیستی «عێراقییە» تەنیا یەك کاندیدی هەیە و ئەویش «د.عەللاوی»یە، چەند رۆژێك بەر لە ئێستا هەڵبژێردرا و منیش یەکێکم لە ئەندامەکانی لیژنەی رێکخستن و رێککەوتین کە جگە لە «د.ئەیاد عەللاوی» لیستی «عێراقیە» هیچ کاندیدێکی تری نییە بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران. بەڵام هاوکات ئەمە واتای ئەوە ناگەیەنێت کە لایەنەکانی تر فەرامۆش بکەین، بەڵکو ئێمە خاوەن خاڵی هاوبەشی زۆرین لەگەڵ «هاوپەیمانی کوردستانی» و هەروەها لەگەڵ «ئیئتیلاف»، تەنانەت لەگەڵ «دەوڵەتی یاسا»ش خاڵی هاوبەشی زۆر و فراوانمان هەیە. مەسەلەکە پەیوەستە بەوەی کە لە قۆناغەکانی داهاتوودا پێویستە بە بەشداربوونی هەموو لایەنێك بڕیارەکان دروستبکەین. لەمڕۆ و بەدواوە چیتر ناتوانرێ عێراقێکی بەهێز و خاوەن دامەزراوەی دروست بونیادبنرێت بە دوورخستنەوە و فەرامۆشکردنی لایەنێك لە لایەنە سیاسییەکان، هاوشێوە لەگەڵ ئەو شتەی کە لە رابردوو روویدا، هەروەها عێراق هەرگیز سەقامگیریی ئاسایش و سیاسی و ئابووری بەخۆیەوە نابینێت. تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت کە هەموو لایەنە سیاسییەکان بەشداربن لە بونیادنانی وڵاتەکە و دامەزراوەکانی و پتەوکردنی باری سیاسی و ئابووری و بەهێزکردنی رەوشی ئاسایش و

**هێزەکانی عێراق هێشتا ئامادەنین بۆ پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی، پرسیارەکەش ئەوەیە کە ئیتر چۆن دەتوانێت ئاسایشی دەرەوە بپارێزێت؟**

**ئێمە لەگەڵ ئەوەین کە هێزەکانی ئەمەریکا لە عێراق بکشێتەوە، بەڵام نەک بەو واتایەی کە کشانەوەیان بۆشایی دروستبکات و کاریگەریی لەسەر باری سیاسی و ئابووریی وڵات هەبێت**

گوڵان
ژمارە (٧٩٥)
٢٠١٠/٨/٢٣





دارا محەممەد بۆ گوڵان:

# ئەگەر مالیکی کۆمەڵێک پۆستی گرنگ بە سەدرییەکان بدات لەوانەیە لە بڕیارەکانیان پاشگەزببنەوە

ئەمڕۆ هاووڵاتییە عێراقییەکان باجی هەڵە و ڕەفتارە نادروستەکانی ڕابردوو دەدەن کاتێك کە لایەنێکی سیاسی فەرامۆش دەکرا و گەمە بە پرۆسەی سیاسیی عێراق دەکرا لەسەر بنەمای حزبی و تایفەگەری ...و تاد. بەڵام لە بواری بونیادنانی دەوڵەتدا، پێویستە ئەمجۆرە دیاردانە ببەزێنین و کاربکەین لەسەر نەهێشتنیان. هەروەها پێویستە لەسەر لایەنە سیاسییەکان و سەرکردەی قەوارەکان ئەم بەرپرسیارەتییە لەئەستۆبگرن، ئەمڕۆ سەرکردە سیاسییەکان و قەوارە و لایەنە سیاسییەکان و بەتایبەتی لیستە براوەکانی هەڵبژاردن لەبەردەم گەلی عێراقی بەرپرسیارن، بەشێوەیەك کە هەموویان کاربکەن لەپێناوی بەرژەوەندیی عێراقییەکان نەك شەڕ و ناکۆکییان هەبێت لەسەر کورسی و پۆستەکان و فەرامۆشکردنی بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراق. هەموو ئەو هەوڵ و کارانەی کە تاکو ئەمڕۆ لە عێراق ئەنجامدراوە لەپێناوی ئەم مەبەستە بووە. ئەگەر سیاسییەکانمان هەندە پەرۆشی پۆست و کورسین و نایانەوێ جێیبهێڵن، ئیتر پرۆسەکانی هەڵبژاردن چ واتایەکی هەبوو و بۆچی ئەنجامدرا؟ پرۆسەکانی هەڵبژاردن لە عێراق بەشێوەیەکی دیموکراسیانە بەڕێوەچووە بۆ گواستنەوەی دەسەڵات و جێگیرنەبوونی لە یەك دەست، دەکرا ئەم ئەزموونە دیموکراسییەی عێراق ببێت بە نموونە بۆ تەواوی وڵاتانی ناوچەکە. بەداخەوە نزیکەی ٥ مانگ تێپەڕیيە لەسەر هەڵبژاردنەکان و تاکو ئەمڕۆش نەتوانراوە حکومەت پێکبهێنرێت، سەرکردە سیاسییەکان و پارت و لایەنە سیاسییەکانی عێراق لەبەردەم گەلی عێراق بەرپرسیارن، لەبەرئەوەی ئەمڕۆ گەلی عێراق چاوەڕوانی ئەوانە بۆئەوەی حکومەت پێکبهێنن و گوزەرانیی عێراق و هاووڵاتیان و باری ئابووریان بەرەو باشتر ببەن. مایەی داخە کە ئەمڕۆ دەبینین کۆمەڵگەی عێراقی بە نائومێدییەوە لە پرۆسەی سیاسی و پێکهێنانی حکومەت دەڕوانن لەکاتێکدا کە باری گوزەرانی هاووڵاتییەکان لە بارودۆخێکی زۆر خراپدایە بەهۆی نەبوونی گەشەی ئابووری و خزمەتگوزارییەکان و نالەباری لە ڕەوشی ئارامی و ئاسایش و سەقامگیریی وڵاتەکە)).

هەموو بۆچوونەکان وێڕای جیاوازیان، بەڵام لە خاڵێکدا یەکدەگرنەوە و ئەویش ئەوەیە کە چارەسەری ئەم تەنگژەیە تەنیا پێکهێنانی حکومەتە بەخێرایی، بەڵام تا ئێستا زەمینەیەکی ئەوتۆ لەبار نییە کە جۆرە گەشبینییەك بۆ پێکهێنانی حکومەت دروست بکات.

### پرۆژەی فراکسیۆنی کوردستانی و ڕۆڵیان لە لێکنزیک کردنەوەی لایەنە عێراقییەکاندا

لایەنی کوردستانی دەمێکە ئەو ڕاستییەی بەهەموو لایەك ڕاگەیاندووە، کە بەشێك نییە لە کێشەکە، بەڵکو بەشێکە لەچارەسەر و لەپێناوی چارەسەرکردنی تەنگژەکان و لێکنزیك کردنەوەی لایەنەکانیشدا هەموو کات دەستپێشخەر بووە و ئەمجارەش بۆ ئەوەی عێراق لەم تەنگژەیە ڕزگاری بێت، پرۆژەیەکی پێشکەش کردووە بۆ ئەوەی ببێتە بنەمایەك و لایەنە عێراقییەکان لەدەوری ئەو پرۆژەیە کۆبکاتەوە. سەبارەت بە پرۆژەی لایەنی کوردستانی، حوسام عەزاوی نوێنەری لیستی ئەلعراقیە بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی لەسەر ئەو پرۆژەیە بۆ ئەم ڕاپۆرتە خستە ڕوو وتی: ((ئێمە پرۆژەکەی لیستی کوردستانیمان خوێندەوە و ئێستا لیستی «عێراقیە» سەرقاڵی تاوتوێکردنی پێشنیارەکەیە و دوایی لە ڕێگەی «تیمی دانوستان» وەڵامی خۆی لەسەر دەداتەوە. بێگومان «هاوپەیمانی کوردستانی» پێشتر و ئێستاش و تەنانەت لە داهاتووشدا هەمیشە فاکتەرێکی سەرەکی و گرنگ و کاریگەرن لە بونیادنانی پرۆسەی سیاسی عێراق و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت. لیستی «عێراقیە» پەیوەندیی بەهێز و پتەوی لەگەڵ «هاوپەیمانی کوردستانی» هەیە و چەندین خاڵی هاوبەشی زۆر لەنێوانیاندا هەیە کە هەردوولایان پێکەوە کۆدەکاتەوە، هیواداریین ئەم پەیوەندییانە بەردەوام بن و ئێمە هەمیشە کاردەکەین لەپێناوی هێشتنەوە و پتەوکردنی ئەو پەیوەندییانە. «هاوپەیمانی کوردستانی» هەمیشە هەوڵدەدات بۆ پەلەکردن لە پێکهێنانی حکومەت و هەمیشە خاوەن هەڵوێستی بەرزن و ئێمە لە لیستی «عێراقیە» هەست بە شانازی دەکەین بەرامبەر بەو هەڵوێستانە. هەر بۆیە پێشبینی دەکرێت ڕۆڵێکی گرنگیان هەبێت لە پرۆسەی سیاسی و لێکنزیك کردنەوەی بیروبۆچوونە جیاوازەکان و کۆکردنەوەی لایەنە سیاسییەکان. هەربۆیە ئێمە ڕێز لە هەموو بیروبۆچوونەکان دەگرین و ئەم بۆچوونانە مایەی ڕێز و لەبەرچاوگرتنە، بەڵام هەروەکو کە پێشتریش باسمکرد، ئەمڕۆ لە عێراقدا چەندین دیاردەی نادروست هەن، وەکو بۆشایی سیاسی و ناکۆکی لەنێوانی لایەن و قەوارە سیاسییەکان و تێکچوونی ڕەوشی ئاسایش و کشانەوەی باری ئابووری)).

سەبارەت بە کێشە و ناکۆکییەکان بەگشتی و وەستانی دانوستانەکانی نێوان لیستی ئەلعراقیە و دەوڵەتی یاسا،

دیدار نەجمان دۆسکی بۆ گوڵان:

# گرنگترین پێشنیازەکانی لایەنی کوردستانی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و دانپێنان بە دیموکراسی تەوافوقی



عـارف تـەیـفـور ئـەنـدامـی پەرلەمانی عێراق لە فراکسیۆنی کوردستانی لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ ئەم راپۆرتە وتی: ((لێدوانەکەی نوری مالیکی لەبارەی ئـەوەی لیستی ئەلعێراقیە لیستێکی سوننییە، راسـتـی وتـــووە زۆرینەی سوننەکان لەم لیستە کۆبوونەتەوە دەتوانین ناوی لێبنێین لیستی سوننەکانە، لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو لیستی دەوڵەتی یاساو ئیئتیلافی نیشتمانی دوو لیستی عەرەبی شیعەن و ئەمە راستیەکە و ناشاردرێتەوە، بۆ ئەوەی لیستی ئەلعێراقیە خۆیان لە دانوستاندنەکان بدزنەوەو ناکۆکی لەنێوان هەردوو لیستەکەی شیعە تەشەنە بکرێت و ئەو هاوپەیمانییەتیەی لەنێوان عەممار حەکیم و مالیکی هەیە، هەڵبووەشێتەوە و دەرفـەت لـەو ناکۆکیـانـە وەربگرن و خـۆیـان پـۆسـتـی سـەرۆک وەزیرانی داهـاتـووی عێراق وەربگرن، لەبەر ئەوە هەموو دانوستاندنێکی لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یاسا راگرت لەگەڵ ئەوەشدا ئەمە مەترسییەکی گەورە دروست دەکات و دەبێتە هـۆی ئـەوەی ناکۆکییەکانی نێوان لایەنەکان پتر پەرەبسەنێت بێئەوەی رەچاوی خراپی باری ئەمنی و سیاسیی و ئـابـووری بـکـەن، بـێ رەچاوکردنی بـارودۆخـی هـەمـەلایـەنـەی خراپی گەلانی عێراق، پێمـوایە ئـەم دۆخەش بەردەوام دەبێت و ژمارەیەك لە سەرکردە عێراقییەکان ئەوە ناشارنەوە کە تا دێت دۆخەکە پتر ئاڵۆز بێت، بۆیە پێموایە پێکهێنانی حکومەت بۆ دوای جەژنی رەمەزان دەمێنێتەوە ئەستەمە لە ئێستادا حکومەت پێکبهێنرێت، لە ئێستا بارێکی زۆر نالەبار چاوەڕوانی عێراق دەکات، بۆئەوەی لەم بارە دژوارە رزگارمان بێت، پێموایە بیرۆکەی دابەشکردنی عێراق بۆ سێ هەرێمی جودا تازە بکرێتەوە و هەر کەس و لایەنێك لە سنووری دەسەڵات و تـایـبـەی خـۆی هـەرێـمـەکـەی خۆی بەڕێوەببات و دوور بێت لە هەر جۆرە ئاریشەیەك)).

بـەڵام لـەم بـارۆدخـەدا کـە پرۆسە سیاسییەکە رۆژ لەدوای رۆژ ئاستەنگی بۆ دروست دەبێت، ئەمەریکا هێزەکانی خۆی کەمدەکاتەوە و بابەکر زێباریش سـەرۆکـی ئـەرکـانـی سـوپـای عێراق راشـکـاوانـە رایگەیاندووە کە هێزەکانی عێراق لەو ئاستە نین کە ئاسایشی عێراق بپارێزین، سەبارەت بەم پرسەش تەیفور پێی راگەیاندین: ((راستە بابەکر زێباری سـوپـاسـالاری عـێـراق لـە چـەنـد رۆژی رابـردوودا رایگەیاند هێزەکانی سوپای عێراق تا ساڵی ٢٠٢٠ توانای وەرگرتنەوەو لە ئەستۆگرتنی بـارودۆخـی تەناهیی لە عێراق نییە، ئەم لێدوانەی زێباری مشتومڕێکی زۆری لەنێو سەرکردە عێراقییەکان نایەوە، بە شێك لە سەرکردە ئەمریکی و ئەمینییە عێراقییەکان دانیان بە راستییەکانی لێدوانی زێباری داوە، لە بەرامبەر دا عارف تەیفوور دەڵێت» سوپاسالاری عێراق راستی وت سەبارەت بەوەی هێزە عێراقییەکان ناتوانن تا ساڵی ٢٠٢٠ئەمنییەتی عێراق بپارێزن، بەڵام بەشێك لـە سـەرکـردە عێراقییەکان وەك پروپاگەندەیەك بۆ پێکهێنانی حکومەت رەتی لێدوانەکەی زێباریان دایەوە، بۆیە لە ئێستادا ئەستەمە هێزە ئەمنییەکانی عێراق بتوانن تەناهی وڵات بپارێزن، لەبەر ئـەوە سـەرکـردە عێراقییەکان فەشەلیان هێناوە لە پێکهێنانی سوپایەك لە وڵات کەبتوانێت لەکاتی پێویستدا تەناهیی وڵات لە ئەستۆ بگرێت بێئەوەی پێویستیمان بە هێزی لایەنی دیکە هەبێت)).

هەر سەبارەت بـەوەی توانای هێزەکانی عێراق بۆ پاراستنی سەقامگیری دوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا و هەروەها کاردانەوەی لایەنە عێراقییەکان بەرامبەر بە پرۆژەکەی فراکسیۆنی کوردستانی، سـەردار عـەبـدوڵڵا ئـەنـدامـی شاندی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و نوێنـەری بـزووتـنـەوەی گـۆڕان وتی ((بەپێی ئەو زانیاریانەی لە بەردەست دا هەیە، سوپای عێراق تا چەندین ساڵی دیکە تـوانـای وەرگـرتـنـی ئـەمـنییەتی وڵاتی نییە، بۆیە رەنگە ئاڵۆزبوونی باری تەناهیی چاوەڕوان نەکرێت، لە ئێستادا ئیتلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان چاوەڕوانی وەڵامی لایەنەکانی دیکەیە، داواکـــاری و پـێـشـنـیـازەکـانـی کورد پرۆژەیەکی نیشتمانییە، وەڵام و تێبینی لایەنەکانی دیکە دەبـنـە بنەمایەك بۆ دەستپێکردنی دانوستاندنە رژدییەکان، بۆیە هەوڵمان داوە پرۆژەی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان بۆ سەرجەم لایەنەکان پرۆژەیەکی ناوەندیی بێت و لە پەراوێزی ئەو پرۆژەیەش مافەکانی کورد لە عێراق بە دەستبهێنین، خاڵێکی گرنگ هەیە کە دەمەوێت بە روونی ئاماژەی پێدەم، ئەویش ئەوەیە دانوستاندن جیایە لەگەڵ سـازش کـردن، بۆیە ئێمە خاڵ بە خاڵی ئەو داواکاری و پێشنیازانەی بە لایەنەکانی دیکەمان داوە ئامادەین دانوستاندنی لـەسـەر بکەین، بـەڵام بە هیچ شێوەیەك ئامادەنین سازش لەسەر هیچ مافە سەرەتایی و نەتەوایەتییەکانی خەڵکی کوردسـتـان لـە عـێـراق بکەین، ئێمە دانوستاندن بۆ دۆزینەوەی ئالیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان دەکەین، نەك لەسەر خـودی مافەکە، لەسەر خودی مافەکە سازش ناکەین)).

هاوپەیمانی کوردستانی» پێشتر و ئێستاش و تەنانەت لە داهاتووشدا هەمیشە فاکتەرێکی سەرەکی و گرنگ و کاریگەرن لە بونیادنانی پرۆسەی سیاسی عێراق و پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت

پێکهێنانی حکومەت بۆ دوای جەژنی رەمەزان دەمێنێتەوەو ئەستەمە لە ئێستادا حکومەت پێکبهێنرێت



جاسیک کوگلەر بۆ گوڵان:

# ئەگەر خەڵکی ئەمەریکا نەیانتوانی لەسەر پێکهێنانی حکومەت رێکبکەون ئایا دەتوانین بڵێین بەرپرسیارێتیەکە دەکەوێتە ئەستۆی عێراقیەکان؟ هەمان شت بۆ عێراق راست و دروستە

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا تاچەند ئەمەریکا دەتوانێت رۆڵی خۆی بگێرێت؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەشدا سەردار عەبدوڵڵا وتی: ((ئەمەریکا ئەو رۆڵەی پێشتر لە عێراق هەیبوو ئێستا نەیماوە، پێشتر لایەنگر و پێگەی یاسایی بەهێزتریشی لە عێراق هەبوو، بۆیە لە ئێستا ئەمەریکا پابەندە بە کۆمەڵێك رێککەوتن لەگەڵ عێراق بە تایبەت لەسەر کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، بۆیە بوونی لایەنی ئیقلیمی لە عێراق زیاتر بووە، هەندێك جار لایەنی ئیقلیمی رۆڵی سلبی دەگێرن لەوەی پرۆسەکە بەشێوەیەکی باش بەرێوەنەچێت)).

بەڵام لەنێو ئەم حاڵەتەدا کۆمەڵێك سیناریۆ و پێشنیاری تازە دەخرێنە روو وەك دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران و پێکهێنانی ئەنجومەنی سیاسی، پرسیار ئەوەیە ئایا تاچەند ئەم سیناریۆ و پێشنیارانە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت دەبێت؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا دارا محەمەد ئەندامی شاندی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستان وتی ((لەئێستادا باری هەمەلایەنەی عێراق لە تەنگژەدایە، راگرتنی دانوستاندنی نێوان ئەلعێراقیەو خستنەڕووی مەرجی سەدرییەکان لەسەر ئەوەی کە نابێت مالیکی دووبارە پۆستی سەرۆك وەزیران وەربگرێ، پێموایە ئەگەر مالیکی کۆمەڵێك پۆستی گرنگ بە سەدرییەکان بدات لەوانەیە لە بڕیارەکانیان پاشگەزببنەوە، ئەوەی بەلای ئەمەریکاییەکانەوە گرنگە لێك نزیکبوونەوەو پێکهێنانی حکومەتێکە بە بەشداریی لیستی ئەلعێراقیەو دەوڵەتی یاسا کە کاریگەریی خۆی هەیەو لایەنی ئەمریکی کاری لەسەر دەکات، لیستی ئەلعێراقە داوای دابەشکردنی دەسەڵاتەکانی سەرۆك وەزیران دەکات و لیستی دەوڵەتی یاسا رەتیدەکاتەوە، بۆیە زۆر ئەستمە بتوانرێ لەژێر گوشاری ئەمەریکا ئەو دوو لیستە رێکبکەون، سەرباری ئەوەش هیچ متمانەیەك لەنێوان لایەنە سیاسییەکانی عێراق نییە، بۆیە



ئەگەر لە داهاتوویەکی نزیکدا حکومەت پێکنەهێنرێ، ئاماژەیەکی روونە بەوەی کە ئەمەریکا لەو سیاسەتەی لە عێراق پەیڕەوی کردووە، شکستی هێناوە. لەهەمان کاتدا ئەگەر سەدرییەکانیش لە حکومەتی داهاتوو باڵا دەست بن، ئەمەش مانای شکستی ئەمەریکا لە عێراق دەگەیەنێت، بەڵام ئەوەی بەلای ئێمەوە وەك كورد گرنگە ئەوەیە كە ئێمە چۆنمان مەبەستە ئەوا بێتەدی)). ئەوەی ئێستا ئاماژەی پێدەکرێت، ئەوەیە هەندێك جار باسی سەفقە و سەفقە کاری دەکرێت، بەڵام پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا کورد لەناو ئەم پرۆسەیەدا رۆڵی چۆن دەبێت و تاچەند پابەند دەبێت بە داواكارییەكانی خۆیەوە؟ لەوەڵامی ئەم پرسیارەشدا دیندار نەجمان دۆسکی ئەندامی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و بەرپرسی مەکتەبی سەرکردایەتی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان رایگەیاند ((بێگومان رۆڵی کورد لە سەقامگیری سیاسیی و تەناهیی لە عێراق رۆڵێکی گەورەیە، بەشێك لە داواكاریی و پێشنیازەکانی کورد کە پێشکەشی لایەنەکانی کردووە ئەگەر جێبەجێ نەکرێت، کاریگەریی بەسەر سەقامگیریی سیاسیی و ئەمنی لە عێراق دەبێت. وەك جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ و بەشێك لە پێشنیازەکان وەك داننان بە دیموکراسی تەوافوقی، عێراق وڵاتێکی فرە ئایینی و نەتەوەییە، بۆیە ئەگەر سیستمی دیموکراسیی تەوافوقی نەبێت بەسیستمی زۆرینە و کەمینە، عێراق دووچاری کێشەی هەمەلایەنەی ئاڵۆز دەکاتەوە و چەندین ساڵیش ناتوانرێ چارەی کێشە کانی عێراق بکات، بۆیە زۆرێك لە داواکاری و پێشنیازەکانی کورد خزمەت بە عێراق دەکات)).لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا وتی «راگرتنی دانوستاندنی نێوان ئەلعێراقیە و دەوڵەتی یاسا و نزیکبوونەوەی ئەلعێراقیە لەگەڵ هاوپەیمانی نیشتمانی و ئەم جموجۆڵانە وەك کارتی گوشار لەدژی یەکتر بە کاردەهێنرێت، بەڵام رەوا نییە بە هیچ شێوەیەك ناتوانرێت حکومەتێك لە عێراق پێکبهێنرێ لیستێکی وەك دەوڵەتی یاسا کە ٨٩کورسی لە پەرلەمانی عێراق هەیە، بەشداریی لە حکومەت نەکەن، حاڵەتی وا روونادات، رەنگە خودی نوری مالیکی لە حکومەت بەشدار نەبێت یاخود پۆستی سەرۆك وەزیران وەرنەگرێت، بەڵام دەبێت لیستی دەوڵەتی یاسا بەم قورساییەی هەیەتی لە پەرلەمان و لە حکومەتیش بوونی هەبێت»)). ئەوەی لە بۆچوونی نوێنەرە جیاوازەکانی فراکسیۆنی کوردستانی دەخوێنرێتەوە ئەوەیە کە ئەندامانی فراکسیۆنی کوردستانی نوێنەرایەتی فراکسیۆنێکی یەکگرتوو و خاوەنی یەك گوتاری سیاسیی دەکەن و ئەو پرۆژەیەشی پێشکەشیان کردووە، هەموو لایەنە سیاسییەکان لەدەوری جێبەجێکردنی دەستوور کۆدەکاتەوە و عێراقیش لەم قەیرانە رزگار دەکات.



**هێزەکانی عێراق لەو ئاستە نین کە ئاسایشی عێراق بپارێزن**

**ئەمەریکا لەو سیاسەتەی لە عێراق پەیڕەوی کردووە، شکستی هێناوە**



## پوختەیەک لەژیاننامەی رامین جیهانبەگلو

مامۆستای زانکۆو تیۆرزان ڕامین جیهانبەگلۆ لەساڵی ١٩٦٠ لەشاری تاران لەدایکبووە، ماجستێری لەلقەکانی فەلسەفەو مێژوو زانستە سیاسییەکان لەزانکۆی سۆربۆن بەدەستهێناوە، دواتر لەساڵی ١٩٩٨ لەهەمان زانکۆدا دکتۆرا بەدەست دەهێنێ و بە پۆست دکتۆراوە لەلقی رۆژهەڵاتناسی خەریك دەبێت، ئێستاش لەزانکۆی تۆرنتۆ مامۆستای فەلسەفەی سیاسییەو هەروەها سەرپەرشتیاری گرووپی بیری هاوچەرخە لەبەشی لێکۆڵینەوە فەرهەنگییەکان..

لەساڵی ٢٠٠٩ خەڵاتی ئاشتی لەنەتەوە یەکگرتووەکان پێ بەخشرا، لەکاتی خەڵاتکردنیدا لە (ماڵی ئاسیای) بەرشەلۆن، ئەمەی بە خەڵاتی خەڵکی ئێران زانی و وتی: ((من لێرە دەنگی خەڵکەکەم کەلە ئێران بەبێ دەنگی خۆپیشاندان دەکەن..)).

ڕامین جیهانبەگلۆ خاوەنی دەیان کتێبە لەبوارەکانی فەلسەفەو فکرو وەرگێڕان و وتووێژدا، کە ئەمە ناوی بەشێکە لەکتێبەکانی: شەپۆلی چوارەم – جیاوازی و پێکەوە ژیان - مۆدێرنەکان – رۆشنبیری لەئێراندا – بیری دژە توندو تیژی – رەگەکانی فەلسەفەی دژە توندوتیژی – رەخنە لەعەقڵی مۆدێرنە – گەڕان بەدوای ئازادیدا – لەئاوێنەی رۆژهەڵاتتدا ...تاد

لەم سێ گۆڤارەدا کەبەئینگلیزی دەردەچن دەکات لەوانە (( ئیسپری (Esprit) و ئیتۆد (Etudes) و پرۆژە (projets))) بە وتارو هەڵسەنگاندن و رەخنە هاوکاریانە.

# دروشمی چاوت دەردێنم لە تۆڵەی چاودەرهێنانم، بە هانای کوردانەوە نایەت

ئا: هیدایەت جان


ئەگەر مێژووی مرۆڤایەتی ئەم ناوچەیە لەسەر بنەمای مێژووی دوو بەرەی ستەمکار و ستەملێکراو بنووسرێتەوە، ئەوە مێژووی نەتەوەی کورد لە بەرەی مێژووی ستەملێکراوەکاندا خۆی دەبینێتەوە، بەو مانایە لانیکەم کورد لە دوای رووخانی دەوڵەتی مادەوە هەم بە مانا نەریتییەکە و هەم بە مانا مودێرنەکەی نەیتوانیوە نەحکومی خۆی و نە حکومی ئەوانیتر بکات، ئەوەش چەند مەدلولێکی روونی هەیە، یەکەم: هەمیشە ستەملێکراو بووە، دووەم: بەبەراورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ناوچەکەدا ستەمی پێکهاتەیی لە نەتەوەیەکی دیکە نەکردووە، سێیەم: لانیکەم لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە بە ئاگاییەوە بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆی خەباتی کردووە. ئەوەی لێرەوە مەبەستی ئەم دۆسییە بێت، ئەوەیە کە نەتەوەی کورد بۆچی تا ئێستا نەیتوانیوە لانیکەمی مافەکانی خۆی دەستەبەر بکات، ئایا هۆکارەکان ناوخۆیین یا دەرەکین، ئایا ئەو شێوازەی بۆ گەیشتن بە مافەکانمان بە کارمان هێناوە تا چەند لەو بوارەوە کاریگەری هەبووە؟ لێرەدا پێمانوایە لەسەر بنەمای بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێستای ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەراست و بە تایبەت بارودۆخی ئێستای کوردستان پێویستە هەڵوەستەیەکی جدی لە بارەی شێوازەکانی خەبات بکەین، بە جۆرێك کە دەبێت بە شێوەیەکی پێکهاتەیی ئەو مێژووە لێکبدەینەوە کە لەو بوارەوە تۆمارمان کردووە، بە گشتی ئەم دۆسییە بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە دەگەرێت، ئەو شێوازانەی تا ئێستا ئیشیان پێدەکەین تا چەند خزمەتی ئامانجەکانی ئێمەیان کردووە و دەکەن؟ هەروەها ئەو شێوازەش کە دەتوانێت لە هەموو شێوازەکانی دیکە کاریگەرتر بێت و بە خەسارێکی کەمتری مۆراڵی و مرۆیی و ماددی بە ئامانجە رەواکانمان بگەیەنێت کامە شێوازە؟ ئایا چۆن خەباتی کوردان هەڵدەسەنگێننظ پرسیارێکی وامان ئاراستەی ((د. رامین جیهانبەگلو))کرد ئەمەی خوارەوە پوختەی وەڵامەکەیەتی :


((کوردەکان بەردەوام سەرقاڵی دوو بابەتی سەرەکی بوونە: لە لایەك رێوشوێنە هۆزگەرییەکان کە یەکەمین هۆکاری ناکۆکی و پێکهەڵچوونی ناوخۆییان بووە بە تایبەتی لە نێو کوردان خۆیان و حزبە کوردییەکاندا و لەلایەکی تریشەوە کێبرکێ و ناکۆکی و تەنانەت هەندێکجار دۆستایەتی و لێکنزیکبوونەوەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست کە بووەتە هۆی لەدەستدانی بەرژەوەندی کوردان و گوێ نەدان بە بایەخە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانیان. لێرەدا دەبێ ئاگاداری ئەوە بین کە تەنیا ئۆباڵی بەشێك لە کێشەکانی کورد بۆ وەدەست نەهێنانی مافە فەرهەنگی کۆمەڵایەتییەکانیان دەکەوێتە ئەستۆی هەڵکشان و داکشانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و گۆرانکارییە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست و بەشی هەرە گەورەی پەیوەستە بە هزری سیاسی ئامادە لەناو کوردستان و رۆڵی ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکان لە دروستبوونی ناکۆکییە حزبی و گرووپگەرییەکاندا. پرسیاری سەرەکی ئەوە نییە کە کێ کێشەکەی خوڵقاندووە بەڵکو کوردان لەناو سنوورەکانی ئێران، عێراق، تورکیا و سوریا و ئەوانەی لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمەریکادا دەژین تاچەند خۆیان لەگەڵ گوتاری دیموکراسی گونجاندووە بۆ بنەبرکردن و دابەزاندنی ئاستی ئەو ناکۆکیانەی کە توندوتیژیان لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر کوردان لەناو سنوورەکانی ئێران، عێراق، سوریا و تورکیادا بەدوای ئاشتی و ئارامییەکی بەدوور لە توندوتیژیدا دەگەرێن، کەواتە دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجە لەرێگەی خەباتی چەکدارییەوە نییە.


مارکسیسم-لینینیزم خۆی بووە بە تلیاکی سیاسییە کوردەکان و وای کردووە لە خوێندنەوەی ڕاست و دروست بۆ مارکس و فەیلەسووفەکانی تردا کڵۆڵ بن

ئەمڕۆ هەر چەشنە خەبات و ململانێیەکی چەکداری، کوردان لە فەزای دیموکراتیک و پلۆرالیستی دوور دەکاتەوە

ئامانجی ژیانی سیاسی دروستکردنی فەزایەکی هاوبەشە کە من و ئەویتر بەیەکەوە تیایدا جێگەمان ببێتەوە




*** پرۆسەی خەباتی نەتەوەیی و رزگاریخوازی کورد لەناو کوردستاندا تایبەتمەندی خەباتێکی تەندروست و عەقڵانی (لۆژیکی) لەخۆی دەگرێت؟**

- بەبڕوای من جەوهەری شەڕ توندوتیژییە بەڵام جەوهەری خەباتێکی تەندروست و عەقڵانی ناتوندوتیژییە. توندوتیژی حەشارگەی ئەو مرۆڤانەیە کە تا هەنوکە لە بچوکی خۆیان دەرنەچوونە و توانای دیالۆگ و بەیەکەوە هەڵکردن و ڕاگۆڕینەوەیان لەگەڵ ئەوانی تردا نییە. ئەگەر کوردان بەشوێن بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئاشتیخواز و دوور لە توندوتیژیدا دەگەڕێن، کەواتە کێشەی ئەوان جێگۆڕکێی دەسەڵات نییە. کۆمەڵگەی ناتوندوتیژ بەبێ سەبر و دانبەخۆدانان و بەخشندەیی نایەتە دی، لە پرۆسەی خەباتی ناتوندوتیژیدا شتێك بەناوی «دۆست» و «دوژمن» بوونی نییە. هەموو شۆڕشەکان ئەوەیان بۆ ئێمە سەلماندووە کە ئەگەر پێکهاتەیەکی سیاسی دادپەروەری و عەشق و لێبوردەیی تێدا ئامادە نەبێت، لە داهاتوودا دەسەڵاتێکی نوێی ترسناکی لێ دەکەوێتەوە. ئەگەر دادپەروەری کوردان تەنیا لە ئاستی دروشمێکی بێ ناوەڕۆك بێت و تەنیا بۆ هاندان و بزواندنی هەستی خەڵك لە کوردستانی عێراق و ئێران و.. بێت، دەبێ چاوەڕوانی ئەوەش بکەین کە تا ساڵانێکی دوور بیری دیموکراسی و مومارەسەی (ئەزموونکراوی) دیموکراسی لە ناو کورداندا زەمینەی بۆ ناخوڵقێت. ئەو ئایدیۆلۆژیەتانەی تا ئێستا لەناو کورداندا دروشمی چاوت دەردێنم لە تۆڵەی چاودەرهێنانمان بەرز کردوەتەوە، تەنیا بوونەتە هۆی نابیناکردنی ژمارەیەکی زۆرتری کوردان.

*** ئایدیۆلۆژیاکانی وەك مارکسیزم، لینینیزم، ناسیۆنالیزم و ئیسلامی سیاسی تاچەند لە بەرژەوەندی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد دا بوونە؟**

- سەرجەمی ئەو ئایدیۆلۆژیانەی باست لێکردون لە ئامانجی بە کۆیلە کردنی مرۆڤی سەردەمدا بوونە، ئەگەرچی دروشمی هەموو ئەوانە ئازادی و دادپەروەری بووە بەڵام نوێنەرانی ئەم ئایدیۆلۆژیاتانە لە دەسەڵاتدا دیکتاتۆرێکی بێ بەزەیی و خوێنمژ بوونە.
لێرەدا دەبێ لەنێوان ناسیۆنالیزم و وڵات پەرستیدا جیاوازی بکەین. ناسیۆنالیزم جۆرێکە لە فاناتیزم و کورت روانینی سیاسی کە بەردەوام فەرق و جیایی و توندوتیژی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە. هەروەك ئالبێرت ئەنیشتاین دەڵێ «ناسیۆنالیزم شتێك نییە جگە لە عەقڵانی کردنی ئایدیالیستی سەربازیگەری». ناسیۆنالیزم یەکێك لە نەخۆشییە کوشندەکانی سیاسەتی مۆدێرنەیە کە دەبێ شەڕی فکری لەگەڵ بکرێت. بەڵام ئەوە پێوەندی بە وڵات پەرستییەوە نییە، وڵاتپەرستی کاتێك دێت کە تۆ ئاڵای مرۆڤایەتیت لە تەنیشت ئاڵاکەی خۆت هەڵکردبێت و هەمیشە تیلەیەکی چاوت لە بەدبەختی و مەینەتی و تراژیدیای نەتەوەکانی تر بێت.
بەڵام سەبارەت بە مارکسیزم-لینینیزم پێموایە بە جورئەتەوە دەتوانین بڵێین کە نە تەنیا ئازادی بە کوردان نەبەخشی بەڵکو بووەتە هۆی دروستبوونی حەزێکی دەسەڵاتخوازانە لەناو حزبە کوردییەکان و تەنانەت توانایی وروژاندنی پرسیارێکی دروستی نەبووە سەبارەت بە داهاتووی کوردستان. مارکسیسم-لینینیزم خۆی بووە بە تلیاکی سیاسییە کوردەکان و وای کردووە لە خوێندنەوەی ڕاست و دروست بۆ مارکس و فەیلەسووفەکانی تردا کڵۆڵ بن.

*** بۆچی کورد شێوازی چەکداری بەکار دەهێنێت و ئەم شێوازە تا چەند لە خزمەت ئامانجە سیاسی و ئینسانییەکانیدایە؟**

- بە بڕوای من خەباتی چەکداری باشترین و کاریگەرترین شێوازی خەبات و هەڵسوکەوتی سیاسی نییە بۆ گەیشتن بە هزری دیموکراسی و گەڵاڵە کردنی ئەو هزرە. رەنگە لە رابردودا بە دەگمەن رێکخراوێکی سیاسی هەبووبێت کە بۆ وەڵامدانەوەی کێشە سیاسییەکان لە کوردستان دەستی بۆ چەك نەبردبێت بەڵام ئەمڕۆکە دەبێ ئاگامان لەوە ببێت کە هەر چەشنە خەبات و ململانێیەکی چەکداری، کوردان لە فەزای دیموکراتیك و پلۆرالیستی دوور دەکاتەوە. بە ئاوڕدانەوەیەك لە خەباتی چەکداری کوردان لە نیو سەدەی رابردوودا بۆمان دەردەکەوێت کە توندوتیژی چەکداری دەرفەتی نەهێشتووەتەوە بۆ رەخنەکردنی توندوتیژی.

*** لە چاپی ژمارە یەکی گۆڤاری نیشتمان کە زمانحاڵی کۆمەڵەی ژ-ك بوو، سەروتارەکە (ئامانجی ئێمە) ئاماژەی بەوە کردووە کە کوردان گەر بیانەوێ لە ڕێگەی چەکەوە بە مافەکانیان بگەن، ئەوا لە هەڵەدان لەبەر ئەوەی ئەو چەکانەی لە دەستی کورداندان لەچاو تۆپ و تانك و گولە پژێنەکانی دوژمن وەك تۆقتۆقەیەك وایە و تاکە ڕێگایەك**

**که کوردان بەرەو مێرگی سەربەستی و ئازادی دەبات، خەباتی شارستانییە. سەرەڕای ئەمە بۆچی کوردان لەم شێوازە لە خەبات کەڵکیان وەرنەگرتووە؟**

ـ خەباتی ناتوندوتیژی تەنیا شێوازێك لە بەرگری مەدەنی و ململانێی سیاسی نییە بەڵکو جۆرێك لە کولتووری هاوڵاتیبوونیشە. تا ئەوکاتەی کۆمەڵگەی کوردی لەسەر بنەمای دوو جەمسەری «دۆست» و «دوژمن» بمێنێتەوە و حەق و حیسابی سیاسی زیاتر لەسەر لێهاتوویی تاکە کەسی و هاووڵاتی بێت، فەرهەنگی نا توندوتیژی پەرە ناسێنێت. لێرەوە دەبێ ئاماژە بە چەند خاڵێك بکرێت، یەکەم ئەوەی کە ناتوندوتیژی پرۆسەی بە ئەخلاقیکردنی سیاسەتە. دووەم، بۆ گەیشتن بە خەباتی ناتوندوتیژی پێویستە کۆتایی بە فەرهەنگی رق و قین و نەفرین کردن بهێنین. سێیەم، ڕێزگرتن لە ژیان و سەرلەنوێ ناساندنەوەی «ئەویتر» گرنگییەکی بەرچاوی هەیە. لە ئەنجامدا ناکرێت خۆ لە توندوتیژی بپارێزی و بە دوای حەقیقەتدا عەوداڵ نەبی و بەرەنگاری درۆ نەبیتەوە. خەباتی ناتوندوتیژی، پەروەردەکردنی هاووڵاتییە، واتە مەدەنیەت دەبێ بەشێوەی کردەی کۆمەڵایەتی و سیاسی لێبێت.

*** زۆربەی حزبە سیاسییەکانی کوردستان لە چاوپێکەوتنە رۆژنامەوانییەکاندا باس لەوە دەکەن کە لەگەڵ ئەوەدا حزبێکی چەکدارن، بڕوایان بە خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژیش هەیە، ئایا دەکرێت هاوکات بە یەکەوە لە هەردوو شێوەکە کەڵك وەربگریت؟ کەڵك وەرگرتن لەو دوو شێوازە لە روانگەی مۆراڵیەوە دروستە؟**

ـ خەباتی مەدەنی بە مانای دروستکردنی تۆڕەکانی هاووڵاتییە کە دەبێتە پاڵنەرێك بۆ نەشونما کردن و بەرەو پێشبردنی هزری پلۆرالیزم و فرە خوازی لە کۆمەڵگەدا. ئەوە بەو مانایە دێت کە ئامانجی ژیانی سیاسی دروستکردنی فەزایەکی هاوبەشە کە من و ئەویتر بەیەکەوە تیایدا جێگەمان ببێتەوە. کەواتە ئێمە هیچکات تەنیا بۆ ئازادی خۆمان خەبات ناکەین بەڵکو بۆ ئازادی «ئەویتر»یش هەوڵ دەدەین. مانەوە و بەردەوامبوونی فەزای هاوبەش و فرە بۆچوون، پێویستی بە هاوسەنگی مۆراڵی نێوان «من و ئەویتر» هەیە. ئەو هاوسەنگییە لە هەموو شێوەکانی خەباتی مەدەنیدا پێویستە و توندوتیژی و دەست بردن بۆ چەك ئەو هاوسەنگییە تێك دەدات، لەبەر ئەوەی دەست بردن بۆ چەك و








لەبەر ئەوەی دەست بردن بۆ چەک و توندوتیژی بە مانای تواندنەوە و لەناوبردنی «ئەویتر»ە

تێپەڕبوون لە توندوتیژی تەنیا کارێکی «ئەستوونی» نییە بەڵکو کردەیەکی ئاسۆییشە و ئەمەش پێویستی بە لێکدانەوە و پەرە پێدانی فەرهەنگی ناتوندوتیژییە لەناو خەڵکدا

هەر کۆمەڵگەیەک لە هەر سەردەمێکی ژیانی خۆیدا پێویستی بە ئاشتی و ئارامی هەیە

هەر کەسێک لە دژی تاوان خەبات بکات، نابێت خۆی ببێتە تاوانبار


لە هەموو فەرهەنگەکان و نەریت و کۆمەڵگەکاندا ڕووبەڕووی جیاوازی بۆچوونەکان، بایەخەکان، ڕەهەندەکان دەبینەوە




بەرگری ناتوندوتیژی، ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی بێ چەکە لەگەڵ هەر چەشنە ئەندێشە و کردەیەک کە بەرەنگاری جیاوازییەکانی ژیان دەبێتەوە



نا ئارامی و هەڵنەکردن بە یەکەوە تەنیا لە ڕێگەی پەروەردەی هاوڵاتی بوونەوە لەناو دەچێت




توندوتیژی بە مانای تواندنەوە و لەناوبردنی «ئەویتر»ە. لەبیرمان نەچێت کە «جیاوازی» لەناو بزووتنەوەیەکی مەدەنیدا نابێتە هۆی سەرهەڵدانی توندوتیژی و تەنانەت بەرگری لە هەر چەشنە توندوتیژییەك دەکات. لە ڕاستیدا دیموکراسی گەیشتنە ئەنجامی بنەڕەتییە لەنێوان جیاوازییەکاندا.

*** لە کوردستاندا کە باس لە شێوازی خەباتی ناتوندوتیژی دەکرێت وەڵامی ئەوەمان دەدەنەوە کە خەباتی ناتوندوتیژی بۆ ماوەیەکی زەمەنی لە مێژوودا گونجاو بوو و ئێستا و بۆ ئەو سەردەمە کە کورد لەژێر دەستی داگیرکەرانی وەك تورکیا و ئێران و سوریادایە شێوازێکی نەگونجاوە و وەڵام ناداتەوە، ئایا بە بڕوای ئێوە فەزای سیاسی ئێستەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەم میتۆدە لە خەبات گونجاوە؟**

- مێژووی مرۆڤایەتی مێژوویەکی توندوتیژە. بەڵام لەبیری نەکەین کە هەر کات و لە هەر شوێنێك توندوتیژی ڕووی دابێت، بۆ بەرگری لەو توندوتیژییە بیر لە شێوازێك کراوەتەوە. نا توندوتیژی هەمیشە لە قەیران و هەلومەرجی سەخت و دژواردا مانای ڕاستەقینەی خۆی وەرگرتووە. هەر کۆمەڵگەیەك لە هەر سەردەمێکی ژیانی خۆیدا پێویستی بە ئاشتی و ئارامی هەیە، کەواتە لە هەموو کاتێکدا دوور کەوتنەوە لە توندوتیژی کردەیەکی ئێستایی و سەردەمییە. ئێستاکە بەرەنگار بوونەوە لەگەڵ «درۆ» پەروەردەیەکی بنەڕەتیە کە کوردان خەریکن ئەنجامی دەدەن. ئەوان دەتوانن بە جیهانی بسەلمێنن کە سەرەڕای هەموو ناکۆکییە خێڵەکییەکان خاوەنی ئاستێکی بەرزی هاوڵاتیبوونن کە ئەمەش دەبێتە سەرمایەیەکی مۆراڵی و دیموکراسی بۆ داهاتوویان. باشترین ڕوخساری ئەو سەرمایە ئەخلاقییە لە ناتوندوتیژی هاوڵاتیانی کورددا خۆ دەبینێتەوە. بۆ نمونە کۆمەڵگەی ئێران کە کوردیش بەشێکن لەو کۆمەڵگەیە، وەك هەموو کۆمەڵگەیەکی تر تووشی کۆمەڵێك کێشەی تایبەت بەخۆیان و تا ئەو کاتەی کە ئەم کێشانە چارەسەر نەکرێن ناتوانین بەرەوپێش چوون و پتەوبوونی بیری دیموکراسی تیایدا ببینین. لەوانەیە گرنگترین کێشەی ئێرانییەکان و ئەو نەتەوانەی لەناویدا دەژین، توندوتیژی سیاسی بێت. زۆرێك لە حزبە سیاسییە کوردەکان بە هەڵە بیر دەکەنەوە کە ئەو توندوتیژییە تەنیا کردەیەکی «ئەستوونییە» کە بە گۆڕانی دەوڵەت و دەسەڵاتدارانی دەوڵەتی کێشەکە کۆتایی پێدێت، بەڵام ئەوەی لە گۆڕانکارییە سیاسییەکانی کوردستاندا بۆ ئێمە دەردەکەوێت ئەوەیە کە تێپەڕبوون لە توندوتیژی تەنیا کارێکی «ئەستوونی» نییە بەڵکو کردەیەکی ئاسۆییشە و ئەمەش پێویستی بە لێکدانەوە و پەرە پێدانی فەرهەنگی ناتوندوتیژییە لەناو خەڵکدا.

*** خەباتی مەدەنی لە چ ڕوویەکەوە لە خەباتی چەکداری بەهێزترە؟**

- بە بڕوای من خەباتی ناتوندوتیژی جۆرێك لە خەباتی مەدەنییە، لەبەر ئەوەی هۆکاری سەرهەڵدانی هەر بزووتنەوەیەکی مەدەنی بۆ بەدەستهێنانی ویستە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی خۆیەتی، بەڵام دەستەبەرکردنی ئەو ویستانە پێویستی بە مەشروعییەتی مۆراڵی هەیە. شێوازی ناتوندوتیژی هەوڵێکی مەدەنییانەیە لە پێناو دانوستاندنێکی ئاشتەواییانە بۆ دروستبوونی کێبڕکێی دادپەروەرانە لەنێوان هاووڵاتیاندا. شێوازی ناتوندوتیژی شێوازی ڕەفز کردنەوەیە و ئەوەی کە ڕەفزیش دەکرێتەوە یاسای نادادپەروەرانە و توندوتیژییە لەناو کۆمەڵگەدا. کەواتە ئەگەر بنەمای سەرەکی بزووتنەوەیەکی مەدەنی بەرگری کردن لە یاسا و پارێزگاری کردن لە مافی هاووڵاتی بێت، ئەوا مەرجی دەستەبەرکردنی ئەم ویستە گەیشتنە بە فەرهەنگی ناتوندوتیژی.

*** حزبە سیاسییەکانی کوردستان دەڵێن بە ناچاری و بۆ پارێزگاری کردن لە خۆیان دەستیان بۆ چەك بردووە، ئاخۆ ڕێگەیەکی کاریگەرتر لە چەك هەیە بۆ بەرگری کردن لە خۆمان؟**

- زۆر کەس بە هەڵە ناتوندوتیژی لە بزووتنەوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا بە شێوەیەك لە ملکەچبوون و پاشەکشێ کردن لێك دەدەنەوە. هەندێکیش لایان وایە هەر جۆرە هەوڵێك لە پێناو دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ناتوندوتیژانەدا بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی ئەمڕۆی جیهان، جۆرێکە لە کلۆڵی و بێ دەسەڵاتی لە هەمبەر چارەسەر کردنی قەیرانەکان، بەڵام لە ڕاستیدا ئەوەی ناتوندوتیژی بە ئێمەی دەڵێت، ئەوەیە کە ئێمە لە هەموو فەرهەنگەکان و نەریت و کۆمەڵگەکاندا ڕووبەڕووی جیاوازی بۆچوونەکان، بایەخەکان، ڕەهەندەکان دەبینەوە. ڕەنگە لەبەر ئەو هۆیە بێت کە ئەو جیاوازیانە لە بۆچوونەکاندا پێویستیان بە جیاوازی هەبێت لە ژیانیشدا. بەرگری ناتوندوتیژی، ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی بێ چەکە لەگەڵ هەر چەشنە ئەندێشە و کردەیەك کە بەرەنگاری جیاوازییەکانی ژیان دەبێتەوە. بە واتایەکی تر

«نا» گوتن بە توندوتیژی بە مانای ڕێز گرتنە لە ئاست و کەرامەتی مرۆڤ و ڕاگرتنی ئەو حورمەتەش پێویستی بە ئاگایی ئەخلاقی هەیە. بەرگری کردن لە «خۆت» جۆرێکە لە ناسینی «ئەویترە» کە دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی گەر هەر کەسێك لە دژی تاوان خەبات بکات، نابێت خۆی ببێتە تاوانبار.

*** ڕای ئێوە سەبارەت بە خەباتی مەدەنی و ڕێبەرایەتی ئەو خەباتە چییە؟ ئایا خەباتی مەدەنی پێویستی بە ڕێبەر هەیە؟**

- ڕێبەری ڕاستەقینەی هەر بزووتنەوەیەکی مەدەنی خۆی بزووتنەوەکەیە. هیچ ڕێبەرێك بە تەنیا ناتوانێ بزووتنەوەیەك کە هەڵقوڵاوی دواکەوتوویی و لۆمپەنیزمە، لەم دۆخە نەجات بدات. لەبیرمان نەچێت کە ناتوندوتیژی تەنیا شێوازێکی خەبات نییە بەڵکو شێوازی ژیانی هاوڵاتیبوونیشە. نا ئارامی و هەڵنەکردن بە یەکەوە تەنیا لە ڕێگەی پەروەردەی هاوڵاتی بوونەوە لەناو دەچێت. هێزی بزووتنەوەیەکی مەدەنی لە دروستکرنی تۆڕەکانی هاووڵاتییە لەسەر بنەمای مۆراڵی مەدەنی، نەك ڕێبەری بزووتنەوەکە. ڕێبەر گرنگ نییە بەڵکو گرنگ ئەوەیە لایەنی مۆراڵی بخەیتە ناو سیاسەتەوە، لەبەر ئەوەی ئامانج کەرەستە پاساو نادات بەڵکو کەرەستە ئاماژەیە بۆ ئەو ئامانجەی کە دەیگریتە بەر. ڕادەی ئەخلاقیبوونی بزووتنەوەیەکی مەدەنی بەندە بە ڕادەی ناتوندوتیژ بوونی بزوتنەوەکە لە پێناو بەرگری کردن لە دادپەروەری و حەقیقەت، نەوەك ڕێبەری بزووتنەوەکە. ئەوە خەڵکن کە ڕێبەر هەڵدەبژێرن و ئینتیمایان بۆی دەبێت. ئەگەر خەڵك بڕوایان بە ناتوندوتیژی هەبێت، ڕێبەریش وەشوێن بڕوای خەڵکەکە دەکەوێت. خزمەتکارانی هەر نەتەوەیەك پاڵەوانانی ڕاستەقینەی ئەو نەتەوەیەن لەبەر ئەوەی بەرژەوەندی نەتەوەکەیان لە سەروو هەر جۆرە دەسەڵات و دەسەڵاتخوازییەك بینیوە.


*** ئایا بزووتنەوە ناتوندوتیژەکان وەك ستراتیژ پێویستیان بە ڕێکخراوی تایبەت هەیە؟**

- خەباتی ناتوندوتیژی خەباتێکی بێ ناوەڕۆك نییە، بەڵکو لەسەر بنەمای ئەزموونی سوقراتی وەستاوە کە بەردەوام هاووڵاتیان لە یەکتری فێر دەبن. ئاسۆی ستراتیژی بزووتنەوەی ناتوندوتیژ ئاسۆیەکی فرە لایەنە و چەند ڕەهەندییە. هەر بۆیەش ناتوندوتیژی گوتارێکی یەك لایەنە نییە. ستراتیژی ناتوندوتیژی خۆشەویستییە بۆ سەروەری یاسا و دۆزینەوەی حەقیقەت و دور کەوتنەوەیە لە ڕق و قین. ناتوندوتیژی مەدەنی هەستانەوەیە لەبەردەم شەڕ و نادادپەروەری. ناتوندوتیژی وەك ئاوازێکی دەروونی مرۆڤ وایە کە بەردەوام پێی دەڵێت «تۆ بکوژ نی».


*** کورد تا چەند پێویستی بە ڕێبەرێکی مۆراڵی هەیە، بوونی ڕێبەرێکی مۆراڵی چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەر مۆراڵی بوونی شێوازی خەبات؟**

- زۆر کەس بە هەڵە وا بیر دەکەنەوە کە فەرهەنگ و کردەوەی ناتوندوتیژانە لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی توندوتیژی وەك کوردستان ناگونجێت. مەگەر ماندێلا لە کۆمەڵگەی ئاپارتاید و عەبدول غەفار خان لەنێو پارتانەکان (لە سنووری نێوان ئەفغانستان و پاکستان) فەرهەنگی نا توندوتیژی و ئاشتیان دروست نەکرد؟ ئەی بۆچی دەبێ کوردان نەتوانن ببن بە خەباتکارانی ناتوندوتیژی؟ ئاخۆ کوردان تەنیا بەرهەمهێنی توندوتیژین؟ کەواتە بابەتەکە ئەوە نییە کە هەندێك خرۆکە و گەردیلەی ناتوندوتیژیان تێدایە و دەتوانن ببن بە خاوەن کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیك و هەندێکیش لێی بێبەشن. کێشەی سەرەکی، نەبوونی مۆراڵی مەدەنییە کە لە دوو بەشی شەفافیەت و هەستکردن بە بەرپرسیارێتیدا کورت دەبێتەوە. ئەو شەفافیەت و هەستکردنە بە بەرپرسیارییەتییە وەڵامدانەوە لەگەڵ خۆی دەهێنێت. بە بڕوای من ئەگەر دەوڵەت یاخود کۆمەڵگەیەك بخەیتە دۆخێکەوە کە وەڵام دەرەوە بن ئەوا بەرەنگاری دووبارە بوونەوەی هەڵە مێژووییەکان بوویتەوە و ڕێگەت لە دووبارە بوونەوەیان لە داهاتووشدا گرتووە. ئێستا دەبێ بزانین کە چۆن لە ڕێگەی ئەندێشەیەکی لەم چەشنە میکانیزمێك بدۆزینەوە کە بەردەوامی بە ناتوندوتیژی بدات.


ئەگەر چی لە کوردستاندا کەسانێکی وەك گاندی و مارتین لۆتەر کینگ و ماندێلا بوونیان نییە، بەڵام بۆ گەیشتن بە گاندیسم لە شێوەی کوردی دەبێ لە دوو ئاستدا کار بکەین: لە لایەکەوە ئەندێشەی ناتوندوتیژی لەناو مێژووی فەرهەنگی کوردان هەڵێنجین و لەناو هەموو توێژەکانی کۆمەڵگەدا بیخەینە گەڕ و لە لایەکی ترەوە، زەوینە بۆ دروستبوونی بزوتنەوەی هاووڵاتیان و مۆراڵی مەدەنی و دژە دەسەڵات خوازی لەبار بکەین. لەبیری نەکەین کە پرسی ناتوندوتیژی تەنیا پرسێکی سیاسی نییە بەڵکو هەوڵێکی فەلسەفییە بۆ خستنە ڕووی بابەتی مۆراڵی سەربەخۆ و دەرچوون لە بچوکی مروڤ.




بۆ گەیشتن بە گاندیسم لە شێوەی کوردی دەبێ ئەندێشەی ناتوندوتیژی لەناو مێژووی فەرهەنگی کوردان هەڵێنجین و زەوینە بۆ دروستبوونی بزوتنەوەی هاوڵاتیان لەبار بکەین




ئەگەر خەڵك بڕوایان بە ناتوندوتیژی هەبێت، ڕێبەریش وەشوێن بڕوای خەڵکەکە دەکەوێت




ناتوندوتیژی وەک ئاوازێکی دەروونی مرۆڤ وایە کە بەردەوام پێی دەڵێت «تۆ بکوژ نی»

# شکاندنی تابۆی سنووری دەستکرد و
# لە دایکبوونی دەوڵەتێکی بێ ناو




سیاسی
کولاَن

**((کەمتر لە پێنج مانگی ماوە باشووری سۆدان لە باکوورەکەی جیابێتەوە، دوای ئەمەش بە شەش مانگ و لەمانگی حوزەیرانی ٢٠١١ لەدایکبوونی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی خاوەن سەروەریی رادەگەیەنرێت، ئەم دەوڵەتە ئاڵای تایبەتی و سوپای تایبەتی و دراوی تایبەتی خۆی دەبێت و لەهەموو جیهاندا باڵوێزخانەی دەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی ناوێکی تازەشی دەبێت کە لە ئێستاوە بەدوای ئەو ناوەدا دەگەڕێن، هەموو جیهان بە سۆدانیشەوە دان بەم دەوڵەتە تازەیەدا دەنێن و بەفەرمی دەیناسێنن، ئەمە پوختەی ئەو بۆچوونە فەرمی و نافەرمیانەیە کە لەواشنتۆن سەبارەت بەداهاتووی باشووری سۆدان هاودەنگی لەسەرە، هەر ئەمەش ئەو ئاکامەیە کە تەقریری واشنتۆن لە میانەی بەدواداچوون و دیمانەکانی لەگەڵ ژمارەیەك لە پسپۆر و بەرپرسانی تایبەت لەسەر باری سۆدان پێیگەیشتووە. سەبارەت بەناو و ناسنامەی ئەم دەوڵەتە تازەیەش، پسپۆری ناسنامە نیشتمانییەکان سیمون ئەنهۆڵت دەڵێت: پێدەچێت ناوی ئەو دەوڵەتە تازەیە بەزۆری لەنێوان ((کۆماری باشووری سۆدان یان کۆماری سۆدانی**

**ماوەی پێنج ساڵ و نیوە بزووتنەوەی میللی رزگاریخوازی سۆدان لەگەڵ پارتی کۆنگرەی نیشتمانی بەرنامەی هاوبەشیان هەیە و پێکەوە حکومڕانی هاوبەش دەکەن**

بەپێی رێککەوتنامەی نیفاشای نێوان پارتی کۆنگرەی نیشتمانی سۆدان و بزووتنەوەی میللی رزگاریخوازی سۆدان، دەبێت لە ٩ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١١، واتە کەمتر لە ٥ مانگی دیکە، ریفراندۆمێکی گشتی لە هەرێمی باشووری سۆدان رێکبخرێت و تیایدا مانەوەی ئەم هەرێمە لە چوارچێوەی سۆدان یان راگەیاندنی دەوڵەتێکی سەربەخۆیی تێدا یەکلایی بکرێتەوە، بەپێی ئەم رێککەوتنە کە کۆتایی بە شەڕی ٢٢ ساڵەی نێوان بزووتنەوەی میللی رزگاریخوازی سۆدان و حکومەتی خەرتوم هێناوە، هەردوولا لەسەر ئەوە رێککەوتوون دوای ٥ ساڵ ریفراندۆمێکی گشتی لە باشووری سۆدان بکرێت و پێویستە هەردوولاش رێز لە ئیرادەی گەلی باشووری سۆدان بگرن و ئاکامی ریفراندۆمەکە قبووڵ بکەن، بەڵام پێدەچێت هەموو هەوڵەکانی خەرتووم بۆ پەکخستن و دواخستنی ئەم ریفراندۆمە بێت، (باکان مۆم) سەرۆکی بزووتنەوەی میللی رزگاریخوازی سۆدان سەبارەت بەو بیانوانەی حکومەتی خەرتووم بۆ دواخستنی ئەم ریفراندۆمە خستیویەتە گەڕ و بەوجۆرە پیشانی رای گشتی جیهانی دەدات کە تا ئێستا باس لە چارەنووسی یەکگرتنەوەو جیابوونەوەی باشووری سۆدان نەکراوە دەڵێت: ((ماوەی پێنج ساڵ و نیوە بزووتنەوەی میللی رزگاریخوازی سۆدان لەگەڵ پارتی کۆنگرەی نیشتمانی بەرنامەی هاوبەشیان هەیە و پێکەوە حکومڕانی هاوبەش دەکەن، بەڵام تا ئەم شەش مانگەی دوایی وتووێژ لەسەر مەسەلەی یەکگرتنەوەو جیابوونەوەی باشووری سۆدان نەکراوە، ئەمەش وەك ئەوە وایە هەتا رۆژی عەرەفە دسداشەکانیان نەدرون، پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەگەر دسداشەکانیان دوای جەژن تەواو بوو، ئایا رۆژانی دوای ئەوەش دیسان دەبێتەوە بە جەژن، هەر بۆیە ئەگەر کۆنگرەی نیشتمانی لەم ئەخیرو ئۆخرەدا هەوڵەکانی بۆ سەرخستنی ئەم ریفراندۆمە لەم چەند مانگە بخاتە گەڕ، ئەو هەوڵانە لەبیر ناکرێن و دەبێتە رەسیدێك بۆ پێوەندییەکانی داهاتووی نێوان هەردوولا)).(باکان مۆم) لەبەشێکی دیکەی قسەکانی لەگەڵ جالیەی سۆدانی لە قاهیرە، دوودڵی و نیگەرانی خۆی لەهەوڵەکانی خەرتووم ناشارێتەوەو راشکاوانە پەنجە دەخاتە سەر زامەکان و ئاماژە بەوە دەکات، باشترین وەبەرهێنانی پارتی کۆنگرەی نیشتمانی دەسەڵاتداری خەرتووم لە باشووردا بریتییە لە خستنەگەڕی سەرمایەی ملیۆنەها دۆلار بۆ تێکدانی سەقامگیری باشووری سۆدان و دواخستنی ئەم ریفراندۆمە. ئەمەش مانای ئەوەیە کە دەسەڵاتدارانی خەرتووم لەو راستییە دڵنیان کە گەلی باشووری سۆدان بەرێژەی ٩٠٪ دەنگ بە سەربەخۆیی وڵاتەکەیان دەدەن و نایانەوێت لە وڵاتێکدا بژین کە ئامادە نەبێت لەسەر بنەمای دیموکراتی و فیدراڵی و پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانە بونیادی دەوڵەتێکی هاوچەرخ بنێتەوە.

**دەسەڵاتدارانی خەرتووم لەو راستییە دڵنیان کە گەلی باشووری سۆدان بەرێژەی ٩٠٪ دەنگ بە سەربەخۆیی وڵاتەکەیان دەدەن**

## ئەگەر کێشەی باشوورییەکان جیاوازی ئایینی بێت ئەوا دارفۆرییەکان موسڵمانی ئەفریقین

پارتی کۆنگرەی نیشتمانی بەسەرۆکایەتی عومەر بەشیر، هەموو هەوڵی بۆ ئەوەیە ئەو سیاسەتی بەعەرەبکردنەی دژی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی سۆدان پیادەی دەکات، لە ژێر پەردەی ئیسلام و پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامیدا بیشارێتەوە، بەڵام ئەو کۆمەڵکوژییەی لە ناوچەی دارفۆر ئەنجامیدا و ئێستا لەسەر ئەو کارە نامرۆڤایەتیانە دادگای تاوانەکانی نێودەوڵەتی عومەر بەشیری وەك تاوانباری جەنگ ناساندووەو بەشیر ئامادە نییە بچێتە بەردەم ئەو دادگایە، پەردەی لەسەر ئەو راستییە هەڵماڵیوە کە سیاسەتی بەشیر سیاسەتی تواندنەوەی ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی ناو سۆدانە و گۆڕینی ناسنامەیە بۆ عەرەب نەك پیادەکردنی شەریعەتی ئیسلامی یان بونیادی دەوڵەتێکی ئیسلامی، خۆ ئەگەر سیاسەتی خەرتووم سیاسەتێکی ئیسلامی بووایە، ئەوە دەبوو لانی کەم دارفۆرییەکان وەك برای موسڵمان سەیر بکرانایە نەك تەنیا لەبەر ئەوەی زمانیان عەرەبی نییە، کۆمەڵکوژی و ژینۆساید لە دژیان پیادە بکرێت، ئەم هەڵوێستەی خەرتووم تارادەیەکی زۆر لە هەڵوێستی حکومەتەکانی بەغدا دەچێت بەرامبەر بەکورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، کە تەنیا لەبەر ئەوەی کورد و کوردستانی بوون، هەموو گەلی کوردستانیان بە کورد و تورکمان و کریستیانەوە کۆمەڵکوژ کرد و لەسەر خاکی خۆیان دەریان کرد، سەبارەت بەم لایەنە سایتی تەقریری واشنتۆن لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ئیزکیل لول جاتکوس، پرسیاری ئەوەی لێدەکات ئایا بۆچی کەنیسەکانی ئەمریکا پشتگیری گەلی باشووری سۆدان دەکات؟ لە وەڵامدا جاتکوس بەم شێوەیە وەڵامدەداتەوە: ((لەبەر ئەو رەفتارانەی کە دەسەڵاتی عەرەبی خەرتووم دژی گەلی سۆدان پیادەی دەکات، ئێمە ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ خەباتمان کردووەو قوربانیمانداوە بۆ ئەوەی بە ئازادی بژین، بەڵام باکوور هەوڵدەدا شەریعەتی ئیسلامی بەسەرماندا فەرز بکات لە کاتێکدا ئێمە ئیسلام نین، ئێمە لەم نەهامەتیەدا ژیانمان بەسەربردووەو ئەمریکیەکانیش ئەو واقیعەیان هەست پێکردووە، بۆیە پشتگیرمان دەکەن، ئێستا ئەمریکییەکان پشتگیری لە موسڵمانەکانی دارفۆریش دەکەن))، ئەم حاڵەتە بە پێچەوانەی کۆماری سربیای سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ بوو، سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ ئایینی کریستیان بوو، بەڵام کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی دژی

**میلۆسۆڤیچ کریستیانی بوو، بەڵام کۆمەڵکوژی و ژینۆسایدی دژی موسڵمانەکانی کۆسۆڤۆ ئەنجامەدا بۆیە رۆژئاوا پشتگیری موستمانانی کرد**

کـــه

**نوێ بێت))، بەڵام پێدەچێت نارەزاییەکی زۆر لەسەر ئەوە بێتە ئاراوە ناوی سۆدان بەو کۆمارە تازەیەوە بلکێنرێت، هەربۆیە باشترە ناوی سۆدان لە دەوڵەتە تازەکەی باشوور دابماڵرێت و هەندێك پێشنیار دەکرێت ناوبنرێت (دەوڵەتی نیل)، بەڵام بۆ ئەمەشیان مەترسی ئەوە هەیە میسر ئاستەنگ دروست بکات)).**

**تەقریری واشنتۆن**
**٢٠١٠/٨/١٠**




موسڵمانەکانی کۆسۆڤۆ ئەنجامدەدا، بۆیە رۆژئاوا پشتگیری کۆسۆڤۆی موسڵمانی لە دژی سربیای کریستیان کرد، کەواتە لێرەدا مەسەلەکە ئەوە نییە خەرتووم بانگەشەی ئیسلامی دەکات و بەلگراد بانگەشەی کریستانییەت دەکات، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە چۆن رێگە لە دووبارەبوونەوەی ژینۆساید و کۆمەڵکوژی بگیرێت و رێز لە ئیرادەی ئەو گەلانە بگیرێت کە چەندین ساڵە بەهۆی جیاوازی ئیتنی و ئایینییەوە بە ناوی جۆراو جۆر دەچەوسێنرێنەوە.

## خەرتووم لە بونیادی سۆدانی نوێ فەشەلی هێنا بۆیە گەلی باشوور بە کەمتر لە سەربەخۆیی رازی نابن

گەیشتن بە ئاکامی جیابوونەوە و دابەشکردنی سۆدان، هۆکارەکەی خەرتوومە نەك جۆبای پایتەختی هەرێمی باشوور، لەبەر ئەوەی ئەگەر بەپێی رێککەوتنی نیفاشا و لەماوەی پێنج ساڵی رابردوودا هەوڵەکانی سۆدان بۆ بونیادنەوەی سودانی نوێ لەسەر بنەمای وڵاتێکی فرە نەتەوە و فرە ئایین سەرکەتوو بوایە، ئێستا چارەنووسی ئەم دەوڵەتە نەدەگەیشتە ئەوەی وەك دەوڵەتێکی فاشیل بەرەو دابەشکردن هەنگاو هەڵبگرێت و دابەشکردنی وڵاتەکە ببێتە شتێکی حەتمی، هۆکاری سادەش بۆ ئەم دابەشبوونە حەتمییە ئەوەیە کە ئێستا وەك ئەمری واقیع سۆدان دابەش بووەو هەرێمی باشووری سۆدان پێوەندییەکی لەگەڵ دەسەڵاتی ناوەند لە خەرتووم نییە، ئەمە لە کاتێکدایە بزووتنەوەی میللی رزگاریخوازی سۆدان بەپێی رێککەوتنی ئاشتی نیفاشا هەوڵەکانی لەماوەی پێنج ساڵی رابردوو بۆ ئەوە بووە سۆدان وەك دەوڵەوتێکی هاوچەرخ سەرلەنوێ دابمەزرێتەوە، باکان مۆم سەرۆکی بزووتنەوەی میللی باشووری سۆدان سەبارەت بەم پرسە راشکاوانە دەڵێت، ئێمە لەماوەی پێنج ساڵی رابردوو زۆر هەوڵمانداوە کە سۆدانێکی نوێ دروست بکەینەوە، سۆدانێك کە رێز لە پێکهاتە فرەییە ئیتنی و ئایینە جیاوازەکانی تێدا بگیرێت و هەموو تاکێکی سۆدانی هەست بە ئارامی بکات، بەڵام دەسەڵاتی خەرتووم هەر لە هەوڵی ئەوەدا بووە سۆدانە کۆنەکە دروست بکاتەوە، واتە سۆدانی عەرەبی و ئیسلامی، ئەمەش کارێکە قبوڵ ناکرێت، سەبارەت بەوەشی کە بڕیاری ریفراندۆمەکەی باشوور بڕیارێکی سیاسییە و بزووتنەوەی میللی باشووری سۆدان لە پشتیەوەیەتی، باکان مۆم جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بڕیاری ریفراندۆم بریارێکی سیاسیی نییە، بەڵکو بڕیارەکە گەلی باشووری سۆدان دەیدات و بزووتنەوەی میللی باشووری سۆدان ئاکامەکەی هەرچیەك بێت گوێ رایەڵی دەبێت، بەڵام پرسیاری سەرەکی ئەوەیە ئایا بۆچی گەلی باشووری سۆدان گەیشتوونە ئەو قەناعەتەی پێکەوە ژیان لەگەڵ باکووری عەرەبی مەحاڵە؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە و چەندین لایەنی پێوەنداری دیکە پێوەندیمان بەکۆمەڵێك پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر بارودۆخی سۆدان کردووە و لەم راپۆرتە بەشداریان لەگەڵ کردووین، سەرەتا سەبارەت بەو کۆدەنگیەی لەسەر دەنگدانی باشوورییەکان بۆ سەربەخۆیی، د.مایکل رۆبینس مامۆستای زانستی سیاسەت لە زانکۆی میشیگان و تایبەتمەند لەسەر پارتە ئیسلامییەکان لە وڵاتانی عەرەبی تایبەت بەم راپۆرتەی راگەیاندن و وتی: ((پرۆسەی راپرسیەکە تا رادەیەکی گەورە دەوەستێتەسەر ئاستی بەشداربوونی نێودەوڵەتی. لە ئێستادا، پرۆسەکە تا رادەیەکی زۆر وەك پرۆسەیەکی ناوخۆیی بەرێوەدەچێت، هەروەها بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان لایەنەکانی باشوور و باکوور، پرۆسەکە بە دەگمەن بەرەوپێشچووە. عومەر بەشیری سەرۆکی سۆدان زۆر پەرۆشە بۆ پاراستنی یەکێتی وڵاتەکە لە کاتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە سەرکردەکانی بزووتنەوەی رزگاری خەڵکی باشوور بە کەمتر لە سەربەخۆیی رازی نەبن. بەلەبەرچاوگرتنی ئەم هەوڵێستە دژ یەکانە و توانای هەر لایەنێك بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی گەورە ئینحیاز بکەن بۆ ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ئەوا نەزیهی پرۆسەکە دەکەوێتە ژێر گومان و پرسیاری گەورەوە، هەروەها گومانی گەورە لە توانای هەردوولا دەکرێت بۆ ئەوەی بگەنە چارەسەرێك کە بوار بۆ راپرسیەکە بڕەخسێنێت. ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستێوەردان بکات بۆ ئەوەی راپرسیەکە لە هەلومەرجێکی تا رادەیەك شەفاف و ئازاد روودات، ئەوا هیچ گومانێك نییە کە باشوورییەکان بە توندی دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدەن. پێموایە دوای چەند ساڵ لە شەڕێکی دڵڕەقانە، ئەنجامەکە لە بەرژەوەندی سەربەخۆییدا دەبێت.. بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێین، زەحمەتە سۆدان بکرێتە مۆدێلێك بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی ئیتنی. ئەگەر راپرسیەکە رووبدات، ئەوا دەرئەنجامی زیاتر لە چل ساڵ ناکۆکی چەکداری نێوان یاخیبووەکانی باشوور و رژێم دەبێت لە باکووردا. دەرئەنجامەکە بە بنبەست گەیشتنێك بوو کە بەشێکی زۆری باشووری وێرانکرد و بووە هۆی سنووردارکردنی هەوڵەکانی گەشەپێدان. لە راستیدا، ئەگەر باشوور سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت، ئەوا دەبێتە یەکێك لە هەژارترین و کەمتر گەشەکردوترین وڵاتانی جیهان. لەوەش زیاتر، ئەگەری ئەوە

**گەلی باشووری سۆدان گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی پێکەوە ژیان لەگەڵ باکووری عەرەبی مەحاڵە؟**

**باشوورییەکان پەیوەندی دەنگ بە سەربەخۆیی دەدەن**

**زەحمەتە سۆدان بکرێتە مۆدێلێك بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکی ئیتنی**



**د.مایكل رۆبینس مامۆستای زانستی سیاسەت لە زانكۆی میشیگان و تایبەتمەند لەسەر پارتە ئیسلامییەكان لە وڵاتانی عەرەبی (بۆ گوڵان):**

# ئەگەری ئەوە هەیە سەركردەكانی بزووتنەوەی رزگاری خەڵكی باشوور بە كەمتر لە سەربەخۆیی رازی نەبن

كێشە سەرەكییەكانی نێوان باشوور و باكوور چارەسەر بكات. بەڵكو ئەوان وەك دراوسێی دوژمن دەمێننەوە و ئەگەری زیاتر ئەوەیە پەنا بۆ دەستێوەردان ببەن لە كاروباری ناوخۆیی یەكتردا. « ئاشتی» نێوان هەردوولا تەنیا بەناو ئاشتی دەبێت، كەواتە چارەسەرێكی كەم- ئەگەر چارەسەرێكیش بێتەئاراوە- لەم پرۆسەیەوە دەكەوێتەوە. بەڵام ئەگەر پرۆسەكە بە چەشنێك بێت هەردوولا ئیعتیراف بەو جیاوازییە بنەڕەتییانە بكەن كەسەرچاوەی دابەشبوونیانە و ئەگەر بگەنە رێككەوتنێك لەسەر ئەوەی وەك بەشێكی هەمان وڵات بمێننەوە یا هەردوولا بە دابەشكردنی وڵاتەكە رازی بن، ئەگەر ئەمە رووبدات، ئەوا جێی دڵخۆشی دەبێت)).

بەڵام پرۆفیسۆر نۆمی چازان سەرۆكی بەشی دیراساتی ئەفریقیا لە زانكۆی حەیفا تێڕوانێكی گەشبینانە تری هەیە و پێیوایە



دەیەها ساڵی ناكۆكی و هەوڵی هێنانەئارای ئاشتەوایی. سیستمی راپرسی لە رابردوودا لە ئەفریقیادا پیادەكرا، ئەویش لەو ناوچانەی لەژێر ئینتیدابی نەتەوە یەككگرتوەكاندا بوون (نموونەی باش بۆ ئەم ناوچانە بریتین لە تۆگۆ و كامیرۆن). ئەگەر كەسێك پابەندبێت بە بنەما سەرەكییەكانی مافی بڕیاردانی چارەنووسەوە، ئەوا لەراستیدا، راپرسیگەلی لەمجۆرە بریتی دەبن لە رەنگدانەوەی ئیرادەی خەڵكە بەشداربووەكە. بە دڵنیاییەوە، پێشبینی كردنی ئەنجامی راپرسیەكە لەم كاتەدا كارێك دەبێت نیشانەی باوەڕبەخۆبوونێكی زیاد لە پێویستی دەبێت كە رەنگە پێچەوانەی مەنتیق بێت...هەروەها لایەنێكی گرنگ كە لێرەدا دەمەوێت ئاماژەی پێبكەم ئەوەیە كە ئەم كێشە ئاڵۆزە نەك هەر تەنیا پەیوەستە بە ئایینەوە، بەڵكو بە لایەنی ئیتنی و كولتووری و جوگرافیشەوە. لەوەش زیاتر، زۆرێك لەو



ئەم هەڵوێستەی خەرتووم تارادەیەکی زۆر لە هەڵوێستی حکومەتەکانی بەغدا دەچێت بەرامبەر بەکورد و بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلی کوردستان، کە تەنیا لەبەر ئەوەی کورد و کوردستانی بوون، هەموو گەلی کوردستانیان بە کورد و تورکمان و کریستیانەوە کۆمەڵکوژ کرد

**پرۆفیسۆر نۆمی چازان**
**سەرۆکی بەشی دیراساتی ئەفریقیا لە زانکۆی حەیفا( بۆ گوڵان):**

# کێشەی ئیتنی لە سۆداندا پێناسەیەکی ژیرانەی بۆ کراوە کە بریتییە لەوەی ئەم کێشانە دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتی ململانێکردن و پرسە ئابووریەکانن

کێشانەی پێیان دەوترێت کێشەی ئیتنی لە سۆداندا پێناسەیەکی ژیرانەی بۆ کراوە کە بریتییە لەوەی ئەم کێشانە دەرهاویشتەی کۆمەڵایەتی ململانێکردن و پرسە ئابووریەکانن. بەتوندی هۆشداری دەدەم لە تەفسیرکردنی ئەم کێشانە لەسەر بنەمای تاکە رەهەندێك، کە بریتییە لە رەهەندی ئایینی )).



لایەنێکی دیکەی پرسی ریفراندۆمی باشووری سۆدان دەیوروژێنێت ئەوەیە، ئایا ئەم ریفراندۆمە دەبێتە مۆدیلێك بۆ ئەوەی کێشە هاوشێوەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی بە هەمان شێوە چارەسەر بکرێت؟ سەبارەت بەم پرسە پرۆ فیسۆر سیما بەیدای سەرۆکی سەنتەری دیراساتی رۆژئـاوای ئاسیا لە زانکۆی جەواهیر لال نەهرۆ لە هیندستان بەمجۆرە رای خۆی بۆ ئەم راپۆرتە دەربڕی و وتی: ((ئەنجامدانی راپرسی و بەشداربوونی خەڵك لە راپرسیدا مافی خۆیانە، زۆرجار بۆ یەکلاکردنەوەی هەر بۆیە رەنگە نەتوانرێت ئەمە بکرێتە مۆدێلێك بۆ ئەوەی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دووبارە بکرێتەوە، بەڵام نکۆڵی لەوە ناکرێت کە کاریگەری دەبێت و رەنگە ببێتە سەرچاوەی ئیلهام بۆ گرووپە ئیتنییەکانی دیکە و کاردانەوەی ئەوانیش داواکردنی ئەنجامدانی راپرسی بێت، بۆ نموونە رەنگە کوردەکان ئەم داواکاریە بەرز بکەنەوە. بەڵام باوەڕم وانییە ئەنجامدانی راپرسی شێوازێکی سەرکەوتوو بێت بۆ چارەسەرکردنی کێشە سیاسییەکان، لەبەر ئەوەی ئەنجامدانی راپرسی لە سیاقی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر زەحمەتە. بۆ نموونە کێشەی کوردەکان هەر تەنیا پەیوەست نییە بە دەوڵەتێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو گرێدراوە بە وڵاتانی ئێران و سوریا و تورکیا و عێراقەوە و لەوە باوەڕەدانیم رژێم و دەسەڵاتەکانی ئەم وڵاتانە رەزامەندی دەربڕن لەسەر ئەنجامدانی راپرسی بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد،



**پرۆفیسۆر سیما بەیدای سەرۆکی سەنتەری دیراساتی رۆژئاوای ئاسیا**
**لە زانکۆی جەواهیر لال نەهرۆ لە هیندستان (بۆ گوڵان):**

# رەنگە ئەزموونی باشووری سۆدان ببێتە سەرچاوەی ئیلهام و هاندانی هەندێ لە کوردەکان بۆ ئەوەی داوای هەمان چارەسەر بکەن



ئەوەی دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە رەنگە ئەزموونی باشووری سۆدان ببێتە سەرچاوەی ئیلهام و هاندانی هەندێ لە کوردەکان بۆ ئەوەی داوای هەمان چارەسەر بکەن)).

بەڵام سەبارەت بە کرۆکی کێشەی باشووری سۆدان و ناکۆکییەکانی لەگەڵ باشوور، پرۆفیسۆر لایف مەنگەر ئوستادی ئەنترۆبۆلۆژی لە زانکۆی بیرگن و تایبەتمەند لە تێگەیشتنی گلۆبالیزم و چارەسەرکردنی کێشە ئیتنی و ئایینییەکان بۆ ئەم راپۆرتە بەمجۆرە هاتە وەڵام و وتی: ((کێشەی باشووری سۆدان پەیوەستە بە پرسی ئایین و ئیتنییەوە، لەبەر ئەوەی هەمیشە بونیادی دەوڵەتی سۆدان بە چەشنێك بووە مەیلە عەرەبی و ئیسلامییەکان باڵادەست بوونە بەسەریدا. چاوخشاندنەوەیەکی خێرا بە مێژووی سۆداندا ئەم راستیە دەسەلمێنێت. هەندێجار ناکۆکیەکەش وەك ناکۆکی باکووری نموونە ئەم راستیە لە ناکۆکی دارفوردا دەردەکەوێت، کە خەڵکەکەی موسڵمانن، لەگەڵ ئەوەشدا دژی مەرکەز دەوەستنەوە. لێرەدا، چارەسەرەکە پەیوەستە بە سەرهەڵدانی بونیادێکی نوێی دەوڵەتەوە لە سۆداندا، کە رێگە بە فرەیی بدات. هەر هەوڵێك بۆ بەرێوەبردنی وڵاتەکە لەسەر بنەمای ئایینێکی دیاریکراو چارەنووسی شکست دەبێت. هەربۆیە پێدەچێت تا رادەیەك لەوە دڵنیابین زۆرینەی خەڵکی باشوور دەنگ بۆ سەربەخۆیی دەدەن. ئەگەر خەڵکی سۆدان بدوێنیت، هەم لە باشوور و هەم لە باکووری وڵاتەکە، ئەوا گومانێکی زۆرت بۆ دروست نابێت لە بارەی ئەم دەرئەنجامەوە «سەربەخۆیی». بە هەمان شێوە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی بۆ واقیعێکی نوێ ئامادە دەکات، کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی نوێ لە ناوچەکەدا دروست دەبێت. بەڵام کارێکی کەم ئەنجام دراوە بۆ ئەنجامدانی پرۆسە

که باشووری سۆدان هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵدەگرێت تۆمەتی میدیاکانی عەرەب بۆ ئەم دەوڵەتە تازەیە ئەوەیە کە دوای ئەوەی سەربەخۆیی وەرگرت ئایا لەگەڵ ئیسرائیل پێوەندی دروست دەکات یان نە



**پرۆفیسۆر لایف مەنگەر ئوستادی ئەنترۆپۆلۆژی لە زانکۆی بیرگن و تایبەتمەند لە تێگەیشتنی گلۆبالیزم و چارەسەرکردنی کێشە ئیتنی و ئایینییەکان(بۆ گولان):**

# کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خۆی بۆ واقیعێکی نوێ ئامادە دەکات، کە دەوڵەتێکی نەتەوەیی نوێ لە ناوچەکەدا دروست دەبێت

راستەقینەکان. لەم رووەوە سنووری باکوور-باشوور، یەکێکە لە نموونەکان، کە جگە لە کێشانی سنوور تەرتیباتێکی کەم ئەنجامدراوە. تەرتیباتی دامەزراوەیی کەم ئەنجامدراوە بۆ چۆنییەتی بەڕێوەبردنی ئەو پرۆسانەی کە پەیوەستن بە ناوچە سنوورییەکانەوە، وەك هاتووچۆی خەڵك بەو سنوورانەدا، هێنانی مەڕ و ماڵات بۆ لەوەڕاندنیان، چۆنییەتی یەکلاکردنەوەی ناکۆکیە موڵکدارییەکان لەهەردوو دیوی سنوورەکە و تاد. ئەمانە تەنیا نموونەیەك بوون بۆ پرسە ئاڵۆزەکان کە ئەگەر چارەسەر نەکرێن، ئەوا زوو دەبنەهۆی دروستبوونی «هەستی نیشتمانپەروەرێتی» و بە ئاسانی دەبنە سەرچاوەی کێشە کاتێك ناوچەکە دەگۆڕێت لە ناوچەیەك کە «پێوەندییە خێڵەکییەکان» تێیدا باڵادەست بوو بۆ ناوچەیەك کە «تەفاعولی دەوڵەت نەتەوە» زاڵدەبێت بەسەریدا)).



سەرنج و تێڕامانە میدیای عەرەبی هەموو کات ئەو پرسیارە لەبەرامبەر ئەو گەلە غەیرە عەرەبیانە دەوروژێنن کە هەنگاو بۆ سەربەخۆیی هەڵدەگرن یان دەگەنە ئاستێك کە پێوەندی لەگەڵ جیهانی دەرەوە گرێبدەن، ئەم پرسە بۆ کورد چۆنە بۆ باشوورییەکانیش بەهەمان شێوەیە، بۆیە لەم سەروبەندەدا کە باشووری سۆدان هەنگاو بەرەو سەربەخۆیی هەڵدەگرێت تۆمەتی میدیاکانی عەرەب بۆ ئەم دەوڵەتە تازەیە ئەوەیە کە دوای ئەوەی سەربەخۆیی وەرگرت ئایا لەگەڵ ئیسرائیل پێوەندی دروست دەکات یان نە،، هەروەها دەیکەنە مانشێتی سەرەکی رۆژنامەکان و مەسەلەکەش هێندەی بە رێگرتن لە مافی چارەنووسی گەلانی غەیرە عەرەب هەیە و هەوڵێکە بۆ دروستکردنی ئاستەنگ بۆیان شتێکی دیکە نییە.

# بەهیچ شێوەیەک پلاندانان جێبەجێ ناکرێت



دکتۆر یاسین عەبدولڕەحمان*

لە سەرەتای هەشتاکان پێش ئەوەی هێرشی سوپای عێراقی بەتەواوەتی دژی کورد بەرپا بێت و پرۆسەی راگواستن و تەعریب و جینۆسایت دژ بە میللەتی کورد دەست پێ بکات، ئەوکاتانە کەرتی کشتوکاڵی کوردستان لەقۆناغێکی باش دا بووە، ئەمەش بۆ کۆمەڵێك هۆكار دەگەرایەوە کە گرنگترینیان بازاڕێك هەبوو بۆ ساخکردنەوەی بەرووبووم و کەرەستە خۆراکی و کشتوکاڵییەکان و دواتر گوندنشینەکان کۆچیان بەتەواوەتی دەست پێ نەکردبوو ئیتر کۆچکردنی بەئارەزوو بێت یا زۆرە ملێ، ئەم هۆكارانە زیانی بەکەرتەکە گەیاند، چونکە پێشتر بازاڕێك هەبوو تێیدا گوندنشینەکان بەرهەمەکانیان کەزۆرینەی کشتوکاڵی بووە تێدا ساخ دەکردەوە، بەتایبەت لەشارە گەورەکاندا کە چەند کارگەیەکی پیشەسازی خۆراکی هەبوو ئەمە جگە لەوەی خواستێکی فراوانی خەڵکیش هەبوو بۆ کڕین و بەکارهێنان و بەکاربردنی کاڵاو بەرهەمی خۆماڵی بەو پێیەی چری دانیشتووانی کوردستان لەشارەکاندا چڕ بووبۆوە. ئەمڕۆ نەبوونی کارگەو پیشەسازی کشتوکاڵی هۆکاری سەرەکی لاوازی کەرتی کشتوکاڵە، لە ١٩ ساڵی رابردوودا لێرەو لەوێ بەتایبەت لەقۆناغی گەمارۆی ئابووری چەند هەوڵێك هەبوو بۆ دامەزرانی کارگەی بچووکی زەیتی گوڵەبەڕۆژەو چەند کارگەیەکی تر بەڵام لەبێ ئیدارەیی و خراپ بەڕێوەبردنی ئابوورییەوە شکستیان پێ هێنرا، ناکرێت لەهەرێمێکدا بازاڕ بۆ بەرهەم و بەرووبوومە کشتوکاڵییەکان نەدۆزرێتەوە کەچی بمانەوێت کەرتی کشتوکاڵی پێش بکەوێت، کاتێك باسی پێشکەوتنی کەرتی کشتوکاڵ دەکەم مەبەست لەرووی چۆنایەتی و چەندایەتییەوەیە، بڕوا بکەن ئەوەی هەشمان بوو لەژێرخانی کەرتەکەو کارگەو شارەزایی لەنەزانینی خۆمانەوە لەناوبرا، بۆچی کەمبوون کارگەکانی شەکرو جگەرەو بەرهەمی تری کشتوکاڵی؟ ئەمەیە نەزانین لەبەڕێوەبردنی ئابووری و پێشخستنی کەرتە بەرهەمهێنانەکانەوە، ڕەخنەکان بۆ ئێستای ١٩ ساڵەی خۆبەڕێوەبردنی کوردە بەتایبەت لە دوو کابینەیەی پێنج و شەشەمدا، ئێستاکە پێویستە وەڵامی ئەو پرسیارانە بدرێتەوە بۆچی و لەپێناو چی دا کارگەی زەیتی گوڵەبەڕۆژەو دۆشاوی تەماتەو دەیان کارگەی تری پیشەسازی خۆراکی لەپرۆسەی بەرهەمهێنان راوەستا؟ کێشەی ئابووری کوردستان و کەرتی کشتوکاڵی لەوەدایە بەهیچ شێوەیەك پلاندانان جێبەجێ ناکرێت، گەر جێبەجێ بکرایە بەو هەموو ساڵە هیچ نەبێت کارگەکانی پیشەسازی خۆراکی و کشتوکاڵی دەبوژانەوە بەدەیان کارگەی تری کشتوکاڵی لە نزیك ناوچە کشتوکاڵییەکان دادەنران، یاخود ژێرخانی ئابووری لەکەرتی کشتوکاڵ دەچووە قۆناغێکی تری پێشکەوتووەوە.

تاوەکو نەتوانرێت بەرووبووم و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی کوردستان بازاڕی بۆ بدۆزرێتەوە، ناکرێت باس لە پێشکەوتن و دووبارە بونیادنانەوەی کەرتی کشتوکاڵ بکرێت، بەبازاڕکردنی بەرووبوومی کشتوکاڵی هاندەری بەرزکردنەوەی توانای کێڵگەکانمانە ئەمەش لەڕێگای دامەزرانی کۆمپانیای بچووك و هێنانی کۆمپانیای گەورەی وا دەبێت، کە بتوانێت خاوەنی پرۆژەی پیشەسازی کشتوکاڵی بێت و لەهەرێمەکەدا ئەمجۆرە کارگانە دابنرێت، [illegible] ئێستا رووبەرە زەوییەکان بۆ کەسانێک بدرێت کە جوتیار نین یاخود بیزنسکاری کەرتی کشتوکاڵی نین، دەکرێت لەم قۆناغەدا گرنگی بە پرۆژە بچووکەکان بدرێت، کە رۆڵیان لەپەرەپێدانی ئابووری هەیەو دواتر هەنگاو بۆ پرۆژەی پیشەسازی کشتوکاڵی گەورە بنرێت. ئەو پرۆژانەی کە ئێستا ئابووری وڵاتانی پێشکەوتووی دنیا بەڕێوەدەبەن و پشت بەتەکنەلۆژیا و شێوازی نوێی بەرهەمهێنان و بەبازارکردن دەبەستن، بەرادەیەك بەرهەمەکانیان پێشکەوتووە لەرووی کوالیتی و چەندایەتییەوە چۆتە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوو، کاتی ئەوەهاتووە بپرسین پلانی ستراتیژی کشتوکاڵ کەیشت بەکوێ؟

تەنیا بەهێنانی حکومەت چارەسەری هیچ کێشەیەکی سیاسی ناکات

**تاوەکو نەتوانرێت بەرووبووم و بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی کوردستان بازاڕی بۆ بدۆزرێتەوە، ناکرێت باس لە پێشکەوتن و دووبارە بونیادنانەوەی کەرتی کشتوکاڵ بکرێت**

*** پسپۆری ئابووری لەبواری بەرهەمهێنانی کشتوکاڵی لە زانکۆی سلێمانی**



فەتحی محەمەد عەلی

هەرێمی کوردستان بە قۆناغێکی هەستیار تێپەر دەبێت لە بواری بازرگانی و پەیوەندی بەستنەوەی لەگەلأ وولاتانی دەوروبەر و وولاتانی جیهان، ئەوەش پاش کۆتایی شەڕی کەنداوی یەکەم و دەستپێکردنی قۆناغێکی تری سیاسی لە ناوچەکەدا . ئاوڕدانەوەیەك لە مێژووی دروستبوونی شارستانی وڵاتان، هۆکارەکانی گەشەبوونیان دەگەڕێتەوە بۆ بەهێزبوون لە روانگەی پەیوەندی بازرگانی و لاوازبوونی وڵاتان دەگەڕێتەوە بۆ لاواز بوونی پەیوەندی بازرگانی نێودەوڵەتی، لەم پرەنسیپەوە هەرێمی کوردستان دەتوانێت مێژویەکی گەش تۆماربکات.

لەم کاتەدا و پاش تێپەڕبوونی چەندین قۆناغ، هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی بازرگانی پەیڕەو دەکات بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی بازرگانی هەرێم لەگەڵ وڵاتانی تر. سالانی رابردوو ئەم ئەزموونە وێڕای سیاسەتی نێودەوڵەتی و گرفتە چارەسەرنەکراوەکانی رۆژهەلاتی ناوەراست، ئەم سیاسەتەی هەرێمی کوردستان بۆ مامەڵەکردن لەگەلأ وڵاتانی دەوروبەر و وولاتانی جیهان بە سەرکەوتوویی قۆناغی یەکەمی تێپەڕاند، هەنگاوی دووەم پێك دێت لە دوو بەشی سەرەکی:

١/ دروست کردنی وێنەیەکی دروست لە رەوشی ئابووری کوردستان لە ژینگەی بیزنس و نێودەوڵەتی و کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

٢/ دروست کردنی ژینگەیەکی ئابووری گونجاو بۆ راکێشانی سەرمایەی بیانی لە هەرێم.

پەیوەندییەکانی بازرگانی هەرێمی کوردستان دەتوانین پۆلێن بکەین بەپێی وڵاتان:-

١/ وڵاتانی دەوروبەر.
٢/ وڵاتانی عەرەبی.
٣/ وڵاتانی ئەوروپی.
٤/ وڵاتانی تر.

هەر وڵاتێك تایبەتمەندی خۆی هەیە لە دروستکردنی پەیوەندی بازرگانی .

لەم روانگەوە دوو نموونەی وەردەگرین لەبەر گرنگی و تێپەڕبوونی قوناغی پێشکەوتوو لەگەڵیان:

یەکەم / پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ وڵاتی تورکیا

هەرێمی کوردستان چۆن دەروازەیەکە بۆ عێراقی داهاتوو لە هەمان کاتدا تورکیا دەروازەیەکە بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق بەرامبەر جیهانی ئەوروپا.

بڕیاری سیاسی حکومەتی تورکیا جۆرێك لە گۆڕانکاری پێوە دیارە بە جۆرێك کە کونسولگەری گشتی بکاتەوە لە هەولێری پایتەخت و وەزیرانی دەرەوەو بازرگانی بۆ هەرێم رەوانەبکات بۆ دەستپێکردنی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ تورکیا .

خوێندنەوەیەك بۆ دوارۆژی تورکیا لەگەڵ جیهان هۆکارێکی گرنگە بە بڕیار دان بۆ کرانەوە بەرامبەر تورکیا بەتایبەت قبوڵکردنی تورکیا بە ئەندامی یەکێتی ئەوروپی لە داهاتوویەکی نزیکدا و رێژەی گەشەکردنی ئابووری کە لە٥٪ بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی ئەوروپی، لێرەوە تێدەگەین گرنگی بەستنەوەی هەرێم بە ڕێگای ستراتیجی تورکیا وە سوود وەرگرتن لە ئەزموونی ئەم وڵاتە.

دووەم / پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ ئەڵمانیا

هەرێمی کوردستان هەنگاوێکی بۆ ئەم وڵاتە پیشەسازییە ناوە کە مایەی خۆشحاڵی یە لەکاتێك کە ئەڵمانیا دووەم ئابووری دەنوێنێ لە جیهان پاش ئەمریکا و یابان.

هەرێمی کوردستان لە بەرنامەی ئابووریدا گرنگی دانە بە بواری کشتوکاڵ – پیشەسازی و پیشەسازی نەوتی ئەوەش بوارێکە ئەڵمانیا دەتوانێت ئەزموونی خۆی بخاتە ژێر دەستی بڕیاردەرانی هەرێمی کوردستان .

***راوێژکاری پەیوەندییەکانی بازرگانی**



# ئەقڵیەتی بەدواخستنی بڕیار:
# لە کوردستان و باشووری سوودان



**فەلەکەدین کاکەیی**

**بەشی دووەم**

(٣)

بە گشتی، کوردستان و باشووری سودان، لە گرفتە سەرەکییەکاندا (چوون یەکن)...

هەرچەندە دوو حکومەتی ناوەندیی جیاواز لە دوو وڵات و دوو قارەی جیاوازن(ئاسیا و ئەفریقیا). جیاوازییەکی دیکەش ئەوەیە کە کێشەی کورد لە چوار وڵاتی دراوسێی یەکدیدایە، هەرچەندە کێشەی باشووری سوودان، زیاتر لە نێو سوودانە، بەڵام پێوەندیی قووڵی بە چەندین وڵاتی دەوروبەرەوە هەیە.

کەواتە، ناتوانین بڵێین هەردوو کێشە بەرەو یەک چارەسەر دەچن، بەڵام ناشتوانین ئەو حاڵەتە بەرچاونەگرین، ڕەنگە وێکچوونێکی دیکەش لەوەدا ببینین کە شێوەی چارەسەری هەردوو کێشە کاریگەری قووڵ دەخاتە سەر سیستەمی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووریی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتی ناڤیندا.

گەورەترین مەسەلە کە ڕووبەڕووی حکومەتی سوودان و حکومەتی باشووری سوودان بووەتەوە ئەوەیە کە:

١- ئایا ڕیفراندۆمی دیاریکردنی چارەنووسی باشوور لە کاتی خۆیدا(کانوونی یەکەمی ٢٠١١) بەڕێوەدەچێ یا نا؟!

٢- ئەگەر ڕیفراندۆمەکە نەکرا، چی؟!

حکومەت و خەڵکی باشوور هەر لە ئێستاوە هەڕەشە دەنێرن بۆ خەرتووم، جیهان تێدەگەیەنن، کە بە هیچ شێوەیەك دواخستنی ڕیفراندۆمەکە قبووڵناکەن، پەرلەمانی باشوور ڕایگەیاندووە ئەگەر حکومەتی سوودان لە ریفراندۆمەکە پاشگەز بووەوە، ئەوە پەرلەمان و حکومەتی باشوور، ڕێگە چارەی تایبەتمەندی خۆیان دەگرنە بەر بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی ئازادی خەڵکی باشوور، جا بە هەر بڕیارێك بگەن جێبەجێی ئەکەن.

(٤)

هەر لە ئێستاوەش دیارە کە خەڵکی باشوور دەنگ بە جیابوونەوە و سەربەخۆی و دامەزراندنی دەوڵەتی خۆیان دەدەن.

حکومەتی ناوەندی سوودان و ئۆپۆزسیۆن و وڵاتانی دەوروبەر و کۆڕ و کۆمەڵەی جیهانیش ئەو حەقیقەتە دەزانن.

بەڵکو، بەپێی گوزارشی ئاژانسەکان، حکومەتی ناوەندی سوودان هەر لە ئێستاوە خۆی بۆ ئەگەرێکی وەها ئامادە دەکات و، دامودەزگای نوێنەرایەتی ئایندەی خەرتووم لە دەوڵەتی باشوور دادەمەزرێنێت.

هەروەها حکومەتی باشووریش خەریکی خۆ ئامادەییە بۆ دامەزراندنی دەزگا سیادییەکان و دەستنیشانکردنی نوێنەرایەتی دیپلۆماسی لە دەرەوە.

حکومەتی سوودان هیچی بەدەستەوە نەماوە، ئەوە نەبێ هەوڵدەدا هەندێ ئاژاوە و گرفتی ناوخۆ لە باشوور بنێتەوە، کە ئێستا سەرنەکەوتووە، چونکە بزاڤی ڕزگاریخوازی باشوور زاڵە بەسەر هەرێمەکەدا و دامودەزگای پتەو بەهێزی دامەزراندووە بۆ بەڕێوەبردن، هەروەها سیاسەتی خەرتووم تا ئێستا هیچ باشییەکی نەبووە تا خەڵکی باشوور دڵی پێخۆشکەن.

بەڵکو حکومەتی ناوەندی سوودان چەندین کێشەی گەورەی هەیە، وەك ئەوەی هەرێمی دارفۆر و گەمارۆی نێودەوڵەتی لەسەر سوودان و بڕیاری دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بۆ گرتن و دادگاییکردنی سەرەك کۆماری سوودان، عومەر بەشیر و کێشەی ئابووری و گرفتی ئاو لەگەڵ میسر و تاد.کەواتە، حکومەتی ناوەندی سوودان، بەتایبەتی لەبەر هەڵە گەورەکانی عومەر بەشیر و ڕژێمەکەی، لە هەلومەرجێکی ناهەمواردایە، دەستی کەوتووتە ژێر بەرد، قەرزاریشە، کێشەی ئەپۆزسیون و هەرێمی دارفور و گرفتی ئابووری و کۆمەڵایەتی تەنگی پێهەڵچنیوون.

ئەوەتا هەرێمی دارفوریش هەڕەشەی دەربڕیوە کە ئەگەر حکومەتی ناوەندی فشاری لەسەر کەمنەکاتەوە ئەوە ئەویش(واتە: دارفۆر) بڕیاری یەکلاکردنەوەی چارەنووسی خۆی دەدات. سوودان ئێستا لە چەقی دووڕێیانە:

- یا دەبێ بە وڵاتێکی کۆنفیدراڵی، ئەویش ئەگەر خەڵکی باشوور ڕازی بن، بە سیستەمی دوو دەوڵەتی فیدراڵی لە ناویەك.

- یا دەبێ بۆ دوو دەوڵەتی سەربەخۆ.

لەهەموو حاڵەتێکدا وڵاتی سوودان وەك ئێستا نامێنێتەوە، چونکە ئەگەر باشوور یەکگرتنەوە لەسەر بناغەی کۆنفیدراڵیش قبووڵبکات ئەوە هەر دەبێ سنووری هەرێمەکە دیاریبکرێت و سامان و دەسەڵاتیش بەسەر هەردوولادا دابەشبکرێت.

مەسەلەی جەنگ یا ئاشتیش لە ئارادایە، چونکە هێشتا نازانرێ کە حکومەتی ناوەندی سوودان تا چەند ئامادەی قبووڵکردنی ئەنجامی ریفراندۆمی باشوورە، ئەگەر قبووڵی نەکرد چی؟!

ئەگەر ئۆپۆزسیۆن لێی هەڵسانەوە چی؟! ئەگەر کودەتایەکی سەربازیی کتوپڕ لە خەرتووم هاتە کایەوە، چۆن، دەبێ؟! خۆ لە نێو دامودەزگای سیاسی و سەربازی و ئەمنی دەوڵەتی سوودانیشدا کەسانێکی ڕەگەزپەرست و شۆڤێنیست هەن، کە ناتوانن مافی خەڵکی باشوور و خەڵکی دارفۆر و پێکهاتەکانی دیکە قبوڵبکەن، پێکهاتەی حکومەت و دەوڵەتی سوودان، وەك وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دیکە، پێکهاتەیەکی دیکتاتۆری و بەرچاو تەنگە، ناتوانێ فرە لایەنی نەتەوەیی و فرە کەلتووری قبووڵبکات.

خەڵکی باشووری سوودان بەتایبەتی لە ساڵی ١٩٥٣ەوە، خەریکی موقاوەمەت و خەباتی چەکداری و سیاسی و جەماوەری و دیبلۆماسی پێکهاتەی حکومەتەکەیان لەسەر کەلەپووری خەباتی درێژخایەنیان دامەزراوە، ئەزموونی چڕ و پڕیان دیتووە، جارێکی دیکە ناچنەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی دیکتاتۆری ڕەگەزپەرستیەوە.

خەباتی باشووری سوودان هەمیشە گرێوگڵپەی داوە بە خۆڕاگری و خەباتی گشت خەڵکی سوودانە چ لەخەرتوومی پایتەخت یا لە هەرێمەکاندا.

ئەوە بڕیاری خەڵکی باشووری سوودانە.. ئەگەر ڕیفراندۆمەکەیان نەکرد واتە:

ئەگەر حکومەتی ناوەندی نەیکرد، یا کۆسپی هێنایەپێش!.

- ئەی ئێمە چی ئەگەر ماددەی ١٤٠ هەر پشتگوێ خراو بە دواخراو. جێبەجێنەکرا؟! خۆ ماددەی ١٤٠ دروست مەسەلەی سنووری هەرێمی کوردستانە، سنووری باشووری کوردستانە.

- ئەز نابێژم ئێمەش کتومت وەك باشووری سوودان ببین..

- بەڵام دیارە کە ئەزموونی هەر میللەتێك دەبێ بەپەند و وانە بۆ میللەتانی دیکە.

**دوو هەفتە جارێک دەینووسێ**

**تەنیا پێکهێنانی حکومەت چارەسەری هیچ کێشەیەکی سیاسی ناکات**

# لە ڕەمەزاندا نرخەکان بەرادەیەک ڕوو لەهەڵکشان دەکەن  بەقەد بەرەکەش بەش ناکات



دکتۆر خالید حەیدەر *

کێشەی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاو کەلوپەلەکان لەمانگی ڕەمەزان تەنیا تایبەت نییە بەعێراق و هەرێمی کوردستان، بەڵکو سەرجەم وڵاتانی ناوچەکەو وڵاتانی موسڵمان دەگرێتەوەو لەو مانگەدا ڕووبەرووی هەڵکشانێکی لە ڕادەبەدەری نرخەکان دەبنەوەو، حاڵەتەکەش بەردەوامی دەبێت لەگەڵ نزیکبوونەوەی جەژنی ڕەمەزان بارودۆخەکە ئاڵۆزتر دەبێت و دوای جەژنیش بازاڕەکان دووچاری بێبازاڕی و تا ڕادەیەك سستبوونی کاروچالاکی بازاڕ دەبنەوە. کۆنترۆڵکردنی خواست بەشێوەیەکی گشتی و هاوسەنگ بوونی خواست و خستنەڕوو بەشێوەیەکی گشتی لە وڵاتانی تازەپێگەیشتوو کارێکی ئاسان نییە بەو پێیەی ئەو وڵاتانە خۆیان لەخۆیاندا ڕووبەڕووی قەیرانی ئابووری دەگمەنی کاڵاو کەلوپەلەکان بوونەتەوەو وڵاتانی بەرهەمهێن نین. کێشەی هەڵئاوسانی نرخەکان و بەرزبوونەوەی بەهای خزمەتگوزارییەکان لەسەر هەرێمی کوردستان و هاووڵاتییانی کەم دەرامەت و مامناوەندی لە داهات تیژتر و کاریگەرتر دەبێت، بەو پێیەی ئەم توێژانە لەتوانایاندا نییە داهاتی تاکەکەسییان بەهاوشێوەی بەرزبوونەوەی نرخەکان ڕوو لەهەڵکشان بکات بەڵکو بەو هاووڵاتییانە ناودەبرێن کە بەداهاتی دیاریکراو ناسراون، ئەمە جگە لەوەی لەهەرێمی کوردستان ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتییان بەتایبەتی ئافرەتان بێکارن و ئەوەی تەمەنیشی گەورەیەو خانەنشینە خاوەنی داهاتێکی کەمە، ئەمە جگە لەوەی هەرێمی کوردستان خاوەنی بیمەی کۆمەڵایەتی و چاودێری تەندروستی و زەمانی کۆمەڵایەتی نییە و پێداویستییەکانی بواری تەندروستی بەرادەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرز بۆتەوە، لەهەندێك حاڵەتتدا لەنرخەکانی وڵاتێکی پێشکەوتووی ئەوروپایی زیاترە.

بەمشێوەیە کەمی و دیاریکراوی داهاتی تاکەکەسی و هەژاری و بێکاری و نزمی مووچەی خانەنشینی و بەرزی نرخەکانی بواری تەندروستی و کەمئەندامێتی کە ڕێژەکەی لە کوردستاندا زۆرە هەمووی دەرئەنجامێکی مەترسیداری لێدەکەوێتەوە لەگەڵ هەڵئاوسانی نرخەکان کاریگەری خراپی بۆ سەر هاووڵاتییان و بواری گوزەرانی خێزانەکان قورسترو پڕ لەمەترسیدارتر دەکات، ناچار ئەو هاووڵاتییانەی کەم دەرامەتن و خاوەنی داهاتی کەم و مامناوەندین ناتوانن بەقەد بەڕەکەش پێیان ڕاکێشن، چونکە پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانیان بەتایبەتی لەو مانگە بەرزدەبێتەوە ناچار ملکەچی نرخە تازەکان دەبن. زۆرجار مەسەلەکە دەچێتە بواری کولتوورێکەوە کە هاووڵاتی کوردستانی ترسی لە کەمی کاڵاو کەلوپەلە خۆراکییەکان هەیە، ئەمەش وەکو حاڵەتێکی دەروونی لەئاکامی شەڕو گەمارۆی ئابووری و دەگمەنی کاڵاکانەوە دووچاری بووە، بۆیە پێش هاتنی مانگی ڕەمەزان هاوڵاتییان دەستیان کرد بەکڕینی پێداویستییەکانیان و زۆرجار بەکۆ کاڵاکان دەکڕن، ئالێرەدا فرۆشیار و بازرگان کە بەدوای قازانجی خێراو دەستکەوتەوەن ڕاستەوخۆ نەك تەنیا نرخەکان ناشکێنن کە پێشتر لەهەندێك بواردا ڕوویدا بوو بەڵکو بەهاکانی بەرز دەکەنەوە بەرادەیەك لەگەڵ بەهاو نرخی ڕاستەقینەی خۆیدا ناگونجێت، بەمشێوەیە لەمانگی ڕەمەزان بازاڕەکان دەبوژێنەوەو نرخەکانیش بەرز دەبنەوە.

ڕێگا چارەسەرەکان چییە ؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە کە لەگەڵ کەوتنەوەی هەر کێشەیەکدا ڕاستەوخۆ هاووڵاتییان ئاراستەی لایەنی دەسەڵاتی دەکەن و چاوەڕێی ئەوەش دەکەن بەزووترین کات ڕێگا چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، ڕاستە لە پیادەکردنی ئابووری بازاڕو تارادەیەك ئازادکردنی بازرگانی حکومەت ناتوانێت دەستێوەردانی ڕاستەوخۆ بەدانانی نرخەکان بکات بەڵام لەسەرجەم وڵاتانی دنیا لەکاتێکی دیاریکراو بۆ مەبەستێکی دیاریکراو لەپێناو بەرژەوەندی گشتی دەستێوەردانی حکومەت بۆ ناو کاروباری بازرگانی و بازاڕ هەیە، بۆ نموونە لەم مانگی ڕەمەزانەدا دیاریکردنی نرخەکانی هەندێك کاڵاو کەلوپەل و مەوادی خۆراکی شتێکی ئاساییە، هاوکات لەم مانگەدا بەرزکردنەوەی هۆشیاری هاووڵاتییان بە ئاگادارکردنەوەیان بەکەمکردنەوەی خەرجییەکان و زێدەڕۆیی نەکردنیان کاریگەری خۆی دەبێت، لەمەش گرنگتر دڵنیاکردنەوەی هاووڵاتییانە بەوەی لەم مانگەدا کێشەی دەگمەنی لەنرخی کاڵاو کەرەستە خۆراکییەکان ڕوونادات .

یەکێك لەو خاڵانەی کە لەئاکامی بەرزبوونەوەی نرخی کاڵاو کەلوپەل و کەرەستە خۆراکییەکان دەکەوێتەوە زیانگەیاندنە بەئابووری کوردستان، ئابوورییەك کە خۆی لەخۆیدا بەرهەمهێن نییەو واقیعێکی وایلێکەوتۆتەوە پارەو داهاتەکانی کوردستان بۆ دەرەوەی وڵات بچێت، چونکە لەگەڵ هەر بەرزبوونەوەیەکی نرخی کاڵاکان پارەیەکی زیاتر ڕوو لەوڵاتانی دەوروبەرو جیهان دەکات و دەبێتە هۆی دابەزینی بەهای نرخی دیناری عێراقی، بۆیە پێویستە ڕوو لەبەرهەمهێنان بکەین کە لەلایەك دەبێتە هۆی کۆنترۆڵکردنی بازاڕەکان و نرخ لەلایەکی ترەوە ئەو بڕە پارەیەی کە هاووڵاتییان دەیداتە فرۆشیارو بازرگان بۆ سوودی توێژێکی فراوانی جوتیارو کرێکارو بەرهەمهێن دەچێت.

لەم ڕوانگەیەوە ناکرێت کۆنترۆڵی زانستییانەو باشی نرخەکان بکەین بێ ئەوەی کۆمەڵگایەکی بەرهەمهێن بین، چونکە کۆنترۆڵکردنی نرخەکان لە وڵاتانی دەوروبەرو لەلای بازرگانی دەرەوە کارێکی زەحمەتە، پێویستە کار بۆ بەهێزبوونی ژێرخانی ئابووری و پێشخستنی کەرتی بەرهەمهێن بکرێت ئەوجا ڕوو لە مەسەلەی کۆنترۆڵکردنی نرخەکان بنرێت لەناوخۆو دروستکردنی کێبرکێ لەنێوان بەرهەمهێنەرەکان و بازرگانەکان بدرێت بەوەی لەپێناو باشترین کوالێتی و هەرزانترین نرخ ڕۆحی کێبرکێ دروست بێت و بەرهەمهێنانی کوردستانیش دەست بەژیانەوە بکاتەوە.

* مامۆستای ئابووری لە زانکۆی سلێمانی

# دیسانەوە سیاسەتی بەعارەب کردن..

## ((وەک خۆئامادەکردنێ بۆ سەرژمێری دانیشتووان لەداهاتوودا))




**پرۆفیسۆر د. خەلیل ئیسماعیل محەمەد**

**تایبەت بۆ گوڵانی نوسیووە**


سەرلەنوێ ڕێڕەوەکانی سیاسەتی بەعارەبکردن بەتایبەت لەناوچە( جێناکۆکی لەسەرەکان)لەهەڵکشاندایە، ئەمەش هاوکوفە بەنزیك بوونەوەی کاتی سەرژمێری گشتی دانیشتووان لەعێراقدا، کە وا بڕیارە لەتشرینی یەکەمی ئەمساڵدا جێبەجێ بکرێت، ئامانجی سەرەکی لەم بەعارەبکردنە نوێیەدا سنووردارکردنی بوونی کوردە لەو ناوچانەدا تا گەر دەسەڵاتدارانی عێراق ناچار بوون ماددەی ١٤٠ ی دەستووریی جێبەجێ بکەن ئامانجەکانی حکومەتی ناوەندی تێدا بپێکرێن..

لەپاڵ ئەو فشارە ئابووری و سیاسییەی خەڵکی بەرەچەڵەك رەسەنی ئەو شارە لەسەریانە کە دوایەمینیان دامەزراندنی ٧٠٠ کرێکارو فەرمانبەر بوو لەکۆمپانیای نەوتی باکووردا کە تەنیا پەنجایان کورد بوون، لەکاتێکدا ژمارەی کارمەندانی ئەو کۆمپانیایە دەگاتە نزیکەی ١٢ هەزارێك، لەکۆی گشتی ئەو ژمارەیە تەنیا ٦٪ی کوردن! بەو ئومێدەی پێچکەکانی مێژوو بگەڕێننەوە بۆ پاشەوە هاوکات بەنزیکبوونەوەی وادەی ئامارو سەرژمێری ناوبراو، لەوانەشە بۆ دواخستنی سەرژمێرییەکە بەمەبەستەوە کار بکرێت، یان بەلایەنی کەمەوە ئاوارتەکردنی پارێزگای کەرکوك و دوورخستنەوەی لەو ئامارە گشتییەدا. هەمووی لەپاڵ ئەوەدا فشارو هەڵسوکەوتی رەگەزپەرستانە لەکەرکووك بۆ سەر کوردان هەیە کە هاوکات لەخانەقین و مەندەلیش هەمان فشارهەن، لەپێناوی راگرتنی گەڕانەوەی ئاوارە دەرکراوەکانی شارەکە بۆ زێدی خۆیان و هاندانی عارەبی هاوردەش بەنیشتەجێبوون لە شوێنیان تا وێنەیەکی دیموگرافی و نەتەوەیی جیاواز لەحەقیقەتی دەرئەنجامەکانی سەرژمێریی داهاتوو دەربخەن.. بایەخدانی ناسروشتی بەم تەوەرە لەلایەن حکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقەوە شتێکی تازە نییە، بەپێی پرۆتۆکۆلاتی ئاستانە کە لەساڵی (١٩١٣- ١٩١٤) بۆ راستاندنی سنووری نێوان هەردوو دەوڵەتی ئێران و عێراق مۆرکراون ئەم مەسەلانە یەکلابوونەوە:

١- هەژموونی سەربازی ئێران بەسەر ئەو دۆڵانەی دەڕواننە دەشتایی بەغدا، ئەمەش لەبەرزاییەکانی زاگرۆسەوە دەست پێدەکات کەبوونەتە بەشێك لەسنووری نێوان هەردوو وڵات..

٢- دەستگرتن بەسەر سەرچاوەکانی رووبار و کانی و جۆگەکانی ئاویان لێدێت، بەتایبەتی ئەوانەی خەڵکی خانەقین و مەندەلی و بەدرە لەژیانی رۆژانەیاندا یان بۆ کشتوکاڵ و لەوەڕاندنی ئاژەڵەکانیاندا. پشتیان پێ دەبەستن

٣- دابەشکردنی کێڵگە نەوتیەکان لەنێوان هەردوو دەوڵەتی عێراق و — ئێران، هاوشێوەش کەرتکردنی هۆزە کوردییەکانی سەرسنووری نێوانیان..

بەپێی ئەو پرۆتۆکۆلانە ئەم دەڤەرانە گرنگی ستراتیژی بۆ پەیدا بوون چونکە دەکەونە ناوجەرگەی ئەو شوێنانەوە کەبە ئاڕاستەی شاری بەغدا دەکرێنەوە و هەر لەهەڵەبجەوە درێژ دەبێتەوە تا بەدرەی سەر بەپارێزگای کوت، ماوەی نێوان سنوورو پایتەختی عێراقی لەو ناوچانەوەو بەتایبەت لەسەر سنوورەوە تەنیا ١٥٠ کیلۆمەترە..

لەبەرئەوە هەر لەساڵی ١٩٢١ کە دەوڵەتی عێراقی دامەزرێنرا حکومەتەکان بەرنامەو پلانی بەردەوامیان دادەڕشت بۆ دوورخستنەوەی نەتەوەی کورد لەو ناوچانەدا، ساڵی ١٩٢٥ یاسای رەگەزنامەی عێراقییان دەرچوواند، کۆمەڵگای عێراقی خانەبەندی کرد بۆدووخانە پێکهات لە پاشماوەی عوسمانییەکان و پاشماوەی ئێرانی، لەو کاتەدا حکومەتی عێراقی گرووپی یەکەمیانی هاندەدا بۆ وەرگرتنی رەگەزنامەی عێراقی بەڵام بەربەستی زۆری هاویشتە بەردەم گرووپی دووەم، ئەم کارەش بووە هۆی بێبەشکردنی توێژێکی زۆری کوردانی ناوچەکە لە وەرگرتنی رەگەزنامەدا ئەمەش هەنجەتی پێدەدان کەبە بەردەوامی شەپۆلەوە روو لەدەرەوەی وڵات بکەن، هەر کاتێ نائارامی سیاسی دەکەوتە نێوان ئەو دوو دەوڵەتە دراوسێیەی یەکەوە بەتایبەت لەنیوەی دووەمی سەدەی رابردوو هەڵمەتی دەرکردن و رەوانەکردنی گروپی دووەم لەهەڵکشاندا دەبوو..

دەرئەنجامی ئەم سیاسەتەش کەمبوونەوەی بەردەوامی خەڵکی کورد بوو لە پارێزگای دیالە بەشێوەیەك لەنێوان ساڵانی (١٩٤٧-١٩٧٧) لەرێژەی ٢٦٪ی دانیشتووانی کوردەوە بۆ ١١٪ کەمتر بوونەوە واتە بەرێژەی ٥٪ هەموو دە ساڵ جارێك..

لەناو حەوزی قەزای خانەقینیش کە ٨١٪ی کورد بوو، کەمبوونەوە بۆ ٢٧٪ واتە بەرێژەی ١٨٪ بۆ هەر دەساڵ جارێك، ئەمە لەحەوزەی شارۆچکەی مەندەلی و قزلربات(سەعدیە) بەهەمان شێوە بوو. بەرووخانی رژێمی لەناوچووی سەدام ساڵی ٢٠٠٣ ی زاینیی، دانیشتووانی ئەم ناوچانە هیوایەکیان بۆ خولقا تا دەرکراوو دوورخراوەکان بگەڕێنەوە بۆ زێدی باپیرانیان و لەو زوڵم و ئاوارەبوون و ئازاردانەی پێشوو قەرەبوو بکرێنەوە،

بەڵام وێڕای ئەوەی هەندێکیان گەڕانەوە سەر ماڵ و زەوی خۆیان کەچی بێ ئومێدی بینەقاقای پێگرتن چونکە تا ئێستاش دەسەڵاتی ناوەندی لەهەوڵدایە بۆ پاکتاوکردنی رەگەزیی کورد .

بەتایبەت لە ناوچەکانی جەلەولا و قەرەتەپە و سەعدیەدا ئەمەش پاڵی ناوە بە زۆربەی کوردە گەڕاوەکانەوە تا بەرەو تاراوگە هەڵبێنەوە و ژیانی سەر لە نوێی غوربەت تاقیبکەنەوە، گرژی گەیشتە رادەی ئەوەی خەریك بوو ساڵی ٢٠٠٨ لە نێوان سوپای عێراق و دانیشتووانی خانەقیندا شەڕ و پێکدادانێکی قورس دروست بێت، ئێستاش بە نزیك بوونەوەی وادەی سەرژمێریکردنی گشتی وڵات دەسەڵاتی عێراقی هەستاوەتە سەرپێ تا سەر لە نوێ و بەڕێگەی تر خێزانە کوردەکانی ناوچەکە وەدەربنێن و تەهجیریان پێبکەنەوە، هانی عارەبە هاوردەکانیش دەدەن نەگەڕێنەوە بۆ سەر ئەوجێیەی پێشوویان کە لێوەی هێنرابوون، تەنانەت ئەوانەشیان کە گەڕاونەتەوە باشووری عێراق هان دەدرێن بێنەوە ناوچەکانی کەلە کوردیان داگیرکردبوون، بەمەش نا ئارامی و ئاڵۆزی و گرژی خوڵقاوە و لەهەر ئان و ساتێکدا بێت تەقینەوەی خراپی لێ چاوەڕوان دەکرێت.

ئەوەی جێی باسە لێرەدا، ئێستا لە نێوان نوێنەرانی هەرێمی کوردستان و نوێنەرانی حکومەتی ناوەندیدا ئەوانەی لەناو ئەنجوومەنی سەرپەشتیاری سەرژمێری دانیشتوواندان وتوێژێکی زۆر هەیە لەسەر بڕگەی (نەتەوە) تا لە خانەیەکی فۆرمی سەرژمێرییەکەدا دابنرێت،..

ئەو بڕگەیە دەسەڵاتدارانی مەرکەزی تۆقاندووە، لەبەر ئەوەی بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا بە راستی قورسایی نفوزی کورد لە عێراقدا دەردەخات، دابەشبوونی جوگرافی و نەتەوەیشیان لەسەر ئاستی پارێزگاکان دەخرێتە ڕوو، هەروەها جڵەوەکە لە دەست دەسەڵاتی مەرکەز لەو ناوچانەدا وەردەگیرێتەوە بەتایبەت لە ناوچە جێناکۆکەکاندا، بەمەش رێگە بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی ١٤٠ خۆش دەبێ و سنووری کارگێڕی هەرێمی کوردستان دەچەسپێت.

لەمەوە بەڕوونی ترسی کەڵەکەبووی دەسەڵاتی فیدراڵی لە بەغدا بەسەریەکدا دادەرووخێ ئەویش بە ماددەی ١٤٠ ی دەستوور، بڕیار وابوو ساڵی ٢٠٠٧ ئەم سەرژمێرییە بکرێت بەڵام دواخرا بۆ ٢٠٠٨ ئینجا ٢٠٠٩ تا گەیشت بە ٢٠١٠ لەوانەشە لە دوا چرکەساتتدا دوای بخەنەوە بۆ کاتێکی نادیاری تر لە پێناوی ئەوەی جێبەجێ کردنی ماددەکە زیاتر دوابکەوێت و لەو ماوەیەشدا پلانەکانە شۆفێنیەکانیان جێبەجێ بکەن، ئەمە دووبارە بوونەوەی مێژووە، چونکە ساڵی ١٩٧٠ بەپێی بەندەکانی رێکەوتننامەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ بە ئامانجی دیاریکردنی حوکمی زاتی بۆ کوردستان بڕیاردرا بوو سەرژمێری لەو ساڵەدا ئەنجام بدرێت، بەڵام هەر بەردەوام بۆ کاتی نادیار دوا دەخرا تا گەیشتە ساڵی ١٩٧٧، رەنگە لەبەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی ئێستاش بێت چاوەڕێی بارودۆخێکی هاوشێوەی ئەو ئەزموونە تاڵە بکەن کە بەسەر کوردیان کردو چەندین ساڵ ئەم سەرژمێرییە بۆ بەرژەوەندی خۆیان دوابخەنەوە.

سەیروسەمەرە لەوەدایە کە مرۆڤ پەند لە مێژوو وەرنەگرێت و بە هەمان هەڵوێستی هەڵەی جارانی خۆی بجووڵێتەوە.

یان بەپێی رووداوە تازەکان و پێدراوەکانیان چاونەخشێنێتەوە بە هەڵوێستەکانیدا.!

ساڵی ١٩٨٧ دوای چەند مانگێ تێپەڕین بەسەر سەرژمێرییەکەی گشتی لە عێراق(عەلی حەسەن مەجید) یان کردە حوکمداری گشتی کوردستان بە ئامانجی دانانی پلان و بەرنامەی داڕێژراو بۆ ڕاگواستنی دێهاتەکانی کوردان و سڕینەوەیان لەسەر نەخشە،لە دوای سەرژمێرییەکە بەیاناتی دابەشبوونی جوگرافی و نەتەوەیی رەسەنی کوردانی ئەم بەشەی لکێنراو بە عێراقەوە بە عەلی حەسەن مەجید گەیشتن، ئەمیش دوای بەکارهێنانی چەکی کۆمەڵکوژو ئامرازەکانی تری قەدەغەکراو لە رووی نێودەوڵەتییەوە و بە هاندانی سەدامی ئامۆزایی و دارودەستەکەی لای خۆیەوە پلانێکی تاوانکاری بەناوی(ئەنفال) لە نێوان مانگی شوبات تا ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٨ز جێبەجێ کرد.

ئەم رابردووە رەشەی ئەنفال و جینۆساید کە گەلی کورد تێیدا زەرەرمەند بوو، کاتی ئەوە هاتەپێشەوە ئەم لاپەڕەیە هەڵدەینەوە و لاپەڕەیەکی سپی بۆ پێوەندی دۆستانەی نێوان عەرەب و کورد بکەینەوە،تا لەنێوان دێرەکانیدا بنووسین ئاوەدانی و بوونیادنانەوە بۆ عێراقێکی پەرلەمانی و فیدراڵی ئارام و سەقامگیری...

لەمەشدا هەرێمی کوردستانی عێراق لە کاروانە مێژووییە نوێیەکەیدا دەست پێشکەر بووە بۆ پاراستنی یەکێتی نیشتمانی و پابەند بووە بە هاوبەشی کردن و تەوافوقییەتەوە، هەروەك چۆن بەردەوام بنکەیەك بوو بۆ هێزە عێراقییە کاراکان کاتێ دەکەوتنە ناو تۆنێلەکانی ناکۆکی و ململانێ،تەنیا کوردستان تروسکایی ناو ئەو تونێلە بووە.

ئەمەش لەو پێشنیازانەدا را دیارە کە فراکسیۆنی کوردستانی پێشکەشی ئەو فراکسیۆنانەی کردەوە کە لە داڕشتنەوەی نەخشەی ڕێگادان بۆ گەیشتن بە خاڵی هاوبەش دوای ئەوەی هەموو رێگاکان بە بنبەست گەیشتوون، راستە لەم پێشنیازانەدا جەخت لەسەر مافەکانی گەلی کورد کراوەتەوە بۆ هاوبەشیکردنی سیاسیانە کە هەمووی دەڕژێنە ناو چوارچێوەی یەکخستنی ریزی نیشتمانی و تێپەڕاندنی گرفتەکانی ئێستا کە گرنگترینیان بریتییە لە :

١- دامەزراندنی حکومەتێکی هاوبەشی نیشتمانی و راگرتنی باڵانسی تەوافوقی نیشتمانی.

٢- دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی ئاسایشی نیشتمانی و ئەکتیڤکردنی رۆڵی ئەنجوومەنی وەزیران..

٣- نوێنەرایەتی کردنی دادوەرانە بۆ عێراقیەکان لە دابەش بوونیان بەسەر دامودەزگا بنەڕەتییەکانی دەوڵەت،بەتایبەت لە ناو هێزە چەکدارەکان و ئاسایش و پۆلیسی ناوخۆو نەوت و وەزارەتە سیادییەکاندا و هەروەها جێبەجێبوونی سەرژمێری دانیشتووان لە داهاتوودا.

فراکسیۆنە کوردستانییەکان، ئەو بنکەیەیە کە بەهۆیەوە چاکسازی نیشتمانی لێوە ئەنجام دەدرێت و رێگە چارە بۆ چارەسەری زۆر لەو گرفتە هەڵواسراوانەی نێوان هەرێم و حکومەتی مەرکەزی دەدۆزێتەوە، ئێمەش لە چاوەڕوانی هاتنەدی ئومێداین.

# ئازادیی ژیانە، ئازادی پێش ئایین



**عەبدولڕەحمان سدیق ***

کامیان لەپێش ئەوی تردایە: ئایین یان ئازادی؟ دیارە لە روانگەی (لا اكراه في الدين)ـەوە ئەوە دەردەکەوێ کە ئازادی لەپێش ئایندایە، چونکە مرۆڤەکان بە ئازادی ئایین هەڵدەبژێرن و بە ئازادیش سروتەکانی ئاین و پێداویستییەکانی ئایین جێبەجێ دەکەن.

بەڵام دیارە لە هەموو سەردەمێکدا خەڵکانی هەناسەسوار و کەم ئارام و کەم شارەزایی، توانای ئەوەیان نییە بە بۆچوونەکانیان بەرامبەر قەناعەت پێبێنن، بۆیە دێن بە زەبری هێز و توندڕەوی بیرو کاریان بەسەر خەڵکدا فەرز دەکەن.

نموونەی ئەوانەی بە خۆیان دەڵێن عەلمانی و، بە هێزی سوپا عەلمانیەت دەپارێزن و، هەموو عەلمانیەتیش لە لادانی سەرپۆشی سەری ئافرەتێکدا چڕ دەکەنەوە و دەرگاکانی دەوڵەت لە رووی سەرپۆش بەسەرێکدا دادەخەن، لە کاتێکدا وڵاتانی لانکەی عەلمانیەت کاری لەو جۆرە ناکەن.

عەلمانیەتێك بە سوپا فەرز بکرێت، بە دڵنیاییەوە لەلایەن گەلەوە رەفز دەکرێت و، ئیدی هێز و سوپەر پاوەری پۆلایین ناتوانێت قەناعەتی مرۆڤەکان بگۆڕێت، بەڵکو ئەوە سۆفت پاوەری فیکر و بیرە، کە دەتوانێت قەناعەت دروست بکات لەسایەی ئازادی و رێزگرتنی مرۆڤدا.

لە بەرامبەریشدا ئەوانەی خۆیان بە ئیسلامیی راست و موسڵمانی تەواو دەزانن و دێن هەموو ئیسلام لە ئەرکە رووکەشەکاندا چڕ دەکەنەوە و، بە زۆربوونی ژمارەی سەرپۆشی ئافرەتان و ریشی پیاوان ئیسلامیبوونی کۆمەڵگە دەپێون، لەنێو بازاڕەکاندا پۆلیسی (ئیسلامی) و پیاوانی ئەمر و نەهی بڵاوە پێدەکەن بۆ بەزۆر سەرپۆشکردنە سەر ئافرەتان، وەك بڵێی کێشەی ژمارەیەکی ئافرەت و کۆمەڵگە سەرپۆش بێت، ئەمانەش وا دەزانن سروتە ئایینی و ئەرکە ئاینییەکان بە زۆر فەرز دەکرێت، بێئاگا لەوەی لەگەڵ نەمانی ئەم فشارانەدا هەوڵەکانی ئەوانیش دێنەوە سەر سفر.

پۆلیسەکانی تاڵیبان و میلیشیاکانی عێراق و زۆر شوێنی دی بە زۆر نوێژیان بە خەڵك کرد و بە زۆر قژی کوڕیان کورت کردەوە و عەبا و پەچەیان خستە سەر ئافرەتان، بەڵام دواجار هەر ئەوە مایەوە کە مرۆڤەکان بە قەناعەت و بە ئازادیی خۆیان بڕوایان پێ هێنابوو.

ئەوەی بەخۆی دەڵێت ئیسلامی یان عەلمانی، دەبێت بیرۆکەکانی بخاتە روو بە باشترین شێواز، ئیدی دواتر مرۆڤەکان ئازادن لەوەی وەریدەگرن یان رەتی دەکەنەوە.

ئازادی مافێکی سەرەکی و خواپێدراوی گشت مرۆڤەکانە، لەگەڵ مرۆڤدا لەدایك دەبێت و لەگەڵیدا دەژی، بە ئازادی و لە ئازادیدا مرۆڤ جوانتر تێدەگات و بڕیار دەدات، بەڵام لەژێر چەپۆکی قورسی هێز و زەبر و زەنگ و سوپا و پۆلیسدا مرۆڤەکان دەمرن و دەسەڵاتیش دەڕووخێ و، وڵاتیش وێران دەبێت.

ئەم راستییەش وەك بەڵگەنەویستێکی ئاشکرا لەقورئاندا ئاماژەی بۆکراوە، چونکە پەرستن و عیبادەت ئەوپەڕی گوێڕایەڵیە بۆ خوا، بە ئەوپەڕی خۆشویستنی خوا، بۆیە (لا اكراه في الدين) فێرمان دەکات کە باوەڕهێنان بەخوا لە سایەی ئازادبوون و خۆشەویستیدا دادەمەزرێت و گەشە دەکات.

لەبەر ئەم راستییە قورئان رووبەرێکی زۆری تەرخانکردووە بۆ لێدوان لەسەر ئازادیی و مرۆڤی ئازاد و، ئازادکردنی گەردنی مرۆڤەکان لە کۆیلە بوون بە چەندین رێگەی جیاجیا، بۆ نموونە:

یەکەم: « وَمَنْ قَتَلَ مُؤْمِنًا خَطَأً فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مُؤْمِنَةٍ..» کوشتنی بەهەڵەی مرۆڤێك لەدەستدانی گیانی مرۆڤە، کەسیش ناتوانێت ژیان بەبەر مردوودا بکاتەوە، بەڵام لەبری ژیان و گیان خوای گەورە بە ئازادکردنی کۆیلەیەك لە بەندایەتی، لە مرۆڤ بکوژی بەهەڵە خۆش دەبێت وەك بڵێی لەم ئایەتەدا ئازادیی مرۆڤێك یەکسانە بە ژیانکردنەوە بەبەری مردوویەکدا.

دووەم: « لاَ يُؤَاخِذُكُمْ اللّهُ بِاللَّغْوِ فِي أَيْمَانِكُمْ .... أَوْ تَحْرِيرُ رَقَبَةٍ « (المائده/٨٩) لە حاڵەتی سوێندخواردن و پاشان نەبردنەسەری سوێندەکە و جێبەجێ نەکردنیدا دیسان یەکێك لە رێگەکانی لێخۆشبوون لە مرۆڤ لە لایەن خواوە بریتییە لە ئازادکردنی مرۆڤێکی کۆیلە.

سێیەم: یەکێك لەو هەشت بوارەی کە پارەی زەکاتی بۆ سەرف دەکرێت بریتییە لە (وفي الرقاب) واتە ئازادکردنی گەردنی کۆیلەکان لە بەندایەتی و کۆیلە بوون.

چوارەم: لە حاڵەتی کێشەی خێزانیشدا، خوای گەورە لە هەڵەی ئەو پیاوانە خۆش دەبێت کە زاراوەی (ظهار) بە دەمیاندا دێت لە بەرامبەر خێزانەکانیاندا، بە «فَتَحْرِيرُ رَقَبَةٍ مِنْ قَبْلِ أَنْ يَتَمَاسَّا)» واتە بە ئازادکردنی کۆیلەیەك.

پێنجەم: لە حاڵەتی رۆژوو شکاندنی بە ئەنقەستیشدا خوای گەورە لە مرۆڤی هەڵەکار خۆش دەبێت، لە بەرامبەر ئازادکردنی کۆیلەیەکدا.

دیمانەی تایبەت
گوڵان
ژمارە (٧٩٥)
٢٠١٠/٨/٢٣

شەشەم: خوای گەورە لە قورئاندا ئازادکردنی کۆیلەی بە یەکێك لە کارە گرنگ و قورسەکان ناساندووە و، کردوویەتی بە پێوەر بۆ موسڵمانی راستەقینە، کە ئەوانن دەتوانن ئەو رێگە سەختە ببڕن و کۆیلەکان ئازاد بکەن: «فَلاَ اقْتَحَمَ الْعَقَبَةَ* وَمَا أَدْرَاكَ مَا الْعَقَبَةُ* فَكُّ رَقَبَةٍ..».

لە هەموو ئەمانەی پێشەوە و لە زۆر ئایەتی دیکەی قورئاندا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە یەکێك لە رێگەکانی چارەسەرکردنی هەڵەکانی موسڵمان و، یەکێك لە رێگەکانی لێخۆشبوونی خوا لە هەڵەی مرۆڤەکان بریتییە لە ئازادکردنی گەردنی کۆیلەکان لە بەندایەتی و، گێڕانەوەی ئازادیی بۆ مرۆڤەکان، هەر لەم رێگەیە و چەندین رێگەی ترەوە، رۆژانە سەدان مرۆڤ ئازاد دەکران و، تا گەیشتە ئەو رۆژەی دیاردەی کۆیلایەتی مرۆڤەکان کۆتایی پێ بهێنرێت، چونکە لە قورئاندا ئاماژەکان دەڵێن:

ئیمانی راستەقینە لە سایەی ئازادیی و لە ئامێزی رۆشناییدا دادەمەزرێت و، ژیانی راستەقینەش لە سێبەری ئازادیدا گەشە دەکات.

ئازادیی ئایین وەك هەر جۆرێکی دی لە ئازادییەکان مافێکی رەوای هەموو تاك و کۆمەڵێکە، لێرەوە جێگەی خۆیەتی، کۆمەڵگە و دەوڵەت پێکەوە لە خەمی دەستەبەرکردنی ئەم مافە گرنگەی مرۆڤەکان بن، لە پێناوی رێکخستنی پەیوەندی ئاشتیانەی نێوان تاك و گروپەکانی نێو کۆمەڵگە.

ئازادی بەگشتی و، ئازادیی ئایینی بەتایبەتی یەکێکە لەو پێوەرانەی کە ئازایەتی هەر دەسەڵاتێك دەخاتەڕوو لە بواری ئازادییە گشتییەکاندا، چونکە ئەو دەسەڵاتە ئازایە کە ئازادیی لە کەس زەوت ناکات.

لەڕووی دەرەوەشدا یەکێك لە پێوەرە بنەڕەتییەکانی کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیی بۆ بەچاك ناسینی هەر حکومەت و دەسەڵاتێك مەسەلەی ئازادیی و ئازادیی ئایینیە.

بۆیە پێویستە کۆمەڵگە و دەسەڵات خۆیان بەدوور بگرن لەو هەنگاوانەی کە دژ دەوەستنەوە لەگەڵ ئازادیی بەگشتیی و، ئازادیی ئایینیی بەتایبەتی وەك بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن لە لایەن دەسەڵاتەوە دژ بە کۆمەڵە ئایینی ئاشتیخواز و، بێ زیانەکان، بەجۆرێك لە ترساندا خەڵك نەوێرێت بەئاشکرا بچێتە پەرستگاکانەوە. یان توندوتیژیی دژی کەمینەکان و، ناسنامەی ئایینی و، نەتەوەییان.

یان توندوتیژی کۆمەڵگە دژ بە کۆمەڵە ئایینیەکان و، دەستەوەستان و، بێباکی دەسەڵاتیش لەم بارەیەوە.

یان دارشتنی یاسا و، پەیڕەوکردنی سیاسەتی هەڵاواردنی ئایینی بۆ زاڵکردنی زۆرینە لەسەر کەمینە.

یان پۆلێنکردنی گروپێکی ئایینی لە خانەی تایەفەیەکی ترسناك یان ئایینێکی ترسناك.

هەموو ئەم بایەخ پێدانەی ئیسلامیش بە ئازادیی و ئازادیی ئاینیی بۆئەوەیە کە تاك و کۆمەڵگە بەئازادانە گوزارشت لە راوبۆچوونی خۆیان بکەن و لەژێرفشار و بەکارهێنانی هێزی باسکدا قەناعەتی خۆیان نەگۆڕن، وەك ئەوەی تاڵیبان و قاعیدە و میلیشیا بەناو ئاینییەکان بەزۆر دەیانەوێت قەناعەتی خەڵك بگۆڕن.

جا لەوانەیە ئەوەی (باسك) بەکاردەهێنی و سیاسەتی باسك پەیڕەو دەکات، باوکێك بێت لە ماڵێکدا، یان بەڕێوەبەری قوتابخانەیەك بێت، یان بەرپرسێکی فەرمانگەیەك بێت، یان سیاسییەك بێت...هتد پەنا بردنەبەر سیاسەتی باسك و، پەنابردنە بەر سیاسەتی سەپاندن لە جیاتی سیاسەتی بۆ سەلماندن، کاریگەریی زۆر خراپی لێکەوتۆتەوە بەدرێژایی مێژوو، کە دەکرێت لێرەدا ئاماژە بە یەکێك یان دووان لەو ئاسەوارە خراپانەی ئەم سیاسەتە و پەیڕەوکردنی بدەین:

ئەوانەی کە (سیاسەتی باسك) و زەبروزەنگیان لەسەر پیادە دەکرێت لە دواجاردا دەبن بە دوو بەش و دوو جۆرەوە:

یەکەم: ئەوانەن کە تینووی ئازادیین و حەز لە بوونی سیاسەتی کرانەوە و شەفافیەت و دیموکراسیی دەکەن، کە ئەمانەش بەرگەی ئەم زەبروزەنگ و هێزی باسکە ناگرن و، کەسانێکن خاوەنی لای کەمی هزر و رۆشنبیریی سیاسی و کۆمەڵایەتین و، ناتوانن لەژێر پیادەکردنی سیاسەتی بەکارهێنانی باسکدا ژیان بەسەربەرن و، سەرئەنجام ئەمانە ئاسك ئاسا هەڵدێن و، وڵات بەجێدەهێڵن و، لە هەندەران و لە سایەی ئازادیی سیاسیی و فیکریدا، هەندەران دەکەنە پێگەی هێرشکردنە سەر سیاسەتمەداران خاوەن بۆچوونی باسك و، ئەو قسانەی کە دەبووایە لە ناوخۆدا ناسکتر بیکەن، ئەوان لە هەندەرانەوە بە دەنگی بەرز و توونددەوە دەیڵێن و دەینووسن.

دووەم: ئەوانەش کە جۆری دووەمن و لەبەر هۆی ئابووری و کۆمەڵایەتی ناتوانن وەك ئاسك بۆی دەرچن و بڕۆن، ئەمان لە ناچاریدا دادەنیشن و بۆ ئەوەش لە شەڕی سیاسەتی بەکارهێانی باسکدا بێ زیان و سەلامەت بن، دێن (ماسك) دەپۆشن، ماسکێك لە رەنگ و شێوەی خاوەن باسکەکان.

ئەمانە وا پیشاندەدەن کە دڵسۆزی سیاسەتی خاوەن باسکەکانن و، هەرچی ئەوان بیڵێن و بیکەن، ئەمانیش وەك خۆی هەمان شت دەڵێن و دەکەن، بەڵام لە ناخی خۆیاندا قەناعەتیان بەم کارە نییە و، بۆیە ئەوەی بەرۆژ دەیڵێن، بەشەو شتی دی دەڵێن، ئەوەی لە تەنهاییدا دەیڵێن جیاوازە لەوەی لە قەرەباڵغیدا دەیڵێن، ئەوەی لە شوێنی کاردا دەیڵێن، لە ماڵەوە پێچەوانەکەی دەڵێن!!

لە وڵاتانی ئازاد و ئازادیخوازدا، مرۆڤەکان وەکو ئاسك هەڵنایەن بۆ وڵاتانی دی و، لە ناوخۆی وڵاتی خۆشیاندا ماسك ناپۆشن لە ترسا، چونکە ئازادیی سیاسی و فیکریی رێگەی وتنی رای راستەقینەی لێ نەگرتوون، بۆیە لەو شوێنانەدا مرۆڤی ئازاد و ئازاد دێنەئارا.

بەڵام لە وڵاتانی ناوچەکەی خۆمان و لە سایەی سیاسەتی (باسك) و دەمبەستکردنی مرۆڤەکاندا، هەندێك وەك (ئاسك) هەڵدێن و، هەندێکیش دووڕوو دەژین و هەتا مردن (ماسك)ی رازیکردنی بەرامبەر دەپۆشن!!

**ئەوانەی خۆیان بە ئیسلامیی راست و موسڵمانی تەواو دەزانن و دێن هەموو ئیسلام لە ئەرکە رووکەشەکاندا چڕ دەکەنەوە و، بە زۆربوونی ژمارەی سەرپۆشی ئافرەتان و ریشی پیاوان ئیسلامیبوونی کۆمەڵگە دەپێون**

**ئەوەی بەخۆی دەڵێت ئیسلامی یان عەلمانی، دەبێت بیرۆکەکانی بخاتە روو بە باشترین شێواز، ئیدی دواتر مرۆڤەکان ئازادن لەوەی وەریدەگرن یان رەتی دەکەنەوە**

**لە حاڵەتی سوێندخواردن و پاشان نەبردنەسەری سوێندەکە و جێبەجێ نەکردنیدا دیسان یەکێک لە رێگەکانی لێخۆشبوون لە مرۆڤ لەلایەن خواوە بریتییە لە ئازادکردنی مرۆڤێکی کۆیلە**